ئەگەر راستی نەڵێین با غەیرە حەقیقەتیش نەڵێین..

# عەزیز محەممەد

## سیاسەتڤانێکی جیاواز

سیروان رەحیم

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Centre

# عەزیز محەممەد

# سیاسەتڤانێکی جیاواز

سیروان رەحیم

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
2020

عەزیز محەمەد

# سیاسەتڤانێکی جیاواز

سیروان رەحیم

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
2020

■ چاپی یەکەم
2720 ـی کوردی - 2020 ـی زایینی
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان
چاپی یەکەم : حوزەیرانی 2020

■ هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان (        )ی بۆ تەرخانکراوە
چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر

www.rudawrc.net

# نێوەڕۆک


| | |
|---|---|
| عەزیز محەممەد لە چەمچەماڵ | 9 |
| هەڤپەیڤین لەگەڵ عەزیز محەممەد | 19 |
| دایکێکی هەژار و ئاوارە | 21 |
| یەکەمین پەیوەندی کورد و حیزبی شیوعی | 29 |
| سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق (1964-1993) | 42 |
| کۆمۆنیست و کێشەی کورد | 47 |
| حیزبی شیوعی و بەعس | 60 |
| بینینی سەدام | 68 |
| جیاوازی هەڵوێستی بارزانی و مەکتەبی سیاسی بەرامبەر حیزبی شیوعی | 73 |
| براکوژی | 79 |
| پەنابەری سوێد | 90 |
| ژیانێکی نائاسایی خێزانی | 95 |
| دووڕوویی لەبارەی ژنەوە | 103 |
| هەڤپەیڤین لەگەڵ کافیە رەشید | 113 |

## عەزیز محەممەد لە چەمچەماڵ

یەکـەم دیدەنـی، یەکـەم هەڵسـوکەت و یەکـەم بینیـن سـەرچاوەی زۆر شـتی گرنگـن. گرنگـن و لـە پەیوەندیـی دواتـر و بەردەوامـدا رۆڵـی کاریگەریـان هـەس. بەهـاری سـاڵی 1992 بـۆ یەکەمجـار عەزیـز محەممـەدم لـە چەمچەمـاڵ بینـی. ئـەو رۆژانـە، رۆژگارێـك بـوون پـڕ لـە ئەندێشـە، چاوەڕوانـی و تژەبـوون لـە هیـوا، لـە چاوەڕوانـی روون بـۆ داهاتوویەکـی گـەش. رۆژگاری پـاش راپەڕیـن و پێـش یەکـەم هەڵبژاردنـی ئازادانـە لـە نیشـتمان، هەڵبـژاردن بـۆ یەکـەم پەرلەمانـی کوردسـتان. رۆژانێـك ئـاوس بـە ئـازادی، خاڵـی وەرچەرخـان بـۆ لەدایکبـوون و دەسـپێکێکی نوێـی پـاش ئاوابوونـی دەسـەڵاتدارێتی بەعـس. سـاڵانێك بـوو ئێمـە، کۆمەڵێـك هـاوڕێ و هاوبیـر، ناوەندێکـی چالاکـی ئەدەبـی و هونەریـمان هەبـوو، نـاوی ناوەندەکەمـان لـەو رۆژانـەی پێـش و پاش راپەڕینـدا (کۆمەڵـەی هونەرجوانەکانـی کـورد) بـوو. کۆمەڵێکـی وێژەیـی و هونـەری کـە کاریگەریـی خـۆی بەسـەر هەمـوو ئـەو کەسانەوە هەبـوو و هەیـە لـە شـارەکە و دەوروبـەری لـەو رۆژگارە و پاشـتردا دەسـت بـە نووسـین دەکـەن یـان چوونە-دەچنـە نێـو کاری هونـەر و میدیـاوە.

لـە کەشـی بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا نوێنـەری سـەرجەم هێـزە سیاسـییەکان، کادران،

سـەرکردە و سیاسـەتڤانەکان چـۆن سـەردانی ناوەندەکانـی دیکەیـان دەکـرد و سـەریان لەکەسـانی دیکـە دەدا، بەهەمـان جـۆر سـەردانی ئێمەیشـیان دەکـرد لـە کۆمەڵەکەمـان، راسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ لـە بابەتـی هەڵبژاردنـدا داوای دەنـگ و هاوکارییـان لـە ئێمـەش دەکـرد. هەمـوو ئـەو سیاسـەتڤانانەی لـەو رۆژگارەدا بینیمانـن، بەشـێوەیەکی ئاسـایی دەهاتـن، بەشـێوازێکی زۆر ئاسـایی و بـاو قسـەیان دەکـرد و دەگەڕانـەوە. تاکـە کەسـێك جیـاواز لەوانیـتر هـات، قسـەی کـرد و ماڵئاوایـی لێکردیـن عەزیـز محەممـەد بـوو. ئـەو رۆژەی ئـەو هـات، کەسـانێکی زۆری لەگـەڵ بـوون و بـەرەو کۆمەڵـەی هونەرە جوانـەکان هەنگاویـان دەنـا. ئێمـە پێشـتر لـە کۆمـەڵ دانیشـتبووین، چاوەڕوانـی ئـەو هاتنـە نەبوویـن، کاتێـك بـە ئێمەیـان گـوت، چووینـە بەردەرکـە تاکـو پێشـوازی لێبکەیـن. دروسـت رۆژی دووی مانگـی ئایـاری 1992 لەگـەڵ هاوڕێیەکانمـدا لەبـەر دەرگای کۆمـەڵ لـە پێشـوازیاندا بوویـن. پـاش بەخێرهاتـن و تەوقەکـردن، شـتێك کـە پێشـتر لەوانیترمـان نەدیبـوو، ئێمـەی دڵخـۆش کـرد و پاشـانیش سـەبارەت بـە هەڵسـوکەوتی جیـاواز لـە کـن سیاسـەتڤانان، ئـەو کردەیـە بـووە مایـەی رامـان لـە لامـان. عەزیـز محەممـەد خـۆی، وەکـو ئـەوەی هێزێکـی کاریگـەری لـە جەسـتەدا بەرجەسـتە کردبێـت، چـۆن مرۆڤێـك هـەردوو دەسـتی دەکات بـە رێگـر لەبـەردەم شـتێکی نەخـوازراودا، بەوجـۆرە رێگـەی لـە پارێزڤانەکانـی گـرت کـە ئەرکیـان پاراسـتنی ئـەو بـوو. لەبـەر دەرگا رایگرتـن و بەدەنگێکـی روون بـە پارێزڤانەکانـی خـۆی گـوت:

ئێـرە جێگـەی ئـەدەب و هونـەرە، ئێـرە ماڵـی قەڵـەم و کەمانچەیـە، ئێـرە شـوێنی چـەك نییـە و دەبێـت ئێـوە نەیێنـە ژوورێ.

مـن پێمگـوت، لەبـەر تەناهـی و پاراسـتنی خۆتـان، تکایـە بـا بێنـە ژوورێ، ئـەو گوتـی، نەخێـر نابێـت بێـن.

یەکـەم دیدەنـی و یەکـەم هەڵسـوکەوتی ئـەو پیـاوە بـۆ ئێمـە بـووە یادگارییەکـی جیـاواز و لەبیرنەکـراو. چـۆن لـە هەڵسـوکەوت و دانوسـتاندندا ئـەو لـەو رۆژگارەدا لـە هەمـوو ئەوانیدیکـە جیـاواز بـوو، پاشـان و بەتایبەتـی لـە کاتـی ئەنجامدانـی ئـەم هەڤپەیڤینـەی

بەردەستی ئێوەدا، بۆم دەرکەوت لە گێڕانەوە و لە دەربڕینی راستییەکانیشدا (ئەگەر هەموویشی نەگوتبێت) جیاوازە، هەر نەبێت شتێك لە جیاوازی تێدایە. لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی تایبەتی و خێزانیدا ئەو جیاوازییە روونتر دەردەکەوێت، کاتێك بێ سڵەمینەوە ئاماژە بە زۆر راستیی تاڵ و یادگاریی بەسوێ سەبارەت بە ژیانی خۆی و دایکی دەکات.

## بەرەو فاڵشۆپینگ

پاییزی ساڵی دووهەزار، پاش هەوڵدانی زۆر و خەمخۆرانەی هێژایان مەهاباد قەرەداخی و فەهمی کاکەیی، هاوڕێ عەزیز محەممەد پێشنیاز و داوای ئێمەی بۆ هەڤپەیڤین پەسەند کرد. ئەو دەمە عەزیز محەممەد وەکو پەنابەر لە شاری فاڵشۆپینگ-ی وڵاتی سوێد دەژیا. وەکو خۆی لە هەڤپەیڤینەکەماندا دەڵێت: سوێد مافی پەنابەری سیاسییان پێنەدابوو. لە ئێوارەیەکی باراناویدا، لە ئێوارەیەکی تاریك و بە تەمومژدا، ئێوارەیەکی ساردی دواڕۆژەکانی پاییز، لەشاری کۆڵن-ی ئەڵمانیاوە گەیشتینە فڕگەی یۆتۆبۆری، لەوێوە بە شەمەندەفەر بەرەو شاری فاڵشۆپینگ وەڕێکەوتین. ئێوارەیەکی درەنگ لە ماڵی مەهاباد قەرەداخی و شەهید مستەفا گەرمیانی، جارێکی دیکە عەزیز محەممەدمان بینییەوە. رۆژی دواتریش لە ماڵە سادە و دڵگیرەکەی کافیە خان و عەزیز محەممەد دەستمان کرد بە هەڤپەیڤینەکەمان بە دوو مەرج:

- سەرباری دۆخی ناجۆری تەندروستی، ئەو کاتێکی زۆر بە ئێمە بدات و دیدارێکی درێژ ساز بکەین.
- ئێمەش بڕیارەکەی ئەومان پەسەند کرد کە ئەم دیدارە تاکو خۆی لە ژیاندا بێت بڵاونەکرێتەوە.

من پێمگوت، خۆتان دەزانن مردن تاکە شتە ناتوانرێت پلانی پێشوەختەمان لەگەڵیدا هەبێت، ئەی ئەگەر ئێمە بەر لە ئێوە ئۆغرمان کرد، بۆیە من دیدارەکە

دەدەمە چەند هاوڕێیەكی نزیك و جێی متمانە، تاكو كارەكەمان نەفەوتێت، ئەو پێدەكەنی و دەیگوت قسەی خۆش هەر خۆشە، بەڵام بەڕاستی ئیتر من تەمەنێكم بەسەربردووە و بەتەمەنیش لە ئێوە زۆر گەورەترم. من نازانم و نەمزانی بۆچی عەزیز محەممەد ئەوەندە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت هەڤپەیڤینەكەمان پاش مردنی بڵاوبكرێتەوە. سەرباری گرنگیی هەڤپەیڤینەكە، سەرەڕای قسە و لێدوانەكانی، سەرباری ئەوەی ئەو هەندێ زانیاریی گرنگی لە هەڤپەیڤینەكەدا خستۆتەڕوو، بەڵام لەم دیدارەدا شتێكی وەها نییە ئەو دەم و ئێستایش بۆ بڵاوكردنەوە نەشێت یان بڤە بێت. ڕەنگبێ ئەو بڕیارە پەیوەندی بە كولتووری نهێنی پاراستن و هەستیاریی كۆمۆنیستەكانەوە هەبێت. هەستیاریی لە دەربڕین و دركاندنی شتەكاندا، جا ئیتر شتی بچووك بێت یان گەورە. كۆمۆنیستەكان ناسراون بێ راوێژ، بێ كۆبوونەوە هیچ شتێك نادركێنن. جا ئێستا كەسێكی وەك عەزیز محەممەد، بێ پرس و راوێژ هەڤپەیڤینێكی وەها درێژ ساز بكات، ڕەنگبێت بۆ ئەوان شتێكی نامۆ یان پەسەندكراو نەبێت. راستەوخۆ پاش راپەرین، جارێك لە سلێمانی لە هۆڵی هونەرمەندان، بۆنەیەكی حیزبی شیوعی هەبوو، لەگەڵ چەند هاوڕێیەك بانگهێشت كرابووین و لەوێ ئامادەبووین، لەسەر شانۆكە دار سنەوبەرێكی دەستكرد بەرچاوی ئێمە و كامێراكانی گرتبوو. بەڕێوەبەری بەرنامەكەمان دەناسی و پرسیمان بە ئەرك نەبێت ئەو دارە لادەبەن؟ بە پێكەنینەوە گوتی: دەبێ حیزب كۆبوونەوەی لەسەر بكات و لەو كۆبوونەوەیەدا بڕیار لەسەر لادانی ئەو دارە بدرێت. ئەمەم بۆ هاوڕێ عەزیز محەممەد گێڕایەوە، دیارە پاش رێككەوتنمان سەبارەت بە بڵاونەكردنەوەی هەڤپەیڤینەكە، زۆر پێكەنی. یادی بەخێر.

بەڵێ، پاش هەوڵدانێكی زۆر، پاش رژدبوون و پاش مشوورخواردنی ئەو دوو هێژایەی دووبارە ناویان دەهێنمەوە و لە دڵەوە سوپاسیان دەكەم، هێژایان فەهمی كاكەیی و مەهاباد قەرەداخی، بواری هەڤپەیڤین دەستەبەر بوو. ئەوان تەنانەت جارێك منیان لەو مەترسییە ئاگادار كردەوە كە ئەگەر پەلە نەكەم هاوڕێ عەزیز دەچێتەوە وڵات و ڕەنگبێ ئیتر دەستمان لێیگیرنەبێت. پاشان منیش كەوتمە خۆ و چووینە شاری فالْشۆپینگ، لەوێ ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵ هاوڕێ عەزیز و كافیە

رەشـید، خاتوونـی هێـژا و هاوژینیـدا سـازکرد. هـەر لـە مـژاری سوپاسـدا دەبێـت لـە دڵـەوە سوپاسـی هێـژا د. جەبـار قـادر بکـەم. لـە کاتـی خۆسـازدان بـۆ ئـەم هەڤپەیڤینـە راوێـژم بـە پێکـردووە و هاوکاتیـش لـە ئامادەکردنـی پرسـیاردا هاوکاریـی کـردووم.

## تۆ یان بەڕێزتان- جەنابتان

بـەر لـە قسـەمان بـۆ کامێـرا، پێـش دەسـتپێك و تۆمارکـردن، لـە هـاوڕێ عەزیـز محەممـەدم پرسـی، ئەگـەر لـە کاتـی قسـە و پرسـیاردا لـە بیـرم کـرد بـە جەنابتـان یـان بەڕێزتـان بانگتـان بکـەم، هیـوادارم بەهەڵـە وەرینەگـرن و دڵگـران نەبـن. ئـەو گوتـی، سـیروان گیـان بـاوەڕ بکـە حـەز دەکـەم تەنیـا بـە تـۆ قسـەم لەگـەڵ بکەیـت و نـاوم بێنیـت، بەڕاسـتی مـن ئـەو شـتە رووکەشـانەم لا گرنـگ نییـە. راستییەکەیشـی کاتێـك ئـەوەی دەگـوت هەسـتم دەکـرد بۆچوونەکـەی لـە دڵەوەیـە و کێشـەی نییـە لەگـەڵ -تـۆ یـان ئێـوە و جەنابتـان-، کێشـەی نییـە جـۆری بانگکـردن و قسـەکردن یـان بانگکردنەکـە بـە تـاك بێـت یـان بـە کـۆ.

لێـرەوە دێمـە سـەرباس و بابەتـی فەقێیەتـی عەزیـز محەممـەد. مـرۆڤ لـە یەکـەم بیسـتندا بەرگوێـی بکەوێـت عەزیـز محەممـەد فەقـێ بـووە، تووشـی جۆرێـك لـە باوەڕنەکـردن یـان لـە راچەڵـەکان نابێـت؟. پرسـیم مامۆسـتا بەڕاسـتی تـۆ فەقـێ بوویت؟ ئایـا لـە دیدارەکـەدا باسـی ئەوەیـش بکەیـن؟ گوتـی بەڵـێ فەقـێ بوومـە و باسیشـی دەکەیـن. بەداخـەوە مـن درەنگتر ئـەم زانیارییـەم دەسـتکەوت و لـەو دەمـەدا نـە مـن ئـاگادار بـووم و نـە ئەویـش ئامـاژەی پێکـرد. زانیارییەکـە ئەمەیـە:

یەکەمجـار عەزیـز محەممـەد لـە کـن مـەلای گونـدی بێرکـۆت دەبێتـە فەقـێ. یەکـەم تیشـکەکانی نووسـین و ناسـینی پیتـەکان لـەو مەلایـەوە دەروون و بیـری عەزیـز محەممـەد روونـاك دەکەنـەوە. مـەلا شـێخ محەممـەد بێرکۆتـی. مـەلا شـێخ محەممـەد باوکـی شـاعیری نێـوداری کـورد، عەبدوڵـڵا پەشـێو بـووە. رەگـی پەیوەندیـی پتـەو و هاوڕێیەتـی درێـژی عەزیـز محەممـەد و پەشـێوی شـاعیر بـۆ ئـەو رابـردووە دەگەڕێتەوە.

## دەنگێکی دڵخواز لە باکوورەوە

ئـەوەی لەگەڵـی دادەنیشـم و دەیدوێنـم، ئـەو کەسـەی ئەزموونێکـی هەیـە و دەمەوێـت پرسـیاری لێبکـەم، بـەردەوام حەزدەکـەم بزانـم دایـك و بابـی خەڵکـی کوێـی کوردسـتانن. دایـك و بـاب سـەرچاوەن، چاوگـی زمـان و بزاڤـی مرۆڤن. ئەمـە رەگە و پەیوەنـدی پتەوی بـە هەڵسـوکەوتی مرۆڤـەوە هـەس. تاکـو وەڵامـی ئـەو پرسـیارەی نەدامـەوە، نەمدەزانـی بۆچـی عەزیـز محەممـەد ئەوەنـدە وشـەی کرمانجیـی سـەروو بەکاردێنێـت، یـان بـۆچ بـەو جـۆرە حـەز لـە دەنگـی ئایشەشـان و محەممـەد عارفـی جزیـری دەکات، بەتایبەتـی دەنگـی ئایشەشـان، ئەگـەر یەکـەم دەنگیـش نەبووبێـت لـە لای، لـە یەکەمـەکان و لـەو نەوایانـە بـوو کاتێـك قسـەی لـە بـارەوە دەکـرد، مـرۆڤ بـۆی دەردەکـەوت دەنگـی شـان ئاوێتـەی دەروون و ئاوێزانـی خولیـای بـووە. لـە یەکێـك لـەو رۆژانـەی لـە فاڵشـۆپینگ بوویـن، نیوەڕۆیـەك لەسـەر بەرزاییەکـی نێـو شـارەکە و لەبـن خۆرەتاوێکی گـەش پێکەوە دانیشـتبووین، بـە خۆشەویسـتییەکی گـەورەوە باسـی لـە دەنـگ و لـە نـەوای ئایشەشـان دەکـرد. ئـەو باسـی لـەو ژنـە دەکـرد و منیـش لە دڵـی خۆمـدا دەمگـوت: ئایشەشـان تەنیا بـە دەنگەکـەی ئـەو رووبـەرەی لـە دڵـی ئـەم مرۆڤـەدا داگیرنەکـردووە، وای بۆدەچـووم، بەڵکـو شـتێکی یـان بەشـێکی زۆریشـی دەگەڕایـەوە بـۆ خۆشەویسـتیی دایکـی. ئاخـر وەکـو خـۆی دەیگـوت ئـەم کـوڕی دایکـی بـووە. رەنگبـێ لـە ئاسـۆی دەنگـی شـاندا ئـەم ئازارەکانـی دایکـی زەلالـتر بینیبێـت. لـە باسـکردنی دایکیـدا هەسـتم دەکـرد هێشـتا ئـەو شـتانەی دەیانڵێـت کەمـترن لەوانـەی دەیەوێـت یـان بەپێویسـتی دەزانێـت سـەبارەت بـەو ژنـە، بـەو مرۆڤـە و بـەو دایکـە بیاندرکێنێـت. دەنگـی ئایشەشـان، دەنگـی دڵخـواز و خۆشەویسـتی وی بـوو، کاتێـك باسـی دەنـگ و هونەرەکـەی ئایشەشانیشـی دەکـرد، سـێبەر یـان وێنـەی دایکـی بەسـەر وشـە و دەربڕینەکانییـەوە ئامادەبـوو، دایکێـك مینـای فریشـتە هۆگـر و هاوڕێـی بـووە. بەدڵنیایـی هـەر ئـەو دایکـە، هەروەهـا برکوژانـی ژیانـی ئـەو دایکـە یەکێـك لـە هۆکارگەلـی گرنگبـووە تاکـو وێنەیەکـی روون لـە هـزر و رامانـی عەزیـز محەممـەددا سـەبارەت بـە ژن، بەمافـی ژن بدرەوشـێتەوە. جێـی ئاماژەیـە دایکـی عەزیـز محەممـەد نـاوی سۆسـن حەمـەد بـووە.

## راشکاوی لە دەربڕیندا

لـە باسـکردنی دایـك و باوكـدا، لـە قسـەکردن سـەبارەت بـە بنەچـە، بنەماڵـە و کەسـانی نزیکـدا، لـە گێڕانـەوەی گەشـتی ژیـان و یادگارییـدا، بوێـری و راشـکاوی ئاسـان نییـە، بەتایبەتـی لـە رۆژهـەڵات کاری کـەم کەسـە. سـەرچڵییە، کارێکـە فـرە دەگمـەن و کـەم کـەس هـەن سـەرچڵی وەهـا بکـەن. لـەو بـوارەدا عەزیـز محەممـەد تۆمارێکـی نایـاب دەخاتـە بەردەسـتی ئێمـە. هەرچەنـدە یەکێـك لـە رسـتە جوانەکانـی وی لـەم هەڤپەیڤینـەدا، بـەلای منـەوە ئـەم رسـتەیە بـوو: مـن خۆزگـەم دەخواسـت شـاعیر بـام. بـەڵام رسـتەکانی دیکـەی، بەتایبـەت گێڕانەوەکانـی سـەبارەت بـە دایکـی و بابـی لـە گێڕانـەوە هەژێنـەر و پـڕ بانـدۆرەکان بـوون.
راسـتگۆیی و بڕوابەخۆبـوون لـە قسـە و گێڕانـەوەدا، بەتایبەتـی لـە باسـی دایکیـدا، لـە باسـی گەنجێتـی و ژیانـی کۆمەڵایەتـی خۆیـدا، کـە هیـچ دەم فلسـێکی لە بەرکـدا نەبووە، شـتێکی نایـاب و چاوەڕواننەکـراو بـوو بـۆ مـن. سیاسـەتڤانێك بـەو روونـی و راشـکاوییە بـاس لـە منداڵـی، لاوێتـی خـۆی، بـاس لـە دایـك و بابـی بـکات، جـوان و جیـاوازە. کاتێـك ئـەو لەنێـو ئـەو بـاس و بەسـەرهاتانەدا دەهـات و دەچـوو، رێـك لام وەهـا بـوو بەرانبـەر بـە چیرۆکبێژێـك دانیشـتبم، لەهەمبـەر کارێکـی درامـا، شـانۆیەك، یـان بەرانبـەر بـە فیلمێکـی پـڕ برکـوژان، یاخـود گـوێ بـۆ هەڵکشـان و چنینـی بەسـەرهاتێکی خەمگینـی نێـو ڕۆمانێـك هەڵخـەم. بۆیـە عەزیـز محەممـەد جگـە لـە لایەنـی (سەردەسـتی) سیاسـی لـە ژیانیـدا، بەسـەرهاتی ژیانـی خـۆی، دایـك و بابـی بەرهەمێکـی نایابـە بـۆ پـڕۆژەی نووسـینی رۆمـان یـان سـازکردنی فیلمێـك.

## ئەگەر راستی نەبێت
## با غەیرە حەقیقەتیش نەبێت..

یەکێـك لـە رسـتە جوانەکانـی عەزیـز محەممـەد ئەمـە بـوو: پیـاو دەکرێـت جـار جـارە یـان بەشـێوەیەکی گشـتی هەمـوو راسـتییەکان نەڵێـت، بـەڵام غەیـری حەقیقەتیـش نەڵێـت.

کاتێك سەبارەت بە بەرەی هاوبەشی حیزبی شیوعی لەگەڵ بەعسییەکاندا، پاش ئەو هەموو تاوانەی بەعس لێمپرسی، ئەو لە وەڵامدا گوتی: بابەتی بەرە لەگەڵ حیزبی بەعسدا، خۆم لەوانەبووم کە لام پەسەند بوو، لێشت نهێنی نەبێت رەنگە رەزامەندی من کەم یان زۆر کاریگەری لەسەر رەزامەندی یەکێکی دیکەش دانابێت، رەنگە ئەگەر من رازی نەبام نەڕۆیشتبایە.

کار بە خۆزگە پێك نایێت، بەڵام دیسانیش خۆزگەی هەمووانە، هیوای هەمووانە سیاسەتڤانەکان لە بەسەرکردنەوەی ئەزموون و هەڵسەنگاندنی کارەکانی رابردوودا راشکاوانە باس لە بڕیارە گرنگەکان بکەن، بڕیارەکان چۆن دراون. باسکردن لە بەسەرهاتەکان و نرخاندنیان، ئاماژەکردن بە هەڵە پشتشکێنەکان یەکجار گرنگن. هەر لەم هەڤپەیڤینەدا و لە چوارچێوەی هەمان بابەتدا ئەو دەیگوت: سیاسەت یەکجار مومارەسە دەکرێت، سەرنەکەوتیت، تەنیا ئەزموونەکەت بۆ دەمێنێتەوە. بەڵێ حیزبی شیوعی لەوەدا سەرنەکەوت و زیانی گەورەی لە خۆی و لە هەمووانیش دا. پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە پاش کوشتاری 1963 ی کۆمۆنیستەکان لەلایەن بەعسەوە، پاش تاوانەکانی بەعس بەرانبەر کورد و هەموو ئەوانی دیکە، بۆچی دەبوو حیزبی شیوعی بچێتە بەرەیەکی «نیشتمانی»یەوە لەگەڵ بەعسدا؟ ئایا هاندەری ئەم هەنگاوە چ بوو؟ چۆن ئەو بڕیارە درا؟ بڕیارێکی وەها بەد لە کوێوە سەرچاوەی گرت؟ لە نەناسینی بەعس، یان سوود وەرنەگرتن لە ئەزموون، یاخود لە یادکردنی رابردوو بوو؟ ئایا گوشاری سۆڤیەت بوو؟ بڕیارەکە لە پەسەندکردنی هەموو داوایەکی کاربەدەستانی سۆڤیەتەوە سەرچاوەی گرت؟ کە ئەوان، کاربەدەستانی سۆڤیەت و رووسیا، تۆماری پشتگیرییان بۆ چەوسێنەران و دیکتاتۆران دیار و ئاشکرایە. حیزبی شیوعی بە چوونە ناو بەرە لەگەڵ بەعسدا هەڵەیەکی کوشندەی کرد. هەڵەیەك کە خۆیان بەر لە کەسانی دیکە باجێکی قورسیان بۆ دا. لێرەدا عەزیز محەممەد هەموو نهێنییەکانی ئەو کارە ناڵێت، بەداخەوە هەموو حەقیقەتەکە ناڵێت و شتێکی گرنگیش نادرکێنێت لەو پەیوەندییەدا.

بەگشتی لەم هەڤپەیڤینەدا من ئەوەم بۆ دەرکەوت و بەر ئەو تەلیسمی نهێنیی نەدرکاندنە کەوتم، پاراستن و نهێنی نەدرکاندن تەلیسمێکە، لەلای عەزیز محەممەدیش وەکو هەموو شیوعییەکی دیکە ئەفسوونی خۆی هەبوو. بۆیە هەڤپەیڤینەکەمان

سـەرباری درێژیشـی هێشـتا ناتـەواوە. بەداخـەوە ئـەو وەڵامـی هەنـدێ ( یـان زۆر) پرسـیاری (گرنـگ) ی نەدەدایـەوە. یـان بیانـووی پاراسـتنی نهێنـی و«ئێسـتا کاتـی نییـە» ڕێگربـوون لەبـەردەم وەڵامـی زۆر پرسـیاردا. بـەڵام ئـەو بڕیـارەی ئـەوم بـەلاوە باشـتربوو لـە وەڵامێـك، تەنیـا وەڵامدانەوەیەکـی هاکەزایـی بێـت و وەڵامـە راسـتەقینەکەی پـێ بشـارێتەوە، یـان وەڵامێـك بەرانبەرەکـەی پـێ فریـو بـدات. نەخێـر بەڕێـزەوە دەیگـوت وەڵام نادەمـەوە و تـەواو. یاخـود زۆر جـاران لـە بەرسـڤی پرسـیاردا -رەنگـە-ی بـەکار دەهێنـا و بـە ئاشـکرا پەنـای وەبـەر -رەنگـە- دەبـرد. لـە دیدارەکـەدا ئـەوە بەڕوونـی دیـارە. مـن لـەو دەمـەدا و لـە نێوخۆمـدا دەمگـوت، رەنگبـێ ئـەم -رەنگە-یـە لەبـەر دڵـی حیـزب بێـت کـە هـاوڕێ عەزیـز بـێ پرسـی ئـەوان، بـێ هیـچ کۆبوونـەوە و بڕیارێك قسـە بـۆ مـن دەکات، هەڤپەیڤینـی وی لـەلای مـن دەمێنێتـەوە، دیاریـش نییـە کـەی و چـۆن بڵاودەبێتـەوە. لـەو بـوارەدا دەبێـت دان بـەوە دابنێـم متمانەیەکـی گـەورەی بـە مـن کـرد. خاڵێکـی دیکـەی گرنـگ لـەم هەڤپەیڤینـەدا بـە روونـی باسـی لێـوە نەکـراوە لایەنـی نەتەوەیـی ئەوبـوو، لایەنـی زینـدووی کوردبـوون و کوردایەتـی وی، بـە کورتـی ئـەو کـە بەرهەمـی باشـوور و باکووری وەڵاتەکـەی بـوو، لـە دایکێکـی خەڵکـی وان و لـە باوکێکـی بێرکۆتـی، لـە بەرگێکـی کۆمۆنیسـتیدا، لـە شـێوازێکی نێونەتەوەییـدا، گیـان و هزرێکـی کوردایەتـی هەڵگرتبـوو. لەوەیـە گوتنـی ئـەو لایەنـە بەڕوونـی لـە زاری خۆیەوە بـەر بەشـی نەگووتنـی هەمـوو حەقیقەتەکـە کەوتبـت. بەڵـێ، یەکێـك لـەو هەقیقەتـە هـەرە گەورانـەی ژیانـی کـە باسـی نەدەکـرد، بەشـێوەیەکی بەرجەسـتە، کوردبـوون یـان روونـتر مەیلـی نەتەوایەتـی وی بـوو.

ئیـتر ئـەوە ئێـوە و هەڤپەیڤینـی عەزیـز محەممـەد، سیاسـەتڤانێك کـە دڵنیـام هەمـوو راسـتییەکانی نەگووتـووە، بـەڵام پێموایـە لێـرەدا، لـەم هەڤپەیڤینـەدا، جگـە لـە راسـتی، شـتی ناڕاسـت یـا نادروسـتی نەگووتـووە. هـەر نەبێـت هەسـتی مـن وەهـا تێگەیشـت و دڵـم وەهـای دەگـوت.

فـرە خۆشـحاڵم ئـەم هەڤپەیڤینـە سـازکرا، نەفەوتـا و بـە هـاوکاری و لەرێگـەی تـۆڕی میدیایـی رووداوەوە گەیشـتە بەردەسـت و دیـدەی ئێـوە.

**سیروان رەحیم**

# هەڤپەیڤین لەگەڵ
# عەزیز محەممەد

## دایکێکی هەژار و ئاوارە

**سیروان رەحیم: سەرەتا پێمانخۆشە لە زاری ئێوەوە گوێمان لێبێ مامۆستا عەزیز محەممەد کێیە؟ لەکوێ لەدایکبووە؟ پێمانخۆشە ژیاننامەی خۆتان لەسەر زاری خۆتانەوە ببیستین.**

**عەزیز محەممەد:** رەنگە ژیانی تایبەتی من لە سەرەتادا وەك مرۆڤێك لە وەسەتی فەلاحی و دێهاتی دەوروبەری هەولێر، رەنگە ئەو بایەخەی نەبێت لەلای خەڵکی دیکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من بەروبوومی دایك و باوكێكی كوردم لە دێیەكی بچكۆڵانەی نزیكی هەولێر كە پێیدەڵێن (بێركۆت)، لەدایكبووم. باوكم فەلاحێكی بچكۆڵانە بوو، بە مانایەكی دیكە، لە راستیدا رەنجبەر بوو، خەڵكی هەولێر بوو. دایكیشم خەڵكی وان و باشقەڵایە. لەو سەردەمەی كوردەكان كۆچپێكران و لەبەر زەبر و زەنگی سوپای توكیا رایانكرد، هات خۆی گەیاندە هەولێر و چووە ماڵە شێخێك، باوكیشم لەگەڵ ئەو ماڵە شێخە پەیوەندی هەبووە لەوێ خواستی و بوونە ژن و مێردی یەكدی. باوكم پێشی ئەوسا ژنێكی دیكەی هەبوو.

بەڵام بەشبەحاڵی خۆم زۆرم لەبیر نییە لەو گوندە ژیابم، بەڵام دەزانم لەو گوندە هاتوومەتە دونیا. پاشان لە چەند گوندێكی دەوروبەری هەولێر هاتووچۆمان

کـردووە، وەك هەمـوو فەلاحێکـی دیکـە هـەر چەنـد سـاڵێك لـە شـوێنێك بووینـە، تاوەکو نەختێـك هــەراش بــووم لەبــەر مەلایــان دانــام بــۆ ئــەوەی فێــرە قورئــان و خوێندنــی مەلایەتــی ببــم، بــەڵام لەبــەر هەندێــك هــۆکاری خێزانــی، دایکــم چونکــە غەریــب بــوو، کەسـوکاری نەبـوو، چونکـە ژنەکـەی دیکـە لـە دەوروبـەری ئـەو ناوچەیـە خـزم و کەسـوکاری هەبـوو، دایکـم کەوتـە ژێـر زەبـر و زەنـگ، بێگومـان پڕیشـکی ئـەو کێشـانە بـەر منیـش دەکـەوت، رەنگـە هـەر زیاتـر لەبـەر مـن تووشـی ئـەو کێشـانە دەهـات، ئەوەنـدەی پێنەچـوو لەبیرمـە ئـەوکات تەمەنـم -8ـ9 سـاڵ دەبـوو، منـی لەگـەڵ خـۆی بـرد و بـەرەو هەولێـر هاتیـن، دایکـم لـە هەولێـر کاری دەکـرد، منیـش چوومـە حوجـرەی فەقێیـان بـۆ ئـەوەی لـەوێ بخوێنـم، دوای سـاڵێك لـە مـاڵ نەمـام و چوومـە نـاو فەقێیان.

**سیروان رەحیم: لەچ ساڵێك بوو لە گەڵ دایکت چوون بۆ هەولێر؟**

**عەزیـز محەممـەد:** بـە خەمڵاندنـی خـۆم لـە دەوروبـەری سـاڵی 1934 بـۆ 1935 دەبـوو. ماوەیـەك چوومـە نـاو فەقێیـان لـەوێ خوێنـدم، زۆری نەخایانـد مومکیـن بـوو لەگـەڵ میزاجــم نەگونجابێــت، یــان لەبــەر هــۆکاری دیکــە کــە ئێســتا بــە تــەواوی ناتوانــم دەستنیشـانی بکـەم و نـاوی لێبنێـم لەبەرچـی، نـاو فەقێیانـم بەجێهێشـت و هاتمـەوە. خەریکـی ئەوەبـووم کرێـکاری بکـەم، رەنگـە بـڕەك پـاك و خاوێـن بووبـم بـەو پێیـەی لەنێـو فەقێیانـدا گەڕابوومـەوە. خەڵکیـان دەبـرد بـۆ سـەر کار، بـەڵام منیـان نەدەبـرد، جارێــك و دووجــار و ســێجار. دیاربــوو کەســانێکیش هەبــوون ئامــۆژگاری دایکــی منیـان کردبـوو کـە بۆچـی نەمنێرنـە بـەر خوێنـدن، ئەوسـا رەنگـە تەمەنـم گەیشـتبێتە 12 سـاڵ، کـەم و زیـاد بەباشـی لـە یـادم نییـە، چونکـە دایکـم و باوکـم بـۆ ئـەوەی بیانزانیبووایـە تەمەنـم چەنـدە، بـە چۆخیـن حیسـابیان دەکـرد، چەنـد چۆخینیـان لـەو دێیـە هەڵگرتـووەو چەندیـان لـە دێیەکـەی دیکـە هەڵگرتـووە، منیـش هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایـە تەمەنـی خـۆم دەستنیشـان کـردووە.

ئەوەبـوو چوومـە قوتابخانـە و لـە پۆلـی سـێیەمیان دانـام، بـەو پێیـەی هەندێـك کتێبـی نێـو فەقێیانـم خوێندبـوو، ئەوەبـوو پۆلەکانـی 3 و 4 و 5 و 6م تەواوکـردن. لەگـەڵ دایکـم دەژیــام بــە تــەواوی لــە باوکــو کەســوکاری باوکــم جیابووینــەوە، مەگــەر بەدەگمــەن تووشــی یەکێکیــان هاتبیــن یــان ســەردانێکیان کردبیــن، بــەڵام بەگشــتی پەیوەندیــمان

بەوانـەوە نەمـا. بۆیـە مـن هـەر لـە رووی ڕێزلێنانـەوە لـە دایکـم، یـادی بەخێربێـت، بەشـبەحاڵی خـۆم، خـۆم بەکـوڕی دایکـم دەزانـم زیاتـر لـەوەی کـوڕی باوکـم بـم، ڕەنگـە تەنانـەت لـە پەروەردەکردنیـش زیاتـر قـەرداری دایکـم بـم وەك لـەوەی قـەرداری باوکـم بـم. بەڵـێ باوکـم، باوکـم بـوو دایکیشـم دایکـم بـوو، بـەڵام ژیـان و گوزەرانـم لەگـەڵ دایکـم بـووم. دایکـم کاری دەکـرد و منیـش لـە قوتابخانـە بـووم تاوەکـو پۆلـی شەشـم تـەواو کـرد.

هێشـتا پۆلـی شەشـەم تـەواو نەکردبـوو، چووینـە نێـو جـۆرە سیاسـەتێك، پـاش پۆلـی شـەش، ڕەنگـە دوای سـاڵێك و دوو سـاڵ، بەکـرێ لـە هەندێـك فەرمانگـەی حکومـەت کارم دەکـرد، پاشـان خـۆم بـۆ چالاکـی حیزبـی تەرخـان کـرد، لـە سـاڵانی 1940 بـۆ 1941 چوومـە نێـو حیزبـی هیـوا، ڕەنگبـوو هەندێـك لەوانـەی کـە لـە قوتابخانـە بـوون یـادی بەخێـر کـە مـن بەشـبەحاڵی خـۆم کەمێـك قـەرداری ئەوبـم، عیزەدیـن فەیـزی مامۆسـتایەکی نـاسراو بـوو، کوردپـەروەر بـوو، ڕەنگـە هەندێـك چاویـان تێبڕیبـم، یـان دەستنیشـانیان کردبـم بـۆ حیزبـی هیـوا، لـە راسـتیدا یـەك دوو کۆبوونەوەیـان لەگـەڵ کـردم، پـاش ماوەیـەك منیـان بـرد بـۆ سـوێندخواردن بـۆ چوونـە نێـو حیزبـی هیـوا.

تائێسـتاش ئـەو هەسـتانەم لەنێـو مێشـکدایە کـە چـۆن چوویـن سـوێندمان خـوارد، بـە قورئـان و چیـای کوردسـتان و خەنجـەر و سـەری سـەرۆك و ئـەو بابەتانـە، کـە ناکرێـت هیـچ ڕۆژێـك لـە ڕۆژان نهێنییەکانـی حیـزب بەهیـچ جۆرێـك بدرکێنیـن یـان بـە کەسـی رابگەیێنیـن و نەیپارێزیـن، ئەگینـا بـەو خەنجـەرە خوێنـمان حەڵاڵـە. ئەوسـا ئێمـەش گەنـج بوویـن خوێـن گـەرم بوویـن، پێشـی ئەوسـاش باشـم لەبیـرە جارێکیـان قوتابییـە هەراشـەکانی قوتابخانەیـان لـە پۆلـی 3ەوە تاوەکـو 6 ئەوانـەی هـەراش بـوون، ئەوسـاش قوتابـی هـەراش لـە قوتابخانـە زۆربـوون وەکـو ئێسـتا نەبـوو لـە سـاڵی 6 بـۆ 7ی تەمەنـی بچنـە بـەر خوێنـدن، ئـەوکات لـە 10 بـۆ 13 سـاڵی دەچوونـە بـەر خوێنـدن.

جارێکیـان چووینـە شـوێنێك وەرزی بەهـار بـوو، کاتەکـە بەرەو نـەورۆز دەچوو، مامۆسـتا عیزەدیـن فەیـزی لـە هەموومانـی پرسـی گوتـی کـێ دەزانێـت ئەمـڕۆ چ ڕۆژێکـە. نازانـم دەڵێـن گوایـە مـن وەڵامـم دابێتـەوە، بـەڵام بەشـبەحاڵی خـۆم مـن ئـەوەم لەبیـر نییـە. بـەڵام ئـەوەم لەبیـرە کوڕێکـی دیکەمـان لەگـەڵ بـوو وەڵامیدایـەوە گوتـی مامۆسـتا نەورۆزە،گوتـی زۆر راسـتە دانیشـە. ئەوەبـوو دوو سـێ قسـەی لەسـەر نـەورۆز بۆکردیـن،

هەڵپەڵمایـن، هەسـتمان بـەوە دەكـرد ئـەو مەسـاماتانەی هەمانـە هەمـووی پـڕ دەبـن. چەنـد قسـەیەكی كـرد لەسـەر بۆنـەی نـەورۆز و ئـەو ئەفسـانەیەی هەیـە و چۆنـی دەگێڕنـەوە. زۆر كەیفـمان بـەو قسـانە هـات. پاشـان یەكـدوو تەقەشـیان كـرد و دوو پێـچ، سـێپێچ شـاییمان كـرد، ئیـتر ئەگـەر بیانگوتبـا لـەو هـەورازەی خـۆت تێهەڵـدە كـورد سـەردەكەوێت، رەنگبـوو قـەت دوودڵـی لـێ نەكـەی. وەسـەتێكی زۆر لەگەنجانـی تـازە پێگەیشـتوو لەنـاو حیزبـی هیـوا كارمـان دەكـرد. ئەمـەش ماوەیەكـی خایانـد، پـاش ئـەو ماوەیـە پێشـهاتێكی دیكـە روویـدا، بـە تایبـەت لـە بـەرەی جەنـگ لەنێـوان ئەڵمانیـای نـازی و وڵاتانـی هاوپەیمانـی، كـە یەكێتـی سـۆڤیەت چـووە نێـو بـەرەی هاوپەیمانـی، بەتایبەتیـش هەندێـك سـەركەوتنی زۆر گـەورەی بەدەسـتهێنا، لـە راسـتیدا كاریگـەری دروسـتكرد، كەشـوهەوایەكی تـازەی دروسـتكرد، خەڵكەكـە هەسـتی بـە جۆرێـك شـتی دیكـە دەكـرد، بۆیـە هەندێـك بیـری پێشـكەوتنخواز ..تـاد، لەو ناوانـە پـەرش و بڵاوبووەوە و قسـەی لەسـەر دەكـرا. ئێمـە پێشـتر نەماندەزانـی سـۆڤیەت چییـە، دەمانگـوت رووسـیا، وشـەی سـۆڤیەت بـە حـەد زاتـی خـۆی دەربـڕی لـە قۆناخێـك دەكـرد كـە بڵێـی سـۆڤیەت و یەكێتـی سـۆڤیەتی، گەیشـتنە ئـەو قۆناخـەی كـە بڵێیـن یەكێتـی سـۆڤیەت. چاودێـری بـەرەی شـەڕمان دەكـرد، لـەو ماوەیـەدا جەمەسـەربەندی و جیابوونـەوە دەسـتیپێكرد لەنـاو حیزبـی هیـوا، مقۆمقۆیـەك دەسـتیپێكرد كـە بـەرەو ئاراسـتەی پێشـكەوتنخوازی بڕۆیـن.

پێموایـە لەسـاڵی 1941 یـان 1942 بـوو رێكخسـتنێك پێكهـات بەنـاوی كۆمەڵـی میللـەت (جمعیـة الشـعب)مان پێدەگـوت، ژمارەیەكـی زۆر لـە ئێمـە كـە لـە حیزبـی هیـوا بوویـن و گەنـج بوویـن خۆمـان لـەو كۆمەڵەیـەدا بینییـەوە، بـە ئاراسـتەی پێشـكەوتنخوازی تەسـقیف دەكرایـن، ئـەوەی لەكاتـی خۆیـدا منـی راكێشـا بۆ ئـەو ئاراسـتەیە، كە ناویشـی لێنەنرابـوو حیزبـی شـیوعییان ئاراسـتەی شـیوعی، بـەڵام دیاربـوو بیروباوەڕەكـە هەمـوو بـەرەو ئەولایەبـوو، لـە راسـتیدا دوو شـتی زۆر بنچینەیـی ئێسـتاش بیـری لێدەكەمـەوە و ئەوسـاش بـە خەیاڵمـدا دەهـات مومكینـە هانـدەر بووبـن ئـەو دوو یـان سـێ شـتە. یەكەمیـان باسـی مرۆڤـی زەحمەتكێـش دەكـرا كـە لـە سیسـتەمێكی سۆسیالیسـتی، لـە سیسـتەمێكی وەك سـۆڤیەت ئـەو كێشـەیە چارەسـەر دەكرێـت، سیسـتەم دەبێتـە سیسـتەمی ئـەوان، لەهەمانكاتیشـدا چارەسـەری كێشـەی نەتەوایەتـی دەكرێـت، منیـش

وەکو گەنجێك ئەوساش لەنێو حیزبی هیوا بوومە، دەبێ هەستێکی نەتەوایەتیم پەیداکردبێ و بیرم لەوە کردبێتەوە. لام وایە ئەو دوو مەسەلەیە زۆر مەسەلەی بنچینەیی و هاندەربوون بۆ من کە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخستنێکی ئاوا بکەم.
بێگومان نامەوێت بڵێم من لە ڕێگەی فیکر و فەلسەفە و خوێندنەوە چووم بۆ ناو ئەو ڕێکخستنە و ئەو هەڵوێستەم وەرگرت و شوێن پێی خۆم گۆڕیبێت، نەخێر، بەڵکو لە ڕێگەی نموونە، کار، کە ئەوە سیستەمێکە ئاوا و ئاوایە، ئەگینا ئەوسا ئێمەمانان ئاستی ڕۆشنبیری و فیکریمان شتێکی ئەوتۆ نەبوو. ئێستا کەسێك دەتوانێ لە شەقامەوە خۆی ڕۆشنبیر بکات کە سۆسیالیزم پەسەند بکات، یان بچێت لە دەرگای حیزبە ئیشتراکییەکان بدات، یاخود دوو قسەی لەگەڵ بکەی قەناعەتی پێبینی. ئێمە ئاوا نەبووین، بەڵکو ئێمە سەیری سوپای سۆڤیەتیمان دەکرد، سۆڤیەت و فلان و فلان و . تاد. کە لەوێ کێشەی نەتەوایەتی چارەسەر کراوە و کورد ئیمکانیاتێکی باشی هەیە، ئیتر ئەوانە بوونە هاندەر بە نیسبەت ئێمەمانان، تەنانەت لەو ماوەیەدا سەرچاوەی ڕۆشنبیریمان سەرچاوەی ئەوتۆ نەبوو، جارێ بە کوردی شتێکی ئەوتۆ نەبوو.
لە بیرمە لەساڵی 1943 بە کوردی بۆ خوێندنەوە و خۆ ڕۆشنبیرکردن هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆمان نەبوو، نەك بە کوردی تەنانەت بە عەرەبیش نەبوو، لە ساڵانی 1944 - 1945 هەندێك سەرچاوەی عەرەبیی وەرگێڕدراو پەیدابوون، هەندێك گۆڤاری میسری و سوودانی . تاد لە دار حیکمەی بەغدا هەندێك مەسەلەی دیمترۆف و (العمل المأجور) و (رأس المال)، تازە ئەو نووسینانە وەردەگێڕدران، لە سەردەمی شەڕدا یەك گۆڤار دەردەچوو پێیاندەگوت (مجلة المجلة) جەماعەتی جەلیل زەنوون و ئەوانە دەریان دەکرد، ئەمانە لاموایە پێیان دەگوترا (الی الامام) من لەو ماوەیە ئابوونەی (مجلة المجلة)م کرد، بەڵام هیچی لێ تێنەدەگەیشتم، چونکە بە عەرەبی بوو، عەرەبیشم نەدەزانی، دەمویست فێری ببم هەستم بەوە دەکرد دەبێ فێری ببم، چونکە فێری نەبم هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە مرۆڤ خۆی رابێنێت و فێرە شتێك بێت و سەرچاوەی ڕۆشنبیری هەبێت، شتی دیکە نەبوو لەو بابەتە.
ئەوەبوو چووینە ڕێکخراوی کۆمەڵەی میللەت، بێگومان ئەو ڕێکخراوەش ڕۆژنامەی هەبوو، لەبیرم دێت ڕۆژێك منیان برد بۆ ئیستنساخ بۆ ڕوونووسی ڕۆژنامەکە، بۆ

ئـەوەی هەمـووی بـە یـەك خـەت نەبێـت، لە راسـتیدا خەتیشـم خراپ بـوو، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا گوتیـان کێشـە نییـە گرنـگ ئەوەیـە بخوێندرێتـەوە، لـە کۆمەڵـەی میللـەت دا ئـاوا ماینـەوە. ماوەیەکـی زۆری پێنەچـوو کۆمەڵـەی میللـەت بـۆ ئـەوەی رۆژنامەکـەی بـە چاپکـراوی دەربـکات پەیوەندیـان بـە یەکێـك لـە رێکخسـتنەکانی بەغـداوە کـرد کـە رۆژنامەکەیـان بـۆ چـاپ بـکات، لەبـری ئـەوەی بـە دەسـتخەت بنووسرێـت بۆیـان چـاپ بـکات. ئەمـە بـووە هـۆی پەیوەندییـەك لەگـەڵ ئـەو حیزبـە، پاشـان بیـر لەوەکرایـەوە بـۆ نەبینـە یـەك. ئـەوەی کـە چـوو بـۆ مەسـەلەی رۆژنامەکـە، ئـەو پەیامـەی هێناوەتـەوە کـە بۆچـی هـەر رۆژنامەتـان بـۆ چـاپ بکەیـن و بۆچـی نەبینـە یـەك؟ مـن ئەوسـا لـە دەسـتەی سـەرکردایەتی نەبـووم. وادیـار بـوو لەگـەڵ ژمارەیـەك لـە رێکخسـتنەکان ئیشـیان کـرد کـە هەوڵبـدەن، پاشـان رێککەوتنیـان کـرد، جەماعەتێـك پێیدەگوتـرا حیزبـی شـیوعی، جەماعەتێکیـش پێیدەگوتـرا (وحـدة النضـال).

**سیروان رەحیم: مەبەست کێ و کێ ببنە یەك؟**

**عەزیـز محەممـەد:** کۆمەڵـی میللـەت کـە ئـەو رۆژنامەیـەی دەردەکـرد کـە خـۆی بـە پێشـکەوتنخواز دادەنـا، هەوڵیـدا ئـەو رۆژنامەیـە چـاپ بـکات، چونکـە لـە کوردسـتانیش ئـەو توانایـەی نەبـوو، چـوون لـە بەغـدا شـوێنێك بدۆزنـەوە بـۆ ئـەوەی ئـەو رۆژنامەیـە چـاپ بکـەن، ئەوانـەی ئـەو قسـەیەیان بیسـت وەڵامیـان دایـەوەو گوتیـان بـۆ نەبینەیەك بـۆ ئێـوە نابنـە لقێـك لـە ئێمـە، لەگـەڵ ئـەو رێکخسـتنە شـیوعیەی کـە ئەوسـا بـە حیزبی شـیوعی دادەنـرا، چونکـە ئـەوکات جەماعەتـی قاعیـدە و جەماعەتـی وەحـدەی نیـزاڵ هەبـوون. پاشـان جەماعەتـی قاعیـدە، کـە ئـەو بـوو بـە حیزبـی شـیوعی حەقیقـی.

ئەوەبــوو بڕیــاردرا ئێمــە بچینــە نێــو وەحــدەی نیــزاڵ کــە رۆژنامەیــان دەردەکــرد، برادەرانـی ئێمـە، بوونـە لقـی کـوردی بەنـاوی «یەکێتـی تێکۆشـین». ئەمـە ماوەیەکـی خایانـدا، وابزانـم تاوەکـو 1944، لەژێـر کاریگـەری جموجـۆڵ و چالاکییەکانـی حیزبـی شــیوعی وەحــدەی نیــزاڵ هــەژا، حیزبــی شــیوعی کەوتــە نــاو کاری جەمــاوەری و مانگرتـن و خۆپیشـاندان لـەو ماوەیـەدا چالاکـی باشـی هەبـوو، وەحـدەی نیـزاڵ بیـری لەوەکــردەوە بۆچــی لەگــەڵ جوڵانــەوەی حیزبــی شــیوعی یــەك نەگــرن، کــە ئەوســا ســکرتێرەکەی فەهــد بــوو.

سەرکردایەتی وەحدەی نیزاڵ بڕیاریاندا بچنە نێو حیزبی شیوعی، ئەوەی من لە بیرم مابێت یەکێتی تێکۆشین ئۆتۆماتیکیەن بەگەر ئەسڵەکە نەکەوت کە ئەویش لەگەڵ ئەوانەی لە بەغدان بچنە نێو حیزبی شیوعی عێراق، ئەوان بە تەنیا کەوتنە دانوستاندن وەکو بڵێی سەنگێك و ئیماکانیاتێکی تایبەتیان هەبێت، ژمارەیەك لە کەسانی وەك سالح حەیدەری و ئەوانە هەنگاوی یەکەمیان هاوێشت، بەشێکی زۆر بەدوای ئەو هەنگاوەدا ڕۆیشتن، چوونە نێو دانوستاندن و هاوڕێ فەهدیان دیتبوو. بیستم لەکاتی خۆی کە ڕەزامەندی دراوە، ئەوسا کابرایەکی دیکەمان هەبوو مەلا شەریفی پێدەڵێن ، کە یەکێك لە کەسایەتییە دیارەکانی ئەوسا بوو، ناودارییەکەی لەوەوە هاتبوو خۆی خۆی پێگەیاندبوو، مەلابوو، فێرە هەندێك زمان ببوو، نیمچە سەقافەتێکی پەیداکردبوو. مەلا شەریف ئەوسا چوو بۆ لای حیزب، بەڵام خەڵکی کەم لەگەڵ بوو یان لەگەڵی نەبوو. برادەرانی کوردستان لقی وەحدەی نیزاڵ کەچوون دانوستاندن بکەن لەگەڵ حیزبی شیوعی دیارە باش نەگەیشتنە یەك، ئەوجا بیستم ڕێککەوتن کراوە، کە ئەوانیش بچنە نێو حیزبی شیوعی، گوایە ئەوان داوای ئەوەیان کردووە هەڵسەنگێندرێن، چونکە ئەوان لەوێ قیادەن و لەوێ ئیش دەزانن و خەڵك دەناسن و دەبێ ئەوان ڕۆژنامەکە دەربکەن، ڕۆژنامەش لامواییە دەرچووبوو یان موکینە دەرچووبێت، ڕۆژنامەی (ئازادی)، چونکە ئازادی دەرچوونی ئیقترانی کرد بە چوونی مەلا شەریف بۆ ناو حیزبی شیوعی.

بیستم بۆ ماوەیەك ڕێککەوتنیان کرد، بەڵام ئەو ماوەیە زۆر کەمبوو، ڕەنگە دوو هەفتەی خایاندبێت، پاشان هەڵگەڕانەوەو (حیزبی شۆڕش)یان پێکهێنا، واتە حیزبی کوردستانیان پێکهێنا، ڕۆژنامەکەشی شۆڕش بوو، بۆیە بەناوی حیزبی شۆڕش، بە جەماعەتی حیزبی شۆڕش ناوبرا. ئێمەمانان کە دەگەیشتینە ڕاستییەکان لە ڕێگەی ئەوانە دەگەیشتین بە ڕاستییەکان کە هاتووچۆی بەغدایان دەکرد، ئاستی ڕۆشنبیریمان لەو ئاستەدابوو کە بۆم باسکردی. ئاگامان لە شتی دیکە نییە، خوێندەواریمان ئەوەندە بڵاو نییە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای خوێندنەوەکە چارەنووسی خۆت دیاری بکەی، بۆیە ئەوانەی کە لە بەغدا دەگەڕانەوە دەیانگوت ئەوە وایە و ئەوە وایە، ئێمە هیچ بەڵگەمان نەبوو بڵێین وانییە. بۆیە بەشێکی

هـەرە زۆری ئێمەمانـان چووینـە نـاو حیزبـی شـۆڕش، واتـە لەکۆمەڵـی میللەتـەوە چووینـە نێـو وەحـدەی نیـزاڵ لـە وەحـدەی نیزاڵـەوە بـۆ شـۆڕش.
ئەگـەر باشـم لەبیربـێ حیزبـی شـۆڕش لـە هاوینـی 1945 تاوەکـو ئابـی 1946 ئیشـیکرد، لـەو ماوەیـەدا چالاکـی حیزبـی تاکـو دەهـات دیارتـر دەبـوو، مانگرتنـی سـکەك (هێڵـی شـەمەندەفەر) و خۆپیشـاندانی 28ی حوزەیـران لـە بەغـدا، حیـزب لـە مەسـەلەی فکـری و تەسـقیفییەوە کەوتـە قۆناخێکـی کـرداری، ناوەندێکـی باشـی بـۆلای خـۆی راکێشـا، زۆر کاریگـەی لەسـەر حیزبـی شـۆڕش دروسـتکرد، حیزبـە شـیوعییەکانی کوردسـتانی، هەندێکیـان بـە تـاك چوونـە نێـو حیـزب. هەندێـك لـە ئێمـە مانـان پێـش ئـەوەی شـۆڕش خـۆی هەڵوەشـێنێتەوە، چووینـە نـاو حیزبـی شـیوعی لـە رێگـەی ئـەو مـەلا شـەریفەی باسـمکرد، هەندێـك پەیوەندیـمان لەگـەڵ ئـەو هەبـوو، چووینـە نـاو حیزبـی شـیوعی و ئەوانـەی دیکـە هەندێکیـان تەنانەت دەسـت لەکارکێشـانەوەیان پێشکێشـکرد، کابرایەکـی وەك حەمیـد عوسـمان یـادی بەخێربێـت، گوتـی هێشـتا موهیمەکـەم تـەواو نەبـووەو هێشـتا هـەر لەنـاو شۆڕشـم، بـەڵام ئـەوە دەسـت لەکارکێشـانەوەم و ئـەوەش هەڵوێسـتمە بـۆ حیزبـی شـیوعی، خـۆی ئامادەکردبـوو بێتـە نێـو حیزبـی شـیوعی، بـەڵام گوتـی دەبـێ رۆڵـی خۆشـم ببینـم بـۆ ئـەوەی ئـەو حیزبـە نەمێنێـت.
بـەرەو کۆنگـرە رۆیشـت، کۆنگـرە لـە ئابـی 1946 بەسـترا، لـەو کۆنگرەیـەدا ئـەو رێکخراوانـە هەڵوەشـێندرانەوە و شـۆڕش لەبەریـەك هەڵوەشـا، ئەوانـەی کـە خۆیـان بـە شـیوعی دەزانـی بەشـی هـەرە زۆریـان لـە حیزبـی شۆڕشـەوە چوونـە نێـو حیزبـی شـیوعی، بەشـێکی کـە مایـەوە لەنـاو شـۆڕش لەگـەڵ رزگاری، کـە ئەویـش حیزبێکـی دیکـە بـوو، بـەڵام لـە بنەڕەتـدا سـەرکردایەتییەکەی شـیوعی بـوو، ئەوانـەی دیکـە لەگـەڵ ژێـکاف حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانیان پێکهێنـا، بێگومـان ئەوسـا ناوێکـی دیکـەی هەبـوو. ئیـتر ئێمـە چووینـە نـاو حیزبـی شـیوعی، ئـەوە قۆناخێکـە بـە نیسـبەت مـن لـە سـاڵی 1946.

## یەکەمین پەیوەندی کورد و حیزبی شیوعی

**سیروان رەحیم: مامۆستا ئەی خوداڵێخۆشبوو ئەنوەر دڵسۆز کێیە؟**
**عەزیز محەممەد:** ئەنوەر دڵسۆز برادەرێکی حیزبی شیوعی بوو، یەکێکبوو لەوانەی دەستپێشخەری کردبوو بۆ چوونە نێو حیزب، پاشان پەیوەندی بە جوڵانەوەی مەهابادەوە کرد، کاخەزی رەزامەندی لە حیزبەوە بۆ هات بۆ نێو حیزبی شیوعی لە رێگەی منەوە، من بۆم نارد، ئەوسا لە رواندز بوو، وابزانم لەوێ کارێکی هەبوو. پاشان جوڵانەوەی کوردی لە دیوی ئێران دەستیپێکرد و بارزانییەکان بەرەو ئێران رۆیشتن، ئەنوەر دڵسۆزیش چوو بۆ ئەوێ. بێگومان ئەندامێکی کۆنی حیزبی شیوعی بوو، لەوێ مایەوە.

**سیروان رەحیم: راستە یەکەم کەس لە باشووری کوردستان ئەو (ئەنوەر دڵسۆز) بووە کۆمۆنیست؟**
**عەزیز محەممەد:** وابزانم ساڵح حەیدەری بوو، چونکە ساڵح حەیدەری، لامواپە لە ساڵی 1941 چووە بەغدا بۆ ئەوەی لە کۆلێژی ماف بخوێنێت، ئەوەی کە

نەچوو بۆ بەغدا ڕێی ئەوەی نەبوو ئەو ڕێچکەیە بگرێت، واتە ئەستەم بوو ئەو ڕێچکەیە بگرێت.

**سیروان ڕەحیم: یەکەم کەس کێ بوو ئەو ڕێبازەی بە ئێوە ئاشناکرد؟**
**عەزیز محەممەد:** لە ڕاستیدا هاوڕێ جەمال حەیدەری. جارێکیان نووسراوێکم بۆکەریم حیسامی نووسی، باسی ئەوەم لەگەڵ کرد ئەوەی باسی شیوعیەتی لەگەڵ کردم و بەرەو شیوعیەتی بردم و کێ منی بردە حیزب، ڕەنگە لێم بپرسی چ جیاوازییەك هەیە لەوەی شیوعیەتی فێرکردی لەگەڵ ئەوەی تۆی بردە نێو حیزب؟ گوتم جیاوازی هەیە، بەڵام ئێستا کاتی نییە.
هاوڕێ جەمال حەیدەری سەبارەت بە جۆرە پەیوەندییەك کە لەنێوانی ئێمە و ئەوان یادی بەخێربێت، لە نێوان دایکم و بنەماڵەی حەیدەری، پەیوەندییەکم هەبوو. جەمال حەیدەری نەمر مەوعیدێکی لەگەڵ دانام لەکاتی خۆی بۆ جەمعییەتی ئەمەل (کۆمەڵەی هیوا)،پێشی ئەوەی بچمە نێو حیزب، هاوسۆزییەکە لەوێوە دەستیپێکرد. بەڵام پاش پەیوەندیم لەگەڵ مەلا شەریف بڕیارم لە چارەنووسی خۆم دا و چوومە نێو حیزب.

**سیروان ڕەحیم: ئەو مەلا شەریفە خەڵکی کوێ بوو و چی بەسەر هات؟**
**عەزیز محەممەد:** مەلا شەریف خۆی خەڵکی ڕەنگەڕژانە،کوڕی مەلا عوسمانی ڕەنگەڕژانە، لامواییە دێیەك بێت لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام پاشان هاتوونەتە ناوچەی هەولێر. مەلا شەریف لە هەولێر بوو، تەنیا مەلایەتی خوێندبوو، بەڵام پیاوێکی زیرەك و لێوەشاوەبوو. لە ڕاستیدا هەندێك هەڵسوکەوتیشی هەبوو ڕەنگە بەلای هەندێك کەسەوە هەڵسوکەوتی زۆر شاز بێت، بەڵام ئێمە وەك نموونەیەك دەهاتە بەرچاومان، لامواییە لە ساڵی 1947 دەستی لەکاری حیزب هەڵگرت، پاش ماوەیەکیش دەستگیرکراو و زیندانیکرا.
هۆکاری دوورکەوتنەوەشی لە حیزب، هاوڕێ فەهد و ئەوان گیران لە زیندان بوون، مالیك سەیف و یەهودا سەرکردایەتی حیزبیان دەکرد، جا نازانم وەکو هەنجەت ئەوەی باس دەکرد یان بە قەناعەتەوە بوو دەیگوت ئەو سەرکردایەتییەی ئێستا

سەرکردایەتی حیزب دەکات، شیاوی ئەوە نییە سەرکردایەتی حیزب بکات و ئێمە لەگەڵی بین، تەنانەت زۆر باش لەبیرمە جارێکیان گوتم پیاوێکی فەقیرم هەرچی دەتەوێت و هەرچی هەمە دەتوانی بیفرۆشی و بچی سەرێك لە فەهد بدەی، گوتم هەموو کەسێك دەتوانێ سەرێکی لێبدات و قسەی لەگەڵ بکات، فەهدیش تۆ دەناسێت، تۆ باسی ئەوە مەکە لە حیزب دێمە دەرەوە، وەك حیزبت پیشاندام خۆشحاڵ نیم رێگەی دەرەوەشم پیشانبدەی، بڕۆ فەرموو دەتوانی هاوڕێ فەهد ببینی، پیرەژنێك و پیرەمێردێك دەتوانێ هاوڕێ فەهد ببینن، بڕۆ سەردانی بکە ئێستا لەکوتە، قسەکانی خۆتی بۆ بکە، بڵێ ئەوانە وان و وان. ئەویش دەیگوت ئەوانە رۆشنبیرن، بەڵام بۆ سەرکردایەتی گونجاو نین، ئەو هەندێکیانی دەناسی چونکە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، لە یەکەمین کۆنگرەدا ئەو ئامادەبوو، لە هەمان کۆنگرەشدا بووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

بێگومان ئەوەش گوزارشتی لە تێڕاونینی حیزبی شیوعی دەکرد کە پێگەیەکی نەبوو لە کوردستاندا، بۆیە حەزی دەکرد زوو هەندێك ئەندامی وا پێشبخات، من بەشبەحاڵی خۆم بە شتێکی باشم دەزانی پێشیبخات تاوەکو راستەوخۆ پەیوەندییان بە سەرکردایەتییەوە هەبێت، مەلا شەریف ئەوەی نەکرد و ئێمەمانانیش گوێمان لێنەگرت، هەتا بۆ من و بۆ چەند کەسێکی دیکەی نووسیبوو کە کاریگەری لەسەر ئەوانیش دروستکردووە بۆ ناو حیزب، دەیگوت ئەوانە شیاوی ئەوە نین. بەڵام قاعیدە فکرییەکەی بەجێنەهێشتبوو. دواتر هەندێك دووکان و شتی دانابوو و خەڵکەکەش رێزیان لێدەنا. دوای ماوەی شۆڕشی تەممووز من هەر جارێك بهاتمایە هەولێر سەرم لێدەدا، هەمیشە سەرم لێنەدەبڕی، وابزانم پێش 21 ساڵ وەفاتیکرد. لەکاتی خۆیدا کە لەکەرکووك بووم، بۆم نووسیبوو، فێری ئەوەمان مەکە حیزب بەجێبێڵین، مادام فێرت کردین بچینە نێو حیزبەوە، فەزڵێکت هەبووە لەو رووەوە، ئێستا نامانەوێت ئەو دۆخە بگۆڕین و ئێمە رازین بە دۆخەکە. دیارە ئەویش وەڵامی داومەتەوەو دەڵێ:

بتۆریی من نەتۆراوم. بشگۆڕێی من نەگۆڕاوم. بشمکوژن، بمهەنجنن من هەر ئەوم هەتا ماوم. شتێکی ئاوای نووسیبوو، ئەو شتانەم لەبیر ماوە لە ساڵی 1947، بۆیەش لەبیرم ماوە رەنگە دە جارم خوێندبێتەوە.

**سیروان رەحیم: دوور لە دونیای سیاسەت، ئەگەر هەندێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە، رەنگبێت دیسانەوە پەیوەندی هەبێت بە دایکتەوە، ئێوە گوتتان دایکت خەڵکی دەوروبەری وانە، لەگەڵ دایکت بەچ شێوەزارێکی کوردی قسەتان دەکرد؟**

**عەزیز محەممەد:** تاوەکو کۆتاییەکەش شێوەزارەکەی هەر سەلیم نەبوو، بەڵام بە سۆرانی قسەمان دەکرد، دایکیشم چەند ساڵێك ماوەتەوە ئینجا مێردی بە باوکم کردووە، لە ژینگەیەکی سۆرانیش ناچارە فێرببێت نەك بچێت ماڵی شێخ فێری بادینانی بکات، بەڵام ئەگەر کەسێك دیقەتی لە قسەکانی دابا رەنگبوو هەست بەوە بکات کە زمانی ئەسڵی ئەو نییە، بەڵام بە سۆرانی قسەمان دەکرد. تاوەکو ئەویش مابوو خاوەن فەزڵێکی گەورەبوو، چونکە منداڵەکانم هەموویان ناچاربوون بەکوردی قسەی لەگەڵ بکەن، ئێستا کوڕەکەم، کە لە یازدە ساڵی هاتە دەرەوە، کوردییەکەی لاوازە، بەڵام دوو کچمان هەن، کچەکان کوردییەکەیان باشە.

**سیروان رەحیم: دایکت کەی کۆچی دواییکرد؟**

**عەزیز محەممەد:** رۆژی 1978/1/4 کۆچی دواییکرد.

**سیروان رەحیم: لە ماوەی ژیانیدا، بەیەکەوە بوون؟**

**عەزیز محەممەد:** لەکاتی خۆیدا کە حیزب داوای لێکردم بچمە ماڵی چاپخانە، لێتی ناشارمەوە، رەنگە ئەوان بیریان لەوە کردبێتەوەکابرایەکی ئەمین بێت و لەڕووی خێزانەوە ئازادبێت لە ئیلتزاماتی عائیلی کێشەی نییە یەکێکی لەگەڵبێت، دیارە من دەستنیشانکرام، بە منیان گوت ئامادەی بچییە ماڵی چاپخانە لە بەغدا، ئەوسا عەرەبییەکەم عەرەبییەکی عەنتیکە بوو، دایکم هەر هیچ. لێت ناشارمەوە نەمتوانی بڵێم نا، ئەوەبوو لەگەڵ دایکم چووینە بەغدا لە ماڵی چابخانە کارمان دەکرد، بەستەزمان زمان نازانێت، تەماشایش دەکات ئێمە لەگەڵ ئامێرێك مامەڵە دەکەین، بەچ هەستێك نازانم، بەڵام وەکو هەست بکات ئەمە مەترسییەکی زۆری لە دواوەیە، گەلێك جاران دەگریا، جا من گلەییم لێی دەکرد، دەیگوت من دەگریم تۆ چ کارت بە منە، کاری خۆت بکە منیش دەگریم، دەشیگوت ئەمە دووەمین جارە من موهاجیر دەبم، جارێك لە وڵاتی خۆی بۆ کوردستانی خۆمان، جارێکی دیکەشیان لەکوردستانەوە بەرەو عەرەبستان.

ماوەیـەك مایـنـەوە، پاشـان لەبـەر هۆکارێـك حیـزب بڕیاریـدا چاپخانەکـە بگوازنـەوە و مـن ڕەوانـەی شـوێنێکی دیکـە بکـەن لـە بەغـدا، لـەو ماوەیـەدا دایکـم گەڕایـەوە بـۆ هەولێـر.

**سیروان ڕەحیم: ئەمە لەچ ساڵێك بوو ئەگەر لەبیرت بێت؟**

**عەزیـز محەممـەد:** لـە سـاڵی 1948، دایکـم گەڕایـەوە تاوەکـو چووینـە ماڵێکـی دیکـە، دووبـارە دایکـم هـات، لـەوێ پێکـەوە گیرایـن، پێـش ئـەوەی بچینـە کـۆڕی ئیـش، ئـەو ئیشـەی کـە پێـم سـپێردرابوو، دایکـم 4 مانـگ لـە تەوقیـف مایـەوە تاوەکـو ئـەو کەسـەی بەرپرسـبوو لـە حیـزب خیانەتـی کـرد، ئەوسـا گوتـی ئەمـە دایکـی فڵانـە کەسـە و هیچـی دیکـە نییـە، ئەوەبـوو بەریانـدا و دیسـان گەڕایـەوە هەولێـر تاوەکـو مـن لە زینـدان هاتمە دەرەوە. ئیـتر لـەو مـاڵ و لەومـاڵ دەژیـا، کەسـوکاری مـن کەسـوکارێکی ئەوتـۆ نەبـوون یارمەتـی بـدەن. هەندێـك دۆسـتم هەبـوون لـە هەولێـر، هەندێـك بنەماڵـە هەبـوون لـە هەولێـر بـۆی وەسـتان و یارمەتییەکـی باشـیاندا، ئێسـتا مـن منەتبـاری هەموویانـم. ئـەوە ژیانـی دایکـم بـووە، بۆیـە دەڵێـم مـن پـەروەردەی دایکمـم، ئەوەنـدەی هۆشـم هەبووبـێ لەگـەڵ دایکـم بـووم، لەگـەڵ خەڵکـی دیکـە نەبوومـە.

**سیروان ڕەحیم: باوکت کەی کۆچی دواییکرد؟**

**عەزیز محەممەد:** باوکم دوای نزیکەی 40 شەو لە وەفاتی دایکم کۆچی دواییکرد.

**سیروان ڕەحیم: پەیوەندیتان چۆن بوو؟**

**عەزیـز محەممـەد:** پـاش ئـەوەی مـن چوومـە نێـو سیاسـەت، یەکەمجـار مـن زۆر توونـد بـووم، کاتێـك نەختێـك هـەراش بـووم، چونکـە ژیانمـان ژیانێکـی ناخـۆش بـوو، لەبیرمـە ماوەیـەك دایکـم پشـتی ڕەق ببـوو، نەیدەتوانـی بچەمێتـەوە، ئەگـەر دراوسـێ نانیـان بـۆ نەهێنابووایـە هیـچ نەبـوو بیخۆیـن، کەسـیش لـە کەسـوکارمان دەسـتیان بـۆ درێـژ نەدەکردیـن، بۆیـە دایکـم ئیشـی دەکـرد لـە مـاڵان، مـن فریـای ئیـش نەکەوتـم، تاوەکـو پـاش قۆناخـی سـەرەتایی لـە هەندێـك کاری ڕۆژانـە نەبێـت، ئەگەرنـا دایکـم کاری دەکرد، ئـەو منـی دەژیانـد.

**سـیروان ڕەحیـم: ئەوکاتـە لـە سـاڵی چلـەکان ڕەنگـە بـە بیرتـان مابێـت، کەسـێك کرێـکاری کردبـا ڕۆژانـە چەنـدی وەردەگـرت؟**

**عەزیـز محەممـەد:** مـن لـە بیرمـە بـەر لـە جەنـگ وابزانـم کرێکارێـك 5 عانـەی وەردەگـرت، ئەوانـەی سەرپەرشـتی کرێکارەکانیشـیان دەکـرد وابزنـم درهەمێکیـان وەردەگـرت، ئەوانـەی سەرپەرشـتی کاریـان دەکـرد لـە دوای کرێـکارەکان رایاندەکـرد و دەیانگـوت دەی زوو بـن و دەی وابکـەن. مـن کـە دامـەزرام رۆژانـە بـە روبعـە دینارێـك دامـەزرام، پاشـان وەکـو سـاعی داخلیـە دامـەزرام، کـە دەبـوو ئـەو کەسـە وڵاخـی هەبێـت، مووچەکـەم مانگانـە 4 دیناربـوو، مـن شـەرمم دەکـرد سـواری وڵاخ نەدبـووم، بەریـدم نەدەبـرد، بەڵکـو منیـان خواسـتبوو بـۆ نووسـین، چـۆن دەبـێ وڵاخێـك ببـەم و پـارەی ئالیکـی ئـەو وڵاخـە وەربگـرم و بیخەمـە سـەر مووچەکـەی خـۆم، پاشـان منیـش وامکـرد، چونکـە هەموویـان وایاندەکـرد، ئینجـا مووچەکـەم بـووە 10 دینـار، تاوەکـو ئـەو رۆژەی ئیحتیرافـم کـرد.

**سـیروان رەحیـم: کاتێـك کارت دەکـرد یـان دایکـت کاری دەکـرد پارەکـەی بەشـی ئێوەی دەکرد؟**

**عەزیـز محەممـەد:** مـن لـەو ماوەیـەی لـە قوتابخانـە بـووم فلسـێکم لـە گیرفانـی خـۆم نەبینیـوە، رەنگـە لـە مەسـەلەی جلوبـەرگ قاتێکـم کڕیبێـت، پەیوەنـدی کۆمەڵایەتیشـم سـەبارەت بـە هەندێـك زۆر بەرتەسـکبوو، چونکـە ئەگـەر یەکێـك بیدرێتـێ دەبێـت بشـدات، ئەگـەر لەلایەکـی دیکـە بخـوات دەبـێ ئەویـش دەرخـوارد بـدات، هەسـتێکی وام هەبـوو کـە مـن ناتوانـم ئـەوە بکـەم، بۆیـە کەسـێکی دوورەپەرێـز بـووم، نانێـك هەبـوو هیچـی دیکـە نەبـوو، پـارەو پوولمـان نەبـوو، دایکـم کاری دەکـرد، رەنگـە لـە بەرامبـەر ئـەو ئیشـەی لـە ماڵێـك دەیکـرد رووبـە گەنمێکـی دەهێنـا و دەمانکـردە ئـارد و دەمانکـردە نـان.

**سـیروان رەحیـم: ئـەو رۆژانـە لـە شـاری هەولێـر یـان لـە دێهاتەکانـی دەوروبـەری هەولێـر پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان چـۆن بـوون؟ ئـەو پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییانـە لەگـەڵ بیرکردنەوەیەکـی نوێـی وەکـو بیرکردنـەوەی رێکخراوەکـەی ئێـوە هـاودژ نەبـوون؟ خەڵـك وەریدەگـرت؟**

**عەزیـز محەممـەد:** لـە راسـتیدا ئـەو جموجۆڵـە، ئـەو بزاڤـە نـوێ بـوو، کـە ئێمـە زۆر بـە سـەربەرزی بەرگریـمان لێدەکـرد و جـار جارە بـە کەفوکوڵێکـی گەنجانـەوە دەچووینە نێو

کێشـە و گفتوگۆیـەکان، بەدیلـمان نەبـوو، لایەنێکـی دیکـە نەبـوو ئاقـاری ئیشـی فیکـری و سیاسـی نزیکـی ئاقـاری فیکـری و سیاسـی ئێمـە بێتـەوە. بۆیـە موتەمەیـز بوویـن کـە ناومـان دەبـرا خەڵکێکـی زۆر بـە ئیعجابـەوە تەماشـی دەکـرد، بـەڵام لـە هەمانکاتیشـدا تێنەدەگەیشـتن ئەمانـە چیـن. تاوەکـو ماوەیەکـی پێچـوو جـار جـارە خەڵکەکـە دەچووینە نـاو دێهاتـەکان، جموجوڵێکـی باشـمان کـرد، خەڵـك دەیانگـوت ئەوانـە نوێـژ بکـەن و ڕۆژووش بگـرن بـە پێـڵاوەوە دەچنـە بەهەشـتێ، جـۆرە سـلوکێکی تایبەتیـمان هەبـوو، ئـەو سـلوکە تایبەتییـە تەنیـا لـە وشـەی حـەرام و حەڵاڵـدا نەبـوو، بەڵکـو لـە خیلالـی ئەوەبـوو چەنـد لـە خەڵکـمان نزیـك دەکاتـەوە و چەنـد لـە خەڵکـمان دووردەخاتـەوە، تـۆ ئەگـەر بتەوێـت لـە خەڵـك نزیـك ببیتـەوە و خەڵـك بـۆلای جوڵانەوەکـە ڕابکێشـی دەبـێ هەڵوێسـتت بـاش بێـت، سـلوکت بـاش بێـت، دەبـێ ڕەوشـتت بـاش بێـت، بـۆ نموونـە خواردنـەوە و ئـەو شـتانە ئەوسـا ئێمـە حەرامـمان کردبـوو، حەرامێکـی کۆتایـی، کـەس نەدەوێـرا شـتی وابـکات، لەنێـو حیـزب ئەمـە قبـووڵ نەدەکـرا، نـەك لـەڕووی حـەرام و حەڵاڵـەوە، سـەبارەت بـەوەی لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە قبووڵکـراو نییـە، یەکێـك ئایاتـی مارکسـیان بـۆ بخوێنییـەوە بڕوایـان پێـت نایێـت ئەگـەر ئـاکاری بـاش نەبێـت، ئەگـەر بتەوێـت بڕوایـان پێبێنیـت، دەبـێ خـۆت بـاش بیـت و متمانەیـان پێـت هەبێـت بـۆ ئـەوەی قسـەت لێوەربگـرن، بـۆ ئـەوەش ئێمـە ڕووبـەڕووی کێشـەیەکی گـەورە نەبووینـەوە، بەپێچەوانـەوە ڕەنگـە هەندێـك ڕەگـەزی خـراپ هەبـوو کـە دژایەتیـان پێدەکردیـن، هەسـتم بـەوە نەکـرد خەڵـك ئیسـتعامان بـکات.

لەبیرمـە ڕۆژێـك لـەو فەرمانگەیـەی کارم تێـدا دەکـرد گوتیـان بۆچـی ئـەو قسـانە دەکەی، ئەگـەر ئـەو قسـانە ڕاسـت بێـت فـڵان و فـڵان دەبنـە شـیوعی، نـاوی قـازی و کەسـانی دیکەیـان دەهێنـا، گوتـم وەڵـڵا عەجیبـە، چەقۆیەکـم هەڵگـرت و گوتـم دەبێـت قـازی بڵێـت ئەوەچەقۆیـە ئینجـا مـن بڵێـم چەقۆیـە، بـە سـادەیی گفتوگۆمـان دەکـرد، ئەمـە چەقۆیـە بۆچـی دەبێـت قـازی بڵێـت ئەمـە چەقۆیـە ئینجـا مـن بڵێـم چەقۆیـە، نـا پێشـی قـازی مـن دەڵێـم چەقۆیـە. چەندیـن جـار دەسـگیرکراین و بـە شـانازییەوە خـوا خوامـان بـوو بەسـەر شـەقام تێمانپەڕێنـن. نەفـرەت نەبـوو لـەو بابەتە، بێگومـان ئەمە مانـای ئەوە نییـە وەسـەتێکی زۆر بەگـەڵ حیـزب کەوتـن، نـا وەسـتەکە مەحـدود بـوو، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا وەسـتێکی بـاش و خـاوەن بەڵێـن بـوو، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی حیزبـی شـۆڕش

خۆی هەڵوەشاندەوەو بووە یەك رەنگ، چەند کەسێك لە ئێمەمانان لەگەڵ حیزب بووین، ئەوان دەسەڵاتدارتر بوون، ئەوان ئیمکانیاتی زیاتریان هەبوو، مەکتەبەیان هەبوو، ئەوان ژمارەیان زیاتر بوو، بەڵام کاتێك شۆڕش خۆی هەڵوەشاندەوە بەشی هەرە زۆری ئەوانە چوونە ناو حیزب، قسەی ئێمە دەبێت وابێت راست دەرچوو، ئەوە حیزبەو ئەوەی دیکە حیزب نییە بووە جۆرە چالاکییەکی تایبەت. تائێستاش لەبیرمە دوو کوڕی ئاغایەك یەکێکیان شیوعی بوو، دوو کوڕ هاتن بۆ ئەوەی بەشداری ئەو پێخۆشحاڵییەی ئێمە بکەن لە هەولێر، لە رێگا ئۆتۆمبێلەکە وەرگەڕا و دوو برا مردن، یەکێکیان لەوانە ئەو کابرایە بوو کە ناوی ئەنوەر بوو خەڵکی قازیخانە بوو، قوتابی کۆلێژی ماف بوو. جار جارەش نەورۆزمان دەکرد، لایەنێکی دینی هەبوو دژایەتیان دەکردین، بەڵام دژایەتییەکە شەعبی نەبوو، بەپێچەوانەوە بەشێکی زۆر نارەزایەتیان دەردەبڕی چۆن دەبێت ئەوانە تۆمەتبار بکرێن بەوەی ئاگر دەپەرستن.

**سیروان رەحیم: ئەو لایەنە ئایینییە کێبوو؟**

**عەزیز محەممەد:** ماڵی مەلایەك هەبوو شێخ محێدینیان پێدەگوت، شێخ محێدین پیاوێکی ناسراوی هەولێر بوو، وەسەتێکی باش لەدوای نوێژی دەکرد، واماندەزانی مومکینە ئاراستەیکی فیکری رەجعی هەبێت، ئەگەرنا مەلای دیکە هەبوو لەگەڵ ئێمە باش بوون. مەلایەکی وەك ساڵح کۆزەپانکە مەلایەکی باشبوو، کە دەچووین هەندێك بابەت هەبوو پێی تەوقیع بکەین، لە مزگەوتیش ئەو تەوقیعی کردبا موسڵمانەکان هەمووی پەنجەیان پێدا دەهێنا، کافی بوو کە بڵێت مامۆستا حەزدەکەین قسەیەکی باش لەبارەی ئەو مەسەلەیە بکەین، پرسی فەلەستین واو و پرسی ئازادی نیشتمانی وا، دەیگوت موسڵمانینە تەوقیعی بکەن، ئەوانیش تەوقیعیان دەکرد. خەڵکی دیکەشمان هەبوو، هەوڵیاندەدا لە رێگەی حکومەت، کاتێك کە نەورۆز کرا من لە بەغدا بووم، دۆسیەیەکی دادگام لەسەربوو کاتێك گەڕامەوە هەرچەند حکومەت مۆڵەتیشیدا، بەڵام لە دەرەوەی شار بە مشوارێك نەورۆزەکەمان کرد، لەسەر رێگەوبان بۆ ئەو شوێنە پۆلیس هەبوون هەوڵیاندەدا تاوەکو توانا هەیە لێنەگەڕێن خەڵك بگاتە ئەوێ.

**سیروان رەحیم: یەکەمین رێکخراو کە ئێوە لەناو ئەو رێکخراوەدا کارتان کردبێت و دەستتان بەکاری حیزبی کردبێت،چ رێکخراوێکی حیزبی بوو، ئایا حیزبی هیوا بووە؟**

**عەزیز محەممەد:** بەڵێ.

**سیروان رەحیم: پەیوەندیتان لەگەڵ کەسانی ناحیزبی، جۆری رێکخستن بە بەراورد لەگەڵ حیزبی شیوعی و پەیوەندیتان بە سەرۆکی هیوا چۆن بوو؟**

**عەزیز محەممەد:** ئێمە ئەوسا ئاگامان لە سەرۆك نەبوو، ئەوسا ئێمە سەرۆکیشمان نەدەناسی، پاش ماوەیەك ئەو شتانەمان خوێندەوە. ئێمە لەناوخۆماندا پەیوەندیمان لەگەڵ یەکدی هەبوو، لە هەندێك کۆبوونەوەی گشتی دەمانزانی کێی دیکە ئەندامی حیزبی هیوایە، ئەوسا کۆمەڵێکی زۆر لەگەنجان لە حیزبی هیوابوون. لە هەندێك شوێن کۆدەبووینەوە یان هەندێك چالاکی جەماوەری دەکرا، بەتایبەت ئەوەم لەبیرە جوڵانەوەی رەشید عالی کاتێك لە هەولێر روویدا. چالاکییەکی جەماوەری تەقەی تێدا کرا، کۆمەڵە خەڵکێکی تێدا گواسترایەوە بۆ زیندانەکانی عمارە. بەشێکی زۆری ئەو ئەندامانە لەژێر کاریگەری حیزبی هیوابوون.

**سیروان رەحیم: دروست لە چ ساڵ و چ رۆژێك حیزبی شیوعی عێراق دامەزرا، لەوکاتەدا ئێوە لە چ رێکخراوێکی سیاسی کارتان دەکرد؟**

**عەزیز محەممەد:** ئێمە ئاگامان لە حیزب نەبوو، حیزبیشمان نەدەناسی، من ئەوسا منداڵێکبووم لە گوند. نازانم جوڵانەوەی بەکر سدقیش روویداوە تاوەکو ساڵی 1936. حیزبی شیوعی لە 31ی ئازاری 1934 دامەزراوە، بە قۆناخێکی باشیش تێپەڕی، ئەندامێکی زۆریش لە سەرکردایەتی بوون، بەڵام ئەو هەموو چالاکییە بە پلەی یەکەم بەشێوەیەکی روون پەیوەندییان کرد بە هاوڕێ فەهد، پاش ئەو ماوەیەش هاوڕێ فەهد چووەتە دەرەوە و گەڕاوەتەوە، هەندێك ئاراستەی لێکترازان لەناو حیزبدا روویداوە، بەڵام دوای ئەوەی کە هاوڕی فەهد گەڕاوە، کە رەنگە باش نەیزانم، لە سەرەتای چلەکاندا گەڕاوەتەوە، ئەوسا کە هاوڕێ فەهد دەستی بە چالاکییەکان کرد بەرە بەرە چاپەمەنی و سەرکردایەتی پێکهات و کۆنگرە بەسترا، حیزب گواسترایەوە بۆ قۆناخێکی دیکە.

**سیروان ڕەحیم: ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ هاوڕێ فەهد هەبوو؟**
**عەزیـر محەممـەد:** نەخێـر، مـن دووجـار چوومەتـە بەغـدا پێـش ئـەوەی هـاوڕێ فەهـد بگیرێـت، چونکـە ماوەیەکـی کـورت لەنێـوان پەیوەندیکردنـی مـن بـە حیـزب لەگـەڵ گرتنـی هـاوڕێ فەهـد هەبـوو. دووجـار چوومەتـە بەغـدا لـە هـەردوو جارەکـەدا لەتـەك هەندێـك ئەندامـی سـەرکردایەتی دیکـە هـاوڕێ (زەکـی بەسـیم)م دەدیـت، ئـەوەی لەگـەڵ هـاوڕێ فەهـد لەسـێدارەدرا، لەگـەڵ ئـەو دادەنیشـتم، پاشـان زانیـم کـە ئـەو بەرپرسـی ڕێکخسـتنە بەتایبەتـی بەرپرسـی کوردسـتانە، کـە دەچـووم (زەکـی بەسـیم)م دەدیـت وەرگێـڕم لەگـەڵ خـۆم دەبـرد. قوتابییەکـی کۆلێـژی مافـمان هەبـوو نـاوی یەحیـا سـەلیمە،کە ئەندامـی حیـزب بـوو لـە بەغـداش بـوو، ئـەوم لەگـەڵ خـۆم دەبـرد تاوەکـو قسـە لەگـەڵ هـاوڕێ زەکـی بکـەم، چونکـە عەرەبیـم نەدەزانـی.

**سیروان ڕەحیم: هاوڕێ فەهد خەڵکی کوێ بوو؟**
**عەزیـر محەممـەد:** هـاوڕێ فەهـد لـە بنەڕەتـدا لـە مەسـیحییەکانی کوردسـتانە، بـەڵام خەڵکـی ناسریـە بـوو، هـەر لەوێـش دەسـتی بەچالاکییەکانـی کـرد لـە ناوچەکانـی باشـووری عێـراق.
**سـیروان ڕەحیـم: ئەگـەر تۆزێـك بگەڕێینـەوە بـۆ دواوە، ڕۆژانـی سـەرەتا لـە گونـدی بێرکـۆت، یـان ڕۆژانـی لاوێتـی لـە هەولێـر یاخـود لـە قـەڵای هەولێـر، چ پەیوەندییەکـی بـە ژیانـی سیاسـی ئێـوەوە هەیـە، ئەگـەر باسـی یادگارییەکانـی خـۆت بکەیـت؟**
**عەزیــر محەممــەد:** مــن بــۆم باســکردی بێرکۆتــم لەبیــر نییــە، راســتە لــە بێرکــۆت لەدایکبوومـە، بـەڵام لەبیـرم نییـە لـە بێرکـۆت ژیابـم، دوای بێرکـۆت هـەر بـە منداڵـی چووینەتـە سـێبیران کـە ئەویـش نزیکـی هەولێـرەو نزیکـی عەنکاوەیـە. هاتووچـۆی بێرکۆتـم کـردووە، بـەڵام لـە بیـرم نییەکـە لـە بێرکـۆت ژیابـم وەکـو خێـزان چووبیـن بـۆ بێرکـۆت، بـەڵام لـە دەوروبـەری شـار ژیاویـن.
ئەوسـا هیـچ پەیوەندییەکـم بـە لایەنـی سیاسـییەوە نەبـووە لـە قۆناخـی منداڵـی، تاوەکو هاتینـە هەولێریـش هیـچ پەیوەندییەکـمان بـە لایەنـی سیاسـییەوە نەبـوو. جـار جـارە دەمانبیسـت حیـزب حیزبێنـە دەکـرا، ئـەوەی یاسـین هاشـمی و کـێ و کـێ، بـەڵام بەنیسـبەت ئێمـە شـتێکی نـاڕوون بـوو، ئەوانیـش بـە بۆنـە لقیـان پێکدەهێنـا لەنێـوان

هەندێـك ناوەنـدی سیاسـی عێراقـی و هەندێـك ناوەنـدی دیکـە، بۆیـە مـن پەیوەندیـم بـە ناوەنـدە سیاسـییەکانەوە نەبـوو ئـەوکات.

**سـیروان رەحیـم: ئەگـەر بچیـە هەولێـر، ئـارەزوو دەکـەی بڕۆیـە ئـەو شـوێنەی لـە رۆژانـی لاوێتـی لەوێبـووی؟ چ گەڕەکێـك بـوو؟**

**عەزیـر محەممـەد:** دواییـن جـار کـە نـاو فەقێیانـم بەجێهێشـت، لـە بەحرکـە بـوو، بەحرکـە شـوێنێکە زۆر دوور نییـە لـە هەولێـر، رەنگـە دوو کاژێربـێ بەپـێ، هەولێـر ئەوسـا پەرشـوبڵاو نەبـوو، دواییـن جاربـوو ئەوێـم جێهێشـت، کـە چوومـەوە هەولێـر بـەو دوا بەدوایيـە گەلێـك بەلامـەوە گرنگبـوو بەحرکـە ببینـم، بەحرکـە کانییەکـی گەورەی تێدایـە، نـاوی بەحرکـە بچووککـراوەی بەحـرە، کانییەکـە بـە بەحرێـك چوێنـدراوە، مـن وای راڤـە دەکـەم ئـەو کانییـە دێیەکـە لەسـەری دەژیـا، چەپەرێکـی بـۆ دانـراوە لـە دار. بەشـێکی بـەر مزگـەوت کەوتـووە بـۆ دەسـتنوێژ و ئـەو بابەتانـە، نیـوەی دیکـەی بـۆ دێ ماوەتـەوە بـۆ ئـەوەی خەڵـك بێـن و ئـاو ببـەن بـۆ خواردنـەوە و قـوڕکاری و ئاودانـی ئـاژەڵان و هـەر پێداویسـتییەکی دیکـە. ئێسـتا دۆخەکـە گـۆڕاوە، بۆیـە زۆر بەلامـەوە گرنگبـوو بچمـە بەحرکـە، کـە مـاوەی 60 سـاڵبوو بەحرکـەم نەدیبـوو.

خۆشـحاڵدەبم هەندێـك کـەس ببینـم ئەگـەر بتوانـم بیانناسـمەوە، سـیما و سـەروچاویان لـە ئەوسـا بچێـت یـان هەوڵمـدەدا نەختێـك پاڵیـان پێوەنێـم بـۆ ئـەو رۆژانـە، تاوەکـو بزانـم چییـان بـەو رۆژانـە دەچێـت، یەکێکـمان لەگـەڵ بـوو نـاوی عەبدوڵـڵا بـوو یـادی بەخێربێـت مـرد، زۆرم پێخۆشـبوو سـەرێکی لێبـدەم، نەشـتەرگەریەکی کـرد لـە بەغـدا، تەواوبـوو پێشـی ئـەوەی ئـەو هیوایـەی مـن بێتـەدی. جـا مـن چوومـە بەحرکـە بـە بیانـوی پرسـە، بـەڵام چوومـە لای کانیەکـە، هەمـوو شـتێك بـەرەو پێشـترە، بـەڵام پێـم خۆشـبوو بەحرکـەی کـۆن ببینـم نـەك بەحرکـەی ئێسـتا. حەوزەکـەی ئێسـتا چیمەنتـۆ کـراوە و سـەری داپۆشراوە، رەنگـە زۆر پـاك و تەمیـز بێـت. ئەوسـا ئـەوی دەهـات نوێژی دەکـرد و دەسـتنوێژی دەشوشـت، رەنگـە جۆرەهـا پیسـایی تێـدا کرابێـت، بـەڵام چونکـە لەبـەری دەڕوات ئـەو ئـاوە پیـس نابێـت، پێـوەری دیکـەش هەیـە، بـۆ ئـاوی راکیدیـش، ئاوێکـی وەسـتاو کـە کـەی قولەتێنـە و کـەی قولەتێـن نییـە. کاتێـك چوومـە ئـەوێ خۆشـحاڵبووم بەحرکـەی کـۆن ببینـم، دوای 60 سـاڵ گۆڕانکارییەکـی زۆری تێـدا کرابـوو.

لـە هەولێریـش ئـەو شـوێنانەی بـۆی چوومـە، هەوڵمـداوە بچمـە قـەڵات، ئـەو شـوێنەی کـە لێـی ژیـاوم پێیـدا بچـم و ئـەو کۆڵانانـەی کـە لێیبـووم و تۆپانێـمان تێیـدا دەکـرد، کۆڵانێـك بـوون دەسـتت بـەولاو بـەولای دیوارەکـە دەکـەوت، بـەڵام بەهەرحـاڵ نازانـم چـۆن تۆپانێـمان تێـدا دەکـرد.

**سـیروان رەحیـم: ئەوکاتـە نێوانـی بەحرکـە و هەولێـر دوو کاژێـر بەپـێ دوور بـوو، دوای 60 سـاڵ ماوەکـەی چەنـد بـوو؟**

**عەزیـر محەممـەد:** بـە ئۆتۆمبێـل چوویـن 10-12 خولەکـمان پێچـوو، رەنگـە ئەوسـا دوو سـەعات و شـتێك بووبێـت، بـەڵام ئەوجـارە بـە 12 دەقیقـە چوویـن، هەمـوو رێگاکـەش رووپۆشـکراوە و رێگایەکـی خۆشـە بـە ئۆتۆمبێلیـش چوویـن، ئەوسـا کـە گەڕامـەوەش بـە تاریکـی گەڕامـەوەو شـەویش بـوو. دایکـم هۆیێکـی لەخۆیکـرد و پێـی سـەیربوو کـە بـە شـەو هاتوومەتـەوە، گوتـم بەیەکجـاری هاتوومەتـەوەو ناگەڕێمـەوە، هەرچەنـد کـە فەقێیەکانـم بەجێهێشـت گەلێـك هەوڵیانـدا کتێبـەکان و پێداویسـتییەکانی کـە هەمـە پـەرش و بـڵاوی بکـەم بـۆ ئـەوەی رێگریـم لێبکـەن کـە بـڕۆم، بـەڵام هەموویـم بەجێهێشـت و گەڕامـەوە، پاشـان ولاخێکـم بـرد شـتەکانم لێکـرد و چوومـەوە ئـەو دێیـەی کـە باوکمـی لێبـوو ، لەوێـوە دووبـارە چوومـەوە شـار.

**سـیروان رەحیـم: یەکـەم سـوێندێك بـۆ چوونـە نێـو حیزبێـك یاخـود لـە بەرامبـەر رێکخراوێکـی حیزبـی خواردووتانـە لەکاتـی ئەندامبوونتـان لـە حیزبـی هیوادا بـە وێنەی سـەرۆك، نـاوی سـەرۆك و ئـاڵای کوردسـتان بـوو؟**

**عەزیـر محەممـەد:** هـەر بـەو بۆنەیـەوە قورئانـم لەبیـر نەبـوو، قورئـان و وێنەیەکـی چیایەکانـی کوردسـتان و خەنجەرێکیـش.

**سیروان رەحیـم: پەیوەنـدی ئـەو خەنجـەرەو خەنجەر هەڵگرتـن لەلای ئێـوەچ مانایەکی هەیـە؟ ئایـا پەیوەنـدی بـەو خەنجـەرەوە هەیـە یـان وەکـو داوونەریتێکـی کـوردەواری ئێـوە بـەردەوام خەنجەرتـان لەبـەر پشـتێندا بینـدراوە؟**

**عەزیـر محەممـەد:** ئـەوەی راسـتی بێـت مـن کـە فەقێ بـووم خەنجـەرم هەبوو، کیسـەی تووتـن و خەنجـەر، جـا منداڵیـش بـووم دایکیشـم رەنگـە کەیفـی بـەوە دەهـات، چونکـە کیسـەی تووتـن، کـێ جگـەرە دەکێشـێت پیـاو. جـا وەکـو بڵێـی هەرچەنـدە نەشـبووم،

واتـە ئـەو پیـاوە، بـەڵام دایکـم کەیفـی بـەوە دەهـات کـە کیسـەی تووتنـم هەبـوو، خەنجەرەکـەش هـەر بـۆ قیافـەت بـوو، بۆیـە خەنجـەرم خۆشویسـتووە. ئێسـتاش رەنگـە لـە دێهاتـدا زۆر کـەم چـاوم بـە خەڵـك دەکەوێـت کـە خەنجـەر هەڵبگـرن، لێشـی نـا مورتاحـم. بـۆ نموونـە لـە بەحرکـە خەنجەرچـی کە دەهـات بـۆ دێ بەشـێکی زۆر خەنجەر کۆدەبـووەوە بـۆ مشـتوماڵکردن و بـۆ دەسـتکگۆڕین و کالان گۆڕیـن، ئینجـا کەسـی واش هەبـوو هەنـدە شـانازی بـە خەنجـەرەوە دەکـرد رەنگبـوو بـە دەمانچەیەکـی باشـی نەگۆڕێتـەوە، خەڵکەکـە هەمـووی خەنجـەری هەبـوو، پەیوەنـدی بەچینایەتییـەوەش نەبـوو، رەنجبـەر هەیبـوو، فـڵان هەیبـوو، فەقێیـەکان بەشـێکی هـەرە زۆریـان هەیانبـوو. ئێسـتا لـە باشـووری یەمـەن، لـە عەمـمان و لـەو شـوێنانە سـەیر دەکـەی کابرایـەك بـە سـاڵاچووە قـەت بـە خەیاڵـت نایـێ رۆژێـك لـە رۆژان خەنجـەر وەشـێن بێـت، بـەڵام خەنجـەری هەڵگرتـووە وەکـو تەتیمـەی قیافـە.

مـن بەشـبەحاڵی خـۆم بـەم دواییـە وەك تەتیمـەی قیافـە هەڵمدەگـرت، هەندێـك پێیانخۆشـبوو، هەندێکیـش دەیانگـوت توخـوا لێـت نایـێ، لێـت نایـێ بـەچ مانایـەك ئەتۆیەکـی شـیوعی و ئەتۆیەکـی فـڵان و فـڵان و شـتی وا، دەمگـوت قابیلـە خەنجـەرم هەڵگرتـووە بـۆ ئـەوەی بیوەشـێنم؟ پەیوەنـدی بـە سـەرەتایەکەوە هەیـە، نـەك پەیوەندی بـەو خەنجـەرەی کـە سـوێندم پـێ خـواردووە یـان شـتێکی لـەو بابەتـە.

## سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق
## (1964–1993)

**سیروان رەحیم: یەکێك لەو شتانەی بەڕاستی حەز دەکەم بیزانم کە وەك نهێنییەکە بۆ من، ئەوەیە لە ساڵی 1992 دوای راپەڕینی باشووری کوردستان لە رۆژنامەی (طریق الشعب) دیدارێك لەگەڵ ئێوە سازکرابوو، لەوێدا لەکاتێکدا دروست لەو شوێنەی دەمی قسەتان لە لاوانە بۆ خۆپێگەیاندن، باسی ئەوە دەکەی، لەکاتێکدا بوویە ئەندامی حیزب نەخوێندەوار بووی، ئایا ئەمە چۆنە؟**

**عەزیز محەممەد:** بێگومان خەڵکی نەخوێندەواریش دەبنە ئەندامی حیزب، لەناو حیزبدا خەڵکی نەخوێندەواریش هەیە.

**سیروان رەحیم: بەڵام چۆن نەخوێندەوارێك دەبێتە سکرتێری حیزب؟**

**عەزیز محەممەد:** کە ئەو قسەیەم کردووە، بە مانایەکی تازە لێکمداوەتەوە، نە لەبەرئەوەی من لە قۆناخی سەرەتایی دەرچووبووم، رەنگە هەندێك کتێبیشم دەخوێندەوە، کە رەنگە هەرجارەو لاپەڕەیەکیان دوو لاپەڕەم بۆ خوێندرابێتەوە، بەڵام دەمخوێندەوە. تائێستاش لەبیرمە کتێبێکم چنگ کەوت (الاشتراکیة)ی نیقۆلا حەداد

کـە کتێبێکـی خەیاڵییـە، زۆر متـوی ئەوەبـووم ئـەو کتێبـە بخوێنمـەوە و هەسـتی پێبکـەم، چونکـە باسـی دوورگەیـەك دەکات، باسـی سیسـتەمێك دەکات کـە نزیکـە لـە سیسـتەمی ئیشـتراکی، بـەڵام مـن زۆر کـەم لێـی تێدەگەیشـتم، وەك پێشـتر باسـمکرد، مـن ئیشـتراکی (مجلـة المجلـة)م کردبـوو لەلاپـەڕەی یەکـەم تاوەکـو کۆتایـی دەمخوێنـدەوە، بـەڵام بـاش تێنەدەگەیشـتم. جـا بۆیـە کـە مـن دەڵێـم لەنـاو حیزبـدا بەرەنـگاری نەخوێنـدەواری کرایـەوە، واتـە ئەگـەر شـتێك فێربوویـن لەنـاو حیزبـدا فێربوویـن بـەو مانایـەش باسـم کـردووە، لـە راستیشـدا هەروایـە.

مـن کـە چوومـە زینـدان بوومـە حیزبیـش، جارێکیـان لەمنیـان پرسـی چـۆن بوومـە حیزبـی، کـە بوومـە حیزبیـش دەبـوو ئـەو شـتە فێربـم کـە لـە رێگەیـدا خـۆم رۆشـنبیر بکـەم و شـتێك فێربـم لەژیانـدا، کـە تـۆ لەکوردیـدا هیـچ سـەرچاوەت نەبێـت، دەبـێ بیـر لـەوە بکەیـەوە کامـە زمـان لەتـۆوە نزیکـترە و شتیشـی تێدایـە بیخوێنیـەوە. زمانەکـە عەرەبـی بـوو. مـن کـە چوومـە زینـدان ماوەیەکـی بـاش کتێبـی ئەدەبیـم دەخوێنـدەوە، کتێبـی تەهـا حوسـێن، نەجیـب مەحفـوز، تەوفیـق حەکیـم و کۆمەڵێـك لـەو کتێبـە ئەدەبیانـەم دەخوێندنـەوە. مـن عەرەبـی بـە خوێنـدن فێـر نەبـووم بە(نحـو صرف) فێـر نەبـووم، بەڵکـو بـە خوێندنـەوە فێربـووم و هـەر لـە رێگـەی خوێندنـەوەوە.
جارێکیـان لـە بۆنەیەکـەدا ئەریـك رۆلـۆ هـات لەگەڵـم دانیشـت و وابزانـم لـە سـاڵی 1972 یـان 1973 بـوو، دیدارێکـم لەگـەڵ ئەنجامـدا، پێمگـوت لـە راسـتیدا مـن چـۆن و چیـم و چـی نیـم، ئەویـش سـەری سـوڕما، گوتـی باشـە چـۆن تۆیـان هەڵبـژاردووە بـە سـکرتێری حیـزب، منیـش گوتـم بەخـوا خۆشـم نازانـم، گوتـم دەبـێ لەوانـە بپرسـی کـە منیـان هەڵبـژاردووە، کەفائـەت و ئیمکانیاتـی مـن بـەم شـێوەیەیە.
بەشـێکی زۆر لـە ئێمـە مانـان، چونکـە حیـزب پێداویسـتی هەیـە، دەبـێ بخوێنیـت، تەنانـەت ئەگـەر نەخوێنـدەوار بیـت، دەبـێ هەوڵبـدەی پیتـەکان فێـر ببیـت، نووسـین فێرببیـت، شـتێك فێرببیـت، بـەڵام ئەگـەر هەنگاوێکـت پـێ هاویشـتبێ ئـەوا دەبـێ بچیـە نـاو قەزیەکـە، بـەرە بـەرە زانیاریـت زیـاد بکـەی تاوەکـو بتوانـی کتێبـی دیکـە بخوێنییـەوە و تێبیگـەی، مـن لـەوی دووەمـم، کاتێـك چوومـە نـاو حیـزب ئـەوەی کـە شـتێك فێربوومـە لەنـاو حیزبـدا فێربوومـە، دیـارە ئـەو برادەرانـەش منیـان هەڵبـژاردووە،

شـتێکیان لەمـن دیـوە کـە کۆدەنگییەکـم لەسـەر بکـەن، دەبـێ شـتێکی وا هەبێـت. ئەگـەر لێـم بپرسـی چییـە؟ مـن خـۆم نایزانـم.

**سیروان رەحیم: چ ساڵێك بوون بە سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق؟**

**عەزیــر محەممــەد:** لــە ئابــی 1964، لــە کۆبوونــەوەی کۆمیتــەی ناوەنــدی، چونکــە کۆمیتــەی ناوەنـدی سـکرتێر هەڵدەبژێرێـت، لەوکاتـەدا سـکرتێری حیـزب لەسـێدارەدرا، بۆشـاییەك دروسـتبوو، کۆنگرەشـمان نەبەسـتووە، لەوکاتـەدا نەشـماندەتوانی کۆنگـرە ببەسـتین، بۆیـە کۆبوونەوەیەکـمان لـە دەرەوەی عێـراق ئەنجامـدا، لـەو کۆبوونەوەیـەدا منیـان بـە سـکرتێری حیـزب هەڵبـژارد.

**سیروان رەحیم: تاوەکو ساڵی چەند سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق بوویت؟**

**عەزیر محەممەد:** تاوەکو ساڵی 1993، واتە 29 ساڵ و چەند مانگێك.

**سـیروان رەحیـم: پێـش ئـەوەی ببـی بـە سـکرتێر لـە پلـە جیاوازەکانـی حیزبیـدا کارتـان کـردووە یـان چـۆن بـوو، بوونـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی؟**

**عەزیــر محەممــەد:** لـە سـاڵی 1958 کاتێـك لـە زینـدان هاتمـە دەرەوە، یەکـەم شـت سـکرتێری حیـزب پەیوەنـدی پێوەکـردم گوتـی تـۆ ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەندیـت، چونکـە لـە زینـدان لـەژووری ئەندامانـی کۆمیتـەو سـەرکردایەتی بـووم، ئێمـە پێشـتر لـە ڕێکخراوێکـی دیکـە هاتبوویـن و دەسـتمان لـەکار هەڵگرتبـوو، مـن بووم، هـاوڕێ جەمال حەیـدەری بـوو، کۆمەڵێکـی دیکـەش بوویـن، گوتـی تـۆ ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەندیـت، لـە ئەیلوولـی 1958 کۆبوونەوەیـەك کـرا، مـن لـەو کۆبوونەوەیـەدا ئامادەبـووم، تـازە هاتبوومــە دەرەوە لــە زینــدان، تاوەکــو تەممــوزی 1959 ئــەوکات بوومــە ئەندامــی مەکتەبـی سیاسـی، لـە 1959 تاوەکـو 1964 ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی بـووم، بەشـی زۆرم لـە کوردسـتان رابـوارد، پەیوەندیـم هەبـوو لەگـەڵ شۆڕشـی ئەیلـول، لەگـەڵ مـەلا مسـتەفا، ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـی، هەروەهـا لەگـەڵ برادەرانـی دیکـەی خۆمـان، سـەرکردایەتییەکانی خۆمـان، ئەندامانـی کۆمیتـەی ناوەنـدی. پاشـان ئـەو کۆبوونەوەیـە بەسـترا لـە ئابـی 1964، لـەوێ هەڵیانبـژاردم بـە سـکرتێری حیـزب.

**سـیروان رەحیـم: زۆرجـار گوێـمان لێبـووە ناسیۆنالیسـتەکانی عـەرەب، گەلانـی ژێـر دەسـتە، یـان بـە قەولـی ئـەوان کەمینـەی نەتەوەیـی بـەوە تاوانبـار دەکـەن کـە گوایـە**

**بیـری کۆمۆنیسـتیان لـە عێـراق و لـە سـووریا بڵاوکردووەتـەوە، بەڵگەشـیان بـۆ ئـەوە ئەوەیـە، زۆربـە یـان نیـوەی ئـەو کەسـانەی کە لـە سـەرکردایەتی حیزبـی کۆمۆنیسـتدان، چ لـە عێـراق یـان چ لـە سـووریا کـوردن، ئایا بۆچوونـی کەسـی تـۆ لەوبارەیـەوە چییە؟**

**عەزیـر محەممـەد:** وابزنـم ئـەوە ئەسـڵی نییـە، یـەك شـت دەزانـم لاموایـە لـە لوبنـان یـان لـە سـووریا ماوەیـەك دروشـمی تەعریـب هەڵگیـرا، چونکـە ئەندامانـی غەیـرە عـەرەب چالاکیـان دەنوانـد. لـە عێراقـدا کۆمەڵێکـی زۆر لـە ئەندامانـی سـەرکردایەتی و پێشـکەوتووەکان وەك زەکـی خەیـری، فەهـد و چەندانـی دیکـە دامەزرێنـەری ئـەو جوڵانەوەیـەن.

شـتێك هەیـە دەمەوێـت لێـرە بیڵێـم، لەکاتـی خۆیـدا لـە کودەتـای شـوباتدا (کودەتـای حیزبـی بەعـس لـە دژی حیزبـی کۆمۆنیسـتی عێـراق لـە مانگـی فەبرایـەری1963دا) لـە تیـرۆری دووەمـی بەعسـدا لـە دژی حیـزب، بەشـی هـەرە زۆری حیـزب کادیـری عەرەبـی گرتـەوە، بـۆ؟ جـارێ ئەگـەر کودەتـای شـوبات بـە نموونـە وەربگریـن کـوردەکان لەکوردسـتان بـوون، حیزبـی بەعـس فریـا نەکـەوت لـە کوردسـتاندا ئـەوە بـکات کـە لـە بەغـدا کـردی، ئـەو ماڵانـە بگرێـت کـە لـە بەغـدا گرتـی، جگـە لـەوەش لـە 1963 دا شـۆڕش هەبـوو لـە کوردسـتان، تەنیـا شـار بەجێدەهێڵـدرا ئیـتر تـۆ لـە ئەمانـی، بۆیـە ئێمە ئـەو بـرادەرە کـوردە سـەرکردایەتیانەمان دۆڕانـد کـە ئیشـەکانیان وایدەکـرد لـە بەغـدا بـن. دوو کەسـیان زۆر دیـارن ئەوانیـش جەمـال حەیـدەری و نافـع یونـس. نافـع یونـس لـە بـواری سـەربازی کاری دەکـرد، هـاوڕێ جەمـال حەیـدەری لەگـەڵ ئـەوەی ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی بـوو، ئەندامـی سـکرتاریەتی حیزبیش بـوو، سـکرتاریەتیش چالاکییەکی رۆژانەیـە. بـەڵام ئێمەمانـان تاوەکـو ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی بـووم و رەوانەکـرام بـۆ سـەرکردایەتی هەرێـم، لـە راسـتیدا ئەوانـەی دیکـە، ئەوانـەی لـە کوردسـتان بـوون برادەرانـی ئێمـە لـە راسـتیدا مانـەوە، زیاتـر لـەوە دوو سێ برادەرمـان کادیـری پاشـی کۆمیتـەی ناوەنـدی لـە زینـدان گیرابـوون پێـش کودەتـای شـوبات ئەوانیـش کـورد بـوون، لەگـەڵ کـوردەکان بـەردران پێشـی ئـەوەی بزانرێـت ئەوانـە لەسـەر حیسـابی حیزبـی شـیوعی گیـراون، ئەگـەر بزانرابـا لەسـەر حیسـابی حیزبـی شـیوعی گیـراون رەنگبـوو نەمێنـن. لاموایـە یەکێـك لەوانـە هـاوڕێ ئەحمـەدی خێڵانییـە، یەکێکـی دیکەیـان ئەگـەر باشـم لەبیربێـت (عـادل سـەلیم) بـوو، ئەوانـە بەربـوون و گەڕانـەوە لای خۆمـان.

لەکوردستاندا خەڵکێکی زۆر نەگیران لە سەرکردایەتییەکان، لەم دوا دواییەش هەروابوو، بۆیە دۆخێك لەناو حیزبدا خوڵقا کە ڕەنگە من بەشبەحاڵی خۆم زۆر بەلامەوە گرنگ بوو پێشی ئەوەی ببێتە غەڵبە غەڵبێك لەناو حیزبدا، ئەم دۆخە چارەسەر بکەین، واتە چارەسەرکردنی سەرکردایەتی حیزب لە بەرژەوەندی ئەندامانی عەرەبی، چونکە ناتوانی لە دۆخێکی وادا چاو لەوە بپۆشیت، هەرچەند بەپێی مەبدەئەکە، دەڵێ دەبێ ئەندامانی سەکردایەتی لە باشترین ئەندامانی حیزب هەڵبژێردرێن، ئەگەر ژمارەیەك لەو ئەندامانە کوردبن دەبێ وابکەی چاو لەوە بپۆشی کە ڕەنگە بەیانی کابرایەکت هەبێت یان نزیکی ئەو برادەرەیە لە مەسەلەی کەفائەت و ئیماکانیات یان وەکو ئەوە، ئەوە تەوزیف بکات لەسەر ئەوە، ئێمە لەکۆنگرەدا هەوڵی ئەوەماندا چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکەین پێشی ئەوەی ببێتە ناخۆشییەك بۆ بەرژەوەندی چارەسەرکردنی سەرکردایەتی حیزب. نازانم چەند سەرکەوتووبووین بەس ئەو فەترەیە ماوەیەك هەبوو ژمارەیەك لە برادەرانی مەکتەبی سیاسی کورد بوون، دەی منیش کورد بووم کە سکرتێری حیزب بووم، بەڵام لە ڕاستیدا بەشی هەرە زۆری ئەوانەی منیان هەڵبژارد عەرەب بوون.

لەو ڕووەوە ئەو قسەیە هەبوو، بەڵام ئەوەی من باسمکرد کێشەکە کێشەی ئەوەنەبوو لایەنێکی کەمینە دروستیکردبێت، تیرۆری نیزام دروستیکردبوو، ئێمە تەقریبەن مەکتەبی سیاسی کۆمان تەسفیەکرا، ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیمان لەکودەتای شوباتدا تەسفیەکران، بەڵام لەکوردستاندا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی مان، لەوانە کەریم ئەحمەد، عومەر عەلی شێخ و من بووم، من ئەوسا لەکەرکووك بووم کە کودەتای شوبات ڕوویدا. پاشی پێنج شەش ڕۆژ لەکەرکووك چوومە دەرێ بەرەو کوردستان، بەس هەوڵماندا چارەسەری ئەو پرسە بکەین، نازانم چەند سەرکەوتوو بووین. ئێستاش سکرتێری حیزب برادەرێکی عەرەبە و من بەشبەحاڵی خۆم ڕێز و ئیحترامێکی زۆرم بۆی هەیە، چەند ساڵێك پێش ئەوەی من ئەو شوێنە جێبهێڵم بیرمان لێکردبووەوە ئەو ببێتە سکرتێر، حەمید مەجید موسا ناسراو بە ئەبو داود.

## کۆمۆنیست و کێشەی کورد

**سیروان رەحیم: هەندێك لە نووسەران و سیاسەتمەدارانی کورد رەخنەی ئەوە لە کۆمۆنیستانی کورد دەگرن، یان مەحکومیان دەکەن و تاوانباریان دەکەن بەوەی گوایە هەمیشە ئەوان خۆیان لە باسی کوردایەتی لاداوە، بە مانای کوردایەتی. لەبەرئەوەی بەوە تاوانباریان نەکەن ئەمانە کەسانی ناسیۆنالیستن، ئایا ئەمە راستە؟**

**عەزیز محەممەد:** ئەوە نهێنی نییە، لە سەرەتادا هەڵوێستی حیزب تاوەکو رادەیەکی زۆر روونبوو بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد، لە ناوەندێکی زۆریشەوە ئەو قسەمان بۆ ماوەتەوە، نازانم تاوەکو چ رادەیەك ئەو رۆژنامەیە ماوە یان نا. ئەو نەهجە مایەوەو رەنگە لەبەر هەندێك ئیعتبار رۆژێك لە رۆژان زۆر زەق نەبێت، بەڵام قەت قەت لێی لانەداوە، مافی چارەنووس هەمیشە وەك دەقێك تێیدابووە.

ئێمە،حیزبی شیوعی، بێگومان نامەوێت لە باری بەراوردکاری خۆمان هەڵکێشین کە لە هەندێك خەڵکی دیکە باشترین، بۆیە دەبێ ئێمە باش بین، چونکە بۆی هەیە لە هەندێك خەڵکی دیکە باشتر بین و باشیش نەبین، بۆ نموونە حیزبی

تـوده، بـه تەقدیـری مـن لـەو بابەتـە کەمتەرخەمـی کـردووە کـە ڕێکخسـتنی تایبەتـی نییـە لـە کوردسـتان، تەنانـەت لـەو ڕووەوە کێشـەیەکی زۆری پەیداکـرد لـەوەی لەگـەڵ حیزبـی دیموکراتـدا هـاوکاری نـاکات و، وایدادەنێـت لقێکـە لـە خـۆی.

حیزبـی شـیوعی لـەو بابەتـەدا هەڵوێسـتی لـە مەسـەلەی نەتەوایەتـی بەشـێوەیەکی گشـتی هەڵوێسـتێکی ڕاسـت بـوو، ڕەنگـە لـە هەندێـك بارودۆخـدا، لـە هەندێـك پرسـی ڕۆژانـەدا کـە پەیوەنـدی بـە پرسـی دیکـەوە هەبێـت، ڕەنگـە لێـرەو لـەوێ کەمتەرخەمـی کرابێـت.

لـە هـەر حیزبێکـی پێشـکەوتنخواز، ئیشـتراکی یـان شـیوعی، لـە وڵاتێکـدا کـە نەتـەوەی زۆری تێدابێـت، دەبـێ بەرنامەیەکـی هەبێـت بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی نەتەوایەتـی، لـەو ڕووەوە حیزبـی شـیوعی دەمێکـە دروشـمی ئـەوەی هەڵگرتـووە، جـا ڕەنگـە کەمـی تێدابێـت و مەزبـوت نەبێـت، بـەڵام دروشـمی ئـەوەی هەڵگرتـووە لەگـەڵ جوڵانـەوەی شۆڕشـگێڕی کوردسـتانی لـە دیـوی خۆمانـدا دوانەکەوتـووە لـەڕووی دروشـمەوە. بەڵـێ حکومـی زاتـی تەبەنیکـردووە، بـەڵام پـڕ بەپێسـتی نییـە و دەبـێ داوای شـتی دیکـە بـکات. بێگومـان لێـرە هــەر ئەوەنــدە دەڵێــم، ئێمــە پێمانوانییــە ئــەوە چارەســەری کۆتاییـە، پێمانوایـە هـەر قۆناخێـك میللەتـی کـورد پێـی رابـگات لەسـەر ڕێـی ئامانـج و ئاسـۆی سیاسـی کـە پێشـی بخـات و بـەرەو ئـەولا ببیـات، شـتێکی ڕەوایـە. بـەڵام ئەگـەر گوایـە کۆتایـی ڕێگاکـە بێـت و ڕێـگا بگرێـت لەپرسـی دیکـە، بێگومـان ئـەوە نـا.

جـا بۆیـە ئەگـەر حیزبـی شـیوعی، ئەگـەر بەرگریکـردن لـەو ڕووەوە پرسـی نەتەوایەتـی، ئەگـەر بەرگریکـردن لـە میللەتـی کـورد بـەو قەبـارەو کاریگەرییـە و بـەو ڕۆڵـەی لـە شارسـتانیەتی ناوچەکـە بینیویەتـی، ئەگـەر بەرگـری لـەوە نـەکات، کـەی ئیشـتراکییە. بـە بۆچوونـی مـن دەبـێ ئـەوە وابێـت، بـەڵام ئەمـە دیسـان ئـەوە ناگەیێنـێ لێـرەو لـەوێ کەمتەرخەمـی، فـڵان، لێـرە شـتێك لـەو بابەتـە، وەك هەمـوو شـتێکی دیکە نـەك دەربارەی پرسـی نەتەوایەتـی. خاڵێـك هەیـە نازنـم چ قەبارەیەکـی دەبێـت، مـن بەشـبەحاڵی خـۆم دەمێکـە پێموایـە بەرگریکـردن لـە مەسـەلەی نەتەوایەتـی لـە مەسـەلەی میللەتـی کـورد بێگومـان بەپێـی ئـەو قۆناخـەی ئێمـە تێیدەگەیـن ئەگـەر مـرۆڤ ئـەو بەرگرییـە نـەکات فـڕی بەسـەر ئیشـتراکیەت و شـیوعیەتەوە نییـە.

لـە پرسـی حوکمـی زاتـی ڕەنگـە گلەیـی لێبکرێـت، ناحیەیـەك هەیـە ئێسـتا ڕەنگـە

رووناکییەك دەخاتە سەر ئەو مەسەلەیەی کە دەمەوێت بیڵێم، بەڵام لام روون نییە، ئێمە وای بۆ دەچووین و وامان دادەنا، رەنگە ئێستا شتێکی تێدابێت راستبێت، مەسەلەی نەتەوایەتی لە قۆناخی ئیشتراکیەت چارەسەر دەبێت.
بەڵام رەنگە جار جارە گەیشتبێتە ئەو رادەیە تاوەکو ئەوسا کارێکی ئەوتۆ بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی نەکرێت، رەنگە. دڵنیا نیم لەوە. بۆ نموونە لەکاتی خۆیدا هاوڕێ فەهد گوتی گەلی کورد پێویستی بە حیزبی هیوا نییە، بەڵکو پێویستی بە حیزبی عەمەلە، حیزبێك بێت کاری بۆ بکات نەك تەنیا هیوای پێبدات.
نموونەیەکی جەزائیریەکانم لەبەرچاوە، جەزائیریەکان لەسەر ئەو بنەمایەی جەزائیر پەیوەستە بەفەرەنسا، کە ئیشتراکیەت لە میترۆپۆل سەرکەوت، ئەوسا ئۆتۆماتیکیەن مەسەلەی جەزائیریش چارەسەر دەبێت، رەنگە لەو رووەوە نەختێك خۆیان دوو راگرت لە شۆڕشی جەزائیر، بێگومان کەموکوڕی لە شۆڕشی جەزائیر گەلێك زۆربوو، خەڵکێکی زۆریان لەناوبرد، بەڵام رەنگە ئەو مافەیان نەبێت کە خۆیان دوورخەنەوە، ئیلا و بیلا رەبتی بکەن تاوەکو ئەو رۆژەی ئیشتراکیەت لە فەرەنسا سەردەکەوێت ئەوسا مەسەلەی جەزائیر و پرسی نەتەوایەتی جەزائیر کە پەیوەستکراوە بە فەرەنسا، ئەوسا چارەسەر ببێت.
رەنگە ئەوە شتێکی خستە سەر ئەو حیزبە و ئەوەی دیکە، رەنگە ئەوانەی نەگەیشتنە مەرحەلەی ئێمە ئەوانیش سەبارەت بە هەندێ ئەو شتەیان کردبێ، ئێرانە، تورکیایە، فڵانە، بۆ نموونە لە تورکیا رەنگبوو دۆخەکە وانەبێ وەکو ئێستا وایە، ئەگەر حیزبی شیوعی لە سەرەتادا چالاکییەکی ببوایە لەکوردستانی تورکیا، رەنگە هێزێکی زۆریشی کەسب کردبا بۆلای خۆی، بەڵام لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ کورد، کورد خۆ بەچاو بەستراوی ناچێتە ناو حیزب.
بۆ نموونە ژمارەیەکی زۆر لە برادەرانی کوردی تودە خۆیان لە حیزبی تودە دوورخستووەتەوە، من ئاگام لەوەیە چەندین جار بە سەرکردایەتی تودەم گوتووە بۆچی رێکخستن بۆخۆتان دروست ناکەن لە کوردستان؟ دەیانگوت ئەگەر رێکخستنی حیزبیمان کرد لە کوردستانی ئێران ئەمە مانای ئەوەیە دانمان بەو لێکترازانە نا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان کردوویەتی، چونکە دەچین رێکخستنێکی دیکە پێکدەهێنن لەکاتێکدا ئەوە رێکخستنی ئێمەیە، گوتم تەنانەت ئەگەر رێکخستنی

ئێــوەش بووبــێ، تەنانــەت لێشــتان جیاوازبــن، ئێســتا خۆیــان بــە حیزبێکــی نەتەوەیــی پێشــکەوتنخواز دەناســێنن. بۆچــی ئیــلا و بیــلا ئێــوە دانتــان پێدانانرێــت. چــوون کۆبوونەوەیەکیــان کــرد لــە ئەڵمانیــا.
کیــا نــووری بــەکاك قاســملوی گوت،یــادی بەخێربێــت، رەنگــە قاســملو ئــەو پرســیارەی کردبێــت کــە ئێمــە لەســەر چ بنەمایــەك لێــرە دانیشــتووینە، گوتیــان لەســەر بنەمــای دۆســت و برادەرایەتــی و ئــەو بابەتانــە، نــە لەســەر بنەمــای ئــەوەی ئێمــە ئەندامــی حیزبــی دیموکراتــی کوردســتانین، ئــەوان گوتیــان نەخێــر لەســەر ئــەو بنەمایــە دانەنیشــتووین، ئەوانیــش گوتیــان مــادام خواتــان لەگــەڵ بێــت. کۆبوونەوەکــەی لەگــەڵ بکــە، بــۆچ لەگەڵــی ناکــەی؟ تاکــە حیــزب حیزبــی دیموکراتــی کوردســتانی ئێــران بــوو ئامادەبــوو مامەڵــە لەگــەڵ حیزبــی تــودە بــکات، ئــەوان دەیانویســت مامەڵەیــان لەگــەڵ بکــەن، ئەوانیــش پێیانوابــوو ئــەوە دانپێدانانــە بــە ئینشــقاق. ئەمــە درێژدادڕییــە.
ســەبارەت بــە ئێمــە، ئەمــە مانــای ئــەوە نییــە لێــرە و لــەوێ، بــەڵام لــەڕووی تێگەیشــتن و دروشــمەوە، ئێمــە شــتێکی بــاش چووبووینــە پێشــەوە. جــار جــارە لــەڕووی زمــان و فــڵان و موراعاتــی ئــەو لایەنانەمــان وەکــو پێویســت نەکــردووە، فەتــرەی یەکــەم لــە میســاقی وەتەنــی عێراقــی ئێزدیــان بــە کەمینــە دانــاوە، ئێمــە لەگــەڵ هاوڕێیــان باســمان کــرد گوتیــان ئەوســا نەمادەزانــی، لەمــەودوا کــە چاومــان پێداخشــاندەوە وادادەنێیــن کــە ئەمانــە بەشــێکن لــە میللەتــی کــورد، نــەك لەبــەر ئــەوەی ئێمــە دەمانەوێــت بەشــێك لــە کــورد جیــاواز بکەینــەوە لــە کــورد و کوردســتان.
برادەرێکــمان یــادی بەخێربێــت، بــۆ خۆشــی دەیگــوت ئەگــەر پرســی کــورد کێشــەیەکی هەبێــت عەزیــز و فــڵان کەمتەرخەمــن، نــاوی هــاوڕێ کەریمیــان دەهێنــا، واتــە ئــەوان ئــەو هێــزەی نادەنــێ، بێگومــان بەگاڵتــە وایدەگــوت.
ئەمــە خــۆی بەدیکــرد تەنانــەت لەپێکهێنانــی حیزبــی شــیوعی کوردســتانی، ئەمــەش کاریگەرییەکــە بــۆ ئــەو تێڕوانینــە و گەشــەپێدانێکە بــۆ ئــەو تێڕوانینــە. بەشــبەحاڵی خــۆم ئــەوە نوێخوازییەکــە لــە نــاو شــیوعییەکانی عێــراق لەگــەڵ گەشــەکردنی جوڵانــەوەی کوردســتانی، لەگــەڵ بەرزبوونــەوەی کێشــەی نەتەوایەتــی، پاڵێکــی دیکەشــیان بــە رێکخســتنی شــیوعییەکانەوەنا بــەرەو ئــەو مەرحەلەیــە، کــە بەیانــی و دوو بەیانــی ئەگــەر دۆخەکــە گــۆڕا لــە کوردســتان. یــەك دوو ســێ حیزبــی شــیوعی کوردســتانی و تــەواو.

**سیروان ڕەحیم: مەسەلەی دانپێدانەنانی حیزبی تودە بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شتێکی بیرخستمەوە، لە سەرەتادا حیزبی شیوعیش هەوڵێکی زۆریدا لە عێراق بەگشتی پارتی دیموکراتی کوردستان بکات بە پاشکۆی خۆی. ئەم هەوڵدانە چ جیاوازییەکی هەیە لەو دانپێدانەنانەی حیزبی تودە بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ ئەو هەوڵدانە؟**

**عەزیز محەممەد:** من ئەو ماوەیە زۆرچاك شارەزا نیم، من ئەو ماوەیە لە زیندان بووم. بەڵام شتێکم لەبیرە کاتی خۆی تەنانەت ژمارەیەك لە برادەرانی ئێمەش لە هەرێم لە لقی کوردستان شتێکیان کرد بەرەو پارتی بڕۆن. لەکاتی خۆی حیزب نامیلکەیەکی دەرهێنا ئیدانەی ئەو کارەی کرد. نازانم ئەگەر حیزب ویستویەتی و چ شتێك هەبوو لەکاتی خۆیدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەچ قۆناخێك بە دیاریکراوی کە سوود لە مارکسی لینینی وەردەگرت، ڕەنگبوو گەلێك لە مارکسییەکانی ناو حیزبی شیوعی ئەوەیان پێ ڕەوا نەبوو، بەو پێیەی ئەوان موحتەکیری بیروباوەڕی مارکسین. تەنانەت جارێکیان لەگەڵ یەکێك لەگەڵ ڕێکخراوی کۆمەڵە قسەم کرد و گوتم خەیاڵی ئەوە مەکەن ئێمە وەکو کۆن بیرتان لێبکەینەوە و ئێوە بە هەوێی خۆمان بزانین، دەستتان خۆش ئەگەر دەتانەوێت سوود لە مارکسی لینینی وەربگرن، ئەوە شانازییەکە بۆ ئێمە و دەمێکە ئێمە ئەوەمان کردووە، بیر لەوە مەکەنەوە کە ئێمە بەرهەڵستی ئێوە بکەین. ناڵێم ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوەمان نەبووە، نەخێر بوومانە، گوتم ئەوەش هەڵەبوو کە بوومانە، ئێستا ئێمە ئەو هەستیارییەمان نییە، خوابکا چەندین ڕێکخراو لەسەر بنەمای بیروباوەڕی مارکسی لینینی ئیش بکات. بەڵام ئێمە پێشیان دەڵێین وەرن جیاوازی چییە لەنێوان ئێمە و ئێوە.

بەڵام حیزبی شیوعی عێراقی ویستبێتی پارتی دیموکراتی کوردستان بکاتە یەدەگێك بۆخۆی، من ئەوەم زۆر بە خەیاڵدا نایێت.

**سیروان ڕەحیم: باسی مەسەلەی زمانت کرد، ئاماژەتان بۆ ئەوە کرد ڕەنگە کەمتەرخەمییەك هەبووبێت، بە دڵنیاییەوە خەڵك ئەو کەمتەرخەمییە دەبینێت، چونکە زۆربەی ئەدەبیاتی ئێوە بە زمانی عەرەبی بووە، تەنانەت کۆمەڵێك شتمان**

**گـوێ لێبـووه یـان كۆمەڵێـك شـتمان خوێندووەتـەوە دەربـارەی ئـەوەی لەكۆتایـی پەنجـاكان و سـەرەتای شەسـتەكان هەوڵێـك هەبـووە بـۆ ئـەوەی زمانـی كـوردی لـە باشـووری كوردسـتان بەپیتـی لاتینـی بنووسرێتـەوە، گوایـە حیزبـی شـیوعی دژی ئـەو هەنـگاوە بـووە و بـە یەكێـك لـە هۆكارەكانـی دابڕینـی كوردسـتانیان دانـاوە لـە عێراق؟**

**عەزیـر محەممـەد:** یەكـەم شـت مـن باسـی ئـەوە ناكـەم. چوونـی مـەلا شـەریف بـۆ نـاو حیـزب و هەڵبژاردنـی لـە كۆنگـرە، بوونـی رەكیزەیـەك، قزگەیـەك بـۆ حیزبـی شـیوعی لـە كوردسـتاندا ئیقترانیكـرد بـە دەرهێنانـی رۆژنامـەی ئـازادی، لەوسـاوە رۆژنامەگـەری حیزبـی شـیوعی ئازادییـە لـە تـەك قاعیـدە. بـەس دەڵێـم جـار جـارە رەنگـە لـە نووسـینی هەندێـك دروشـم لـە هەندێك شـوێنی كوردسـتاندا رەنگـە كەموكـوڕی و كەمتەرخەمیمان هە بێت.

سـەبارەت بـە نووسـینی پیتـی لاتینـی، نەخێـر ئـەوە هۆكارەكـە نییـە كـە لـەو بابەتـە بێـت یـان مەترسـی هەبێـت لـە بابەتـی بەكارهێنانـی زمانـی كـوردی، واشـبزانم لـە هیـچ سـەرچاوەیەكی حیزبـی ئـەو بڕیـارە نـەدراوە، بـەڵام هەندێـك پـرس هەیـە رەنگـە رۆڵێكـی كەمـی بینیبێـت، یەكێـك لەوانـە بـۆ نموونـە لـە بۆنەكانـدا جـار جـارە بـە عەرەبـی قسـە دەكـەم، زۆر زۆرم پێخۆشـە بەكـوردی قسـان بكـەم وەكـو ئێسـتا لەگـەڵ جەنابـت قسـە دەكـەم، بـەڵام رەنگـە بـە عەرەبییەكـە باشـتر بتوانـم پەیامەكـەم بگەیێنـم، نـەك لەبەرئـەوەی عەرەبییەكـی بـاش دەزانـم نـا وانییـە، لەبەرئـەوەی كوردییەكـەم زۆر خراپـە، رەنگـە عەرەبییەكـەم كەمـتر خـراپ بێـت، هـەر مـن نـا زۆر لـە بـرادەران لـە جیلـی ئێمـە كوردییەكەیـان ئـاوا رەوان نەبێـت، هەرچەنـد مـن یەكێـك لەوانـەم هەمیشـە كـوردی دەخوێنمـەوە. بـە برادەرێكیـش دەڵێـم، جـار جـارە دەڵێـم هەرچەنـد ئەمـن دەیخوێنمـەوە لـە رەهەنـد و فـلان و ئەوانـە ئەوەنـدە دەزانـم مـن كـوردی نازانـم، چونكـە بـە زمانێكـی ئەوتـۆ دەنووسرێـت ئاسـان نییـە بـۆ پیـاو لـە هەمـوو وشـەكانی تێبـگات، ئەگەرچـی لـە سـیاقی رستەكە فكرەكـە وەردەگـری، بـەڵام رەنگـە وەكـو زمـان و زمانەوانـی هەمـوو شـتێك نەزانـی. رەنگـە لـەو رووەوە كەمتەرخەمیـمان هەبێـت.

بـەم دوا دواییـە بێگومـان لـەو رووەوە زۆر چـاك چارەسـەر كـراوە، حیزبـی شـیوعی هیـچ رۆژێـك لـە رۆژان ئـەو مەترسـییەی لێنەكـراوە، تەنانـەت پیكهێنانـی حیزبـی شـیوعی

کوردستان، ئێمە لەکاتی خۆیدا ماوەیەکی باشبوو خەریکبووین گفتوگۆی ئەو بابەتە بکەین، واتە لە شێوەی ئینشقاق و ئینشعاب وەکو ئێرانییەکان دەیڵێن لەو شێوەیە خۆی نەنوێنێ، بە دیالۆگ و گفتوگۆکردن یەکدی ماندوودەکەین تاوەکو دەگەینە ئەنجامێك، تێبینی دەکەی ئەوە بەباش دەزانی لە بەژەوەندی جوڵانەوەی ئیشتراکی، تاوەکو دەگەینە ئەو رادەیە کە رێکخستنەکانمان ئەو شێوەیە وەربگرێت زیاتر دەتوانین خزمەتی پرسی نەتەوایەتی بکەین. گەیشتنە ئەو رایە ئەو بڕیارەماندا. یەکێك لەو پرسانەی کە زۆریش دیارە هەرچی پەیوەندی بەپرسی نەتەوایەتی بێت و هەرچی پەیوەندی بە پرسی پێشهاتەکانی کوردستانەوەبێت رای حیزبی شیوعی کوردستان لەکۆتاییدا دەبێ ئەو رایە وەربگیرێت، تەنانەت ئەگەر ناکۆك بوو ئەو رایە دەبێت وەربگیرێت، واتە سەربەخۆیی بەو شێوەیەیە، ئەمما پەیوەندییەك ماوە، ئەو پەیوەندییە نابێ ببێتە تەگەرە لەپێش مومارەسەی سەربەخۆیی.

**سیروان رەحیم: ئەو پرسە دەمانبات بۆ پرسێکی گەورەتر، ئەویش پرسی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردییە، زۆر کەس گوێی لەوە بووە یان بەوە ئاشنا بووین کە هەمیشە قەومییەکانی عەرەب کوردیان بەوە تاوانبار کردووە بەوەی ئیمپریالیزم کورد هاندەدات لە عێراق جیا ببێتەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکات. بەڵام جەنابت باشتر دەزانی کە ئیمپریالیزم هاتووە دەوڵەتێکی وەکو عێراقی دروستکردووە، پێش زیاتر لە 70 ساڵ شتێك نەبووە ناوی عێراق بێت. جەنابت هەم وەکو کەسێکی کۆمۆنیست، هەم وەکو رای حیزبی شیوعی عێراق و هەم وەکو رای کەسیی خۆشت، رات چییە بەرامبەر هەنگاوێکی بەوشێوەیە؟**

**عەزیز محەممەد:** من بەشبەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەم بەبێ چەند و چۆن و ئەوانە، گەلێك جار دەڵێم کە ئێستا بەرگری لەسەر فیدراڵی دەکەین و داوای فیدراڵی دەکەین قەت مانای ئەوە نییە مافی ئەوەمان نییە دەوڵەت پێکبێنین، بەڵام ئێستا لەو بڕوایەداین هەلومەرج بۆ پێکهێنانی دەوڵەت نەڕەخساوە، ئەوە بنەمای ئەو بیرۆکەیە نەك لەبەرئەوەی نایانەوێت.

لەکاتی خۆیدا ئەگەر تەئیدی حوکمی زاتیم کردبێت لەو روانگەوە تەئیدی حوکمی زاتیم کردووە کە ئەمە هەنگاوێکە بەرەو ئاسۆ، نەك ئەوە کۆتایی رێگا بێت و هیچی دیکە نەکرێت، کە تەئیدی فیدراڵیمان کرد لەو رووەوە تەئیدی فیدراڵیمان

کـردووه. لـەو بڕوایەشـم لەکۆتاییـدا بێگومـان ئەگـەر کـورد بزانـێ چـۆن چارەسـەری دۆخـی خـۆی بـکات و دەشـبێ بزانێـت کـەی؟ ئـەوە بابەتێکـی دیکەیـە، بەداخـەوە تائێسـتا لێـرە کەموکوڕیـمان گەلێـك زۆرە. زۆرجـار هەیـە دەڵێـم تاوەکـو ئـەو دۆخـەی لەکوردسـتانی عێـراق هەڵکەوتـووە پێشـی 9 سـاڵ لـەدوای راپەڕینـەوە تاوەکـو ئەمـڕۆ ئەگـەر نەمامێـك بووایـن، تاوەکـو ئەمـڕۆ دەبووینـە درەختێـك و بەرمـان دەگـرت و سـێبەرمان دەبـوو. بـە بڕوابوونێکـی قووڵـەوە وادەڵێـم، ئەوسـا ئەگـەر پێشـهاتەکانی ئایینـدە، ئەگـەر هاوسـەنگی هێـزەکان لـە بەرژەوەنـدی کێشـەی کـورد رووینەدابووایـە بەپێچەوانـەوە بـەرەو دواوە دەگەڕایـەوە لـە جـاران خراپترمـان لێنایـێ، هـەر بـۆ ئـەوەی لـە جـاران خراپترمـان لێنەیـێ.

مـن بەشـبەحاڵی خـۆم لـەو بڕوایـەدام لەکۆتاییـدا میللەتـی کـورد دەبـێ دەوڵەتـی هەبێـت و حکومەتـی خـۆی هەبێـت. جـار جـارە لەمـن دەپرسـن دەڵێـن باشـە تـۆ کـە کابرایەکـی ئیشـتراکیت بـڕوات بـەوە هەیـە بۆرژوازیـەت لێـرە حکومـەت پێکبێنێـت، گوتـم ئەمـەن کوڕنووشـی بـۆ دەبـەم، ئێسـتاش تەئکیـد دەکەمـەوە، بـۆ نموونـە بەیانـی حکومەتێکـی نەتەوەیـی کـورد پێکبێـت ئەوسـا ململانێکـە تابعێکـی دیکـە وەردەگرێـت، ئـەوە بابەتێکـی دیکەیـە لەنێـوان حیزبـی شـیوعی و حکومەتـدا، بـەڵام نـەك لەسـەر ئـەو بنەمایـەی مافیەتـی دەوڵەتـی هەبێـت یـان نـا، نـا لەسـەر بنەمـای رەنگـە هەندێـك روانگـەی چینایەتـی و فـڵان و ئەوانـە. ئەوەنـدە دەوڵەتـە هـەن لە کۆمەڵەی گشـتی هەن رەوایـە. کـورد ئیـلاو بیـلا دەبـێ ئەوسـا حکومەتێکـی ئیشـتراکی هەبێـت سـەردەکەوێت بـۆ؟

بەشـبەحاڵی خـۆم پێموایـە ئـەو رێگایـە زیـك زاکـی پێویسـت بێـت، رەنگـە سیاسـەتیش ئـەو هێڵـە راسـتە نەبـێ لەنێوانـی دوو خـاڵ، رەنگـە لـەڕووی سیاسـییەوە زیـك زاکـەك هەبێـت. خۆشـت دەزانـی جوگرافیـای سیاسـی لـە کوردسـتاندا ئەوەنـدە باریـك و رێگریـان کـردووە کـە بـە خەیاڵـدا نایێـت. گەلێـك جـار هەیـە دێتـە خەیاڵـم ئەگـەر هـەر کـورد پەیوەسـت دەکـرا بـەولاو بـەولا خۆزگـە هەمـووی پەیوەسـت دەکـرا بەیـەك لایەن، ئەوسـا گەلـی کـورد کـە دەهاتـە سـەر کۆشـش و خەبـات بـە قەبـارەی راسـتەقینەی خۆی دەهاتـە نێـو کۆشـش و خەبـات، لەسـەر پانتایـی هەمـوو کوردسـتان دەهاتـە نێو کۆشـش و خەبـات. خـۆ ئەگـەر واش نەبووایـە خۆزیـا بەشـێك لـەو بەشـانەی کـە دابەشـکراوەتە

سـەر ناوچەکـە ئـەو سـەربەخۆییەکی دەبـوو، ئەوسـا دەبێتـە هێزێکـی ئیلهـام بەخـش بـۆ جوڵانـەوەی شۆڕشـگێڕی لـە ناوچەکانـی دیکـەدا، ئێسـتا لـە هەندێـك شـوێن وایـە. ئەرمـەن دەربـەدەر کـراون بـەڵام کۆمارێکـی ئەرمینیـا هەیـە، شـتێکە ئەمـە پەیوەسـتیان دەکات. یـان ئەگـەر هـەر هیـچ نەبووایـە خۆزیـا دەوڵەتێکـی بێلایـەن لەسـەر سـنوورمان هەبووایـە، ئـەو دەوڵەتـەی کـە بەلایـەوە گرنـگ نەبێـت، دەبـێ ئێمـە ئیـلا و بیـلا بـن بکەویـن، نـا رەنگـە ئێمـەی خۆشـبوێت یـان خۆشـی نەوێـن، بـەڵام بەلایـەوە گرنـگ نییـە. تەنانـەت لـە جیهانـی عەرەبـی ئەگـەر لـە روانگـەی نەتەوەییـەوە سـەیری پرسـەکە نەکەیـن، وڵاتێکـی وەکـو ئـوردن بەلایـەوە گرنـگ نەبێـت چونکـە کێشـەی کـوردی تێـدا نییـە.

ئـەوەی جێگـەی داخ و ئەسـتەمە کـە کـراوە، تـۆ لەگـەڵ هـەر لایـەك دەکەویـە کێشـمەکێش، لایەکـی دیکـە وەکـو بڵێی خـۆی ئامـادە دەکات بـۆ سـەرکوتکردنی میللەتی کـورد. ئێسـتا ئێـران، عێـراق و تورکیـا ئـەو یارمەتییـەی دەمانـدەن ئەگـەر بیـدەن. درۆیـە تـا ئـەو رۆژەی کـە یارمەتـی میللەتـی کـوردی نـاو وڵاتەکـەی خۆیـان دەکـەن. ئەمـە درۆیـە، ئەمانـە دەیانەوێـت وەرقـەی کـوردی بەکاربهێنـن لـە بەرژەوەنـدی خۆیـان دژی بەرژەوەنـدی کـورد. بۆیـە بـە بۆچوونـی مـن پێکهێنانـی دەوڵـەت 100% رەوایە، ئێسـتاش ئێمـە لـە قۆناخـی بەرگریکـردن نیـن لـەوەی کـە مەسـەلەی کـورد عادیلـە، ئێمە پێویسـتە لـە قۆناخێکـی ئەوتـۆ بیـن کـە هەمـوو هۆکارەکانی سـەرکەوتنی ئـەو عەدالەتـە جێبەجێ بکەیـن و پێکـی بێنیـن. عەدالـەت عەدالەتـە پێشـی 100 سـاڵیش عەدالـەت بـووە کـە حکومـەت پێکبێنێـت. لەچاڵدێرانـەوە تاوەکـو زۆر دووریـش نەڕۆیـن تاوەکـو ئەمـڕۆ رەوا بـوو وەکـو تـورك و سـەفەوییەکان، میللەتـی کوردیـش شـوێن پایەکـی هەبێـت لەسـەر ئـەم زەمینـە، بـەس چـۆن و لەبـەر چـی؟ لەوەگـەڕێ. ئێسـتاش ئـەو عەدالەتـە عەدالەتـە، بـەڵام ئێمـە دەبـێ موسـتەلزەماتی سـەرکەوتنی ئـەو عەدالەتـە جێبەجـێ بکەیـن، گەلێـك جـار هەیـە گفتوگـۆ لەسـەر ئـەو بابەتـە دەکرێـت.

**سـیروان رەحیـم: مامۆسـتا ئامـاژەت بە شـتێك کـرد و گوتت خۆزگـە دەوڵەتێکـی بێلایەن هاوسـێی کوردسـتان دەبـوو، ئەمـە خۆزگـەی گەلێـك کەسـی دیکەشـە، بـەڵام مـن یـەك تێبینیـم هەیـە، لـە شکسـتی شـۆڕشـی ئەیلوولـدا لـە سـاڵی 1975 و لـە دەسـتگیرکردنی**

**ئۆجەلان، تێبینییەکەم ئەوەیە بە تەنیا دەوڵەتێکی بێلایەن بەس نییە، زۆرجار ئەو دەوڵەتە بێلایەنەش دەکەنە لایەنگرێك لەدژی میللەتی کورد. بۆ نموونە جەزائیر کە راستەوخۆ بەشدارە لەو پیلانەدا کە شۆڕشی ئەیلوولی پێدەکەوێت، یاخود یۆنان، بۆ نموونە یۆنانێك دووژمنایەتییەکی مێژوویی و قوڵی هەیە لەگەڵ تورکدا، بەشدارە لە گرتنی ئۆجەلاندا. ئێوە چۆن ئەو تێبینییە هەڵدەسەنگێنن؟**

**عەزیز محەممەد:** ئەوەم خستەڕوو، من یەك شتم مەبەست بوو، سنووری کوردستان ئەویش بە حەتمی نا. واتە سنووری کوردستان ئەگەر کێشەی کورد لە تورکیا نەبێت، ئەگەر کێشەی کورد لە ئێران نەبێت، ئەگەر کێشەی کورد لە عێراقدا نەبێت، رەنگە ئەو هەموو تووندوتیژییە بەرامبەر بە میللەتی کورد بەکار نەهێنن. رەنگە لە بەرژەوەندیان بێت یان لە بەرژەوەندیان نەبێت، بەڵام کولانکەیەکە واتە هێڵێکە. من مەبەستم ئەوە نییە لە دەوری میللەتی کوردیشدا دووژمنی نییە. بۆ نموونە شۆڕشی کورد لە عێراق، تورکیا خۆی بۆ ئامادە دەکات، مافێك لە عێراق وەربگیرێت تورکیا پێی ناخۆشە کە هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە، بەڵام پەیوەندییەکی رێژەییە ناڕاستەوخۆ، چونکە جوڵانەوەی کوردی لە تورکیا دەبووژێتەوە بەپێی ئەو مافەی کە کوردی عێراق وەریدەگرێت.

با دوور نەڕۆین. کاتێك کۆماری مەهاباد پێکهات کە ئێستا زیاتر لە 50 ساڵ بەسەر تەمەنی کۆماری مەهاباد تێپەڕیوە، ئەوسا رۆڵی بینی لە بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتی و هیوایەکی پەیداکرد لەسەرەتادا. ئێمەمانان لە دۆخێکی زۆر خراپدابووین، بەڵام ئەوە قزگەیەك بوو، وێستگەیەك بوو لە زۆر رووەوە مومکین بوو کاریگەری ئیجابی هەبێت لەسەر جوڵانەوە و شۆڕشی کورد. من مەبەستم ئەو خاڵەیە. تەمەنیات ناکەم، بەڵام ئێمەمانان کە دابەشکراین بەسەریاندا لە دهۆك یان زاخۆ تاوەکو دەچیتە ئەودیو، دەچیت سەیر دەکەی ئێرە کوردستانە و ئەوێش کوردستانە لەکاتێکدا تۆ لە عێراقەوە پەڕیتەوە بۆ تورکیا، بەڵام راستی لە کوردستانەوە پەڕیویتییەوە بۆ کوردستان. بۆ نموونە لە قەڵادزێوە دەچییە سەردەشت رەنگە عەشیرەتێك هەبێت کرابنە سێ بۆ چوار پارچە، رەنگە سێ بۆ چوارێکیان لەودیو بن و سێ چوارێکیان لەودیوەن، من لەو رووەوە باس دەکەم. ئێمە لەو دیوەو لەو دیوە سنوورێکی بێلایەن نییە کە ئەو پرسەی بەلاوە گرنگ

نەبێت، لـە بەرژەوەنـدی ئـەو نەبێـت ئـەو جوڵانەوەیـە سـەرکوت بکرێـت.

**سـیروان رەحیـم: مامۆسـتا باسـی کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد کـرا، زۆر بـاس و خـواس سـەبارەت رۆڵـی سـۆڤیەت هەیـە لـە دامەزرانـدن و رووخاندنیـدا، ئێـوە چـۆن رۆڵـی سـۆڤیەت هەڵدەسـەنگێنن؟ ئەگـەر بەکورتیـش بێـت..**

**عەزیـر محەممـەد:** مـن وابزانـم سـۆڤیەت کەمتەرخەمیـان هەبـوو، لـە یارمەتیـدان و هەندێـك پرسـی دیکـەدا لـە سـوود وەرگرتـن لـە سـەرەتادا لەو دۆخـە. بۆچی دەبـێ دوای کۆتاییهاتنـی جەنـگ ئەمـە بکرێـت؟ پێشـتر ئیمکانیـەت هەبـوو، ئەوانیـش زیاتـر یەکدیان دەگـرت و ئەزموونەکـە نەختێـك دەچەسـپا و نەختێـك تەمەنـی دەبـوو دەکەوتنـە سـەر توانـا و هێـزی خۆیـان، مـن وەکـو خەملانـدن ئەمـە دەڵێـم دڵنیـا نیـم لـەوە. هەندێـك لـەو بابەتـە مەسـەلەی نەوتـی باکـووری ئێـران دێننـە نـاو، مـن بەشـبەحاڵی خـۆم وەك نەشـتەرگەریی قەیسـەریم دەهاتـە بەرچـاو، بـە بۆچوونـی مـن ئـەو بنەمـا و پێویسـتییانە دەسـتبەر نەبـوون بـۆ سـەرکەوتنی کۆمـاری مەهابـاد، جیـا لـەوەش رێککەوتـن کرابوو کە دەبـێ دوای ماوەیـەك سـۆڤیەت لـە باکـووری ئێـران بکشـێنەوە. زۆر لـەو هۆکارانـە بـاس دەکرێـت کـە لەنـاو کۆمـاری مەهابـاد هەندێـك شـت هەیـە خۆشـە مـرۆڤ ببیسـتێ چاکـە و فـلان و چالاکـی و ئەوانـە، بـەڵام پیـاوی خـراپ، هـەر یەکـەو سـێ بۆچـوار ئاخوڕیـان بۆخۆیـان کردبـوو، ئاخـوڕی هـەرە بچووکیـان لەگـەڵ کۆمـاری مەهابـاد بـوو، بەشـێکی گەلێـك زۆریـان لەگـەڵ ئێـران و ئـەولا دەسـتیان تێکەڵکردبـوو.

مـن بەشـبەحاڵی خـۆم ئێسـتا و لەکاتـی دیکەشـدا رەنگـە کـەم یـان زۆر بـە خەیاڵـم هاتبێـت، هەندێـك لـەو سیسـتەمە حکومڕانیانـەی لـە رۆژهەڵاتـی ئەورووپـا پێکهێنـدران، وابزانـم ئەمانـەش بەشـێکی پەیوەنـدی بـە نەشـتەرگەرییە قەیسـەرییەکەوە هەبـوو، واتـە بـە بوونـی سـوپای سـۆڤیەتی و بەبـێ سـوپای سـۆڤیەتی ئـەو نیزامـەی وای لێنەدەهـات، بەبـێ فاکتـەری دەرەکـی و تەبەنـای قەزیـەی ئیشـتراکی و پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی و . تـاد، ئـەوە نەدەکـرا. ئـەو فاکتـەرە دەرەکییـە هەتـا هەتایـە ناتوانـێ کاریگـەری هەبێـت، رەنگـە بۆکاتێـك کاریگـەری دەبێـت، بـەڵام رەنگـە جەنابـت لێـم بپرسـی باشـەی ئـەی رووسـیا؟ رووسـیا لامایـە هەندێـك پەیوەندییەکـەی پێگەییبـوو ئەگینا چـۆن مامەڵـەی کـرد لەپێـش ئـەو دەسـتوەردانەی وڵاتانـی سـەرمایەداری؟ پیـاو ئەگـەر ئـەو کتێبانـە بخوێنێتـەوە کـە لەسـەر ئـەو پرسـانە نـووسران، سـەری دەسـووڕمێ و دەحەپەسـێ

شۆڕش لە رووسیا چۆن سەرکەوت؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بنچینەیەکی جەماوەری هەبوو، بەڵام لە هەندێك وڵاتی وەکو رۆمانیا و هەندێك شوێنی دیکەدا رەنگە بەبێ ئەو عەمەلییە نەیاندەتوانی بەبێ ناوی ئیشتراکیەت هەنگاو بنێت.
بەخەیاڵم دێت جۆری رووخانەکەش نەختێك بۆنی ئەوەی لێدێت کە لەکاتی خۆیدا منداڵەکە 7 مانگ و 8 مانگی نەبووە یان 9 مانگ نەبوو گیربێت و نەیەتە دەرەوە تۆ سکی بکەیتەوە، نەخێر زۆر پێش ئەو کاتە ئەمانە تووشی ئەو نەشتەرگەرییە هاتن.
لاموایە لە کۆماری مەهابادا بەشی سەرەکی، من نامەوێت پاکانە بۆ سۆڤیەت بکەم (باقرۆف) ئێستا دەیزانین و دەیڵێین وەکو ئازربایجانییەك رەنگە بەچاوێکی کەم سەیری کوردستانی ئێرانی دەکرد، رەنگە بەو چاوە سەیری کوردستانی دەکرد کە لایەنێکە تەنانەت لەوپەڕی سەرکەوتنیدا ببەسترێتەوە بە کۆماری ئازەربایجانی شەرقی. بۆیە سۆڤیەت کەموکوڕیان هەبوو، بەڵام پرسیارەکە لای من ئەوە دەمێنێتەوە هەتا کەی سۆڤیەت دەیانتوانی لەکوردستانی ئێراندا بمێننەوە؟ لەڕووی لۆژیکەوە کە رێککەوتن کرابێت، هەڕەشەیەکی زۆریش کرا، ئەمما سۆڤیەت لەتەك ئەوەدا بڕیاریداوە بکشێتەوە، دەشیەوێت لەوە سوود وەربگرێت لە پرسی نەوت! بە دووری نابینم. ئەگەر بەس ئەوەبێ بنچینەی پرسەکە ئەوا من بە ئەستەمی دەزانم.

**سیروان رەحیم: بەگشتی کەمتەرخەمی سۆڤیەت یان کەموکوڕی سۆڤیەت رەنگە زۆر گرنگ نەبێت بەرامبەر بە جوڵانەوەی کوردی لەوێ و دواتریش لە باشووری کوردستاندا. ئەو پشتکردنەی جوڵانەوەی کوردییە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**
**عەزیز محەممەد:** میللەتی کورد سرگوم کرا، هۆکارەکە چییە؟ نازانم. بەڵام هەر کورد نا، تەتەر لاموایە ژمارەیەکی زۆریان لە قرم هەڵدان بۆ ناوچەی زۆر دوور، بەم دواییە دەستەیەك پێکهات تەتەرەکان بگەڕێنەوە، بەس بگەڕێنەوە کوێ؟ ئەرز نییە، ماڵ نییە، بێنەوە چیبکەن؟ دەبێ تاوڵ بکەن، فیعلەن هەندێکیان هەر گەڕانەوە دەیانەوێت بیسەلمێنن دەمانەوێت بگەڕێینەوە، بەڵام لەژێر سێبەری

دارەکان دادەنیشتن و مومارەسەی شتی وایان دەکرد. میللەتی کوردیش بەم شێوەیە سرگوم کرا.

برادەرێکمان هەیە (نادرۆف) پرۆفیسۆرێکە لە ئابووری نەوت و ئەو بوارانە، کە لە مۆسکۆ بووین هاوڕێیەتیمان زۆر بەهێزبوو، (کافیە)ی خێزانم جارێک چووە کازاخستان و لەوێ ڕێزیان لێنا و یارمەتییەکی باشیاندا. دەڵێ ئێمە سرگوم کراین، ئەگینا کورد لە کازاخستان چ دەکات؟

## حیزبی شیوعی و بەعس

**سیروان رەحیم: لە ماوەی 40 ساڵی خەباتی حیزبی شیوعی، حیزبی شیوعی زۆر جێگۆڕکێی کردووە، بۆ نموونە لە لایەنگیری قاسمەوە بۆ دژایەتیکردنی بەعس، یاخود ئەو شەڕە خوێناوییەی نێوان بەعس و حیزبی شیوعی و لەسێدارەدانی سکرتێری حیزبی شیوعی و لە سێدارەدانی کۆمەڵێك هاوڕێی دیکەی نێودار لە حیزبی شیوعی. پاشان هاتنە بەرەوە لەگەڵ حیزبی بەعس و دواتر رووکردنەوە شاخ. ئەمانە بۆچی؟ یاخود سەرچاوەکانی ئەو جێگۆڕکێیانە چیبوون؟**

**عەزیز محەممەد:** بێگومان ئێمە لە کۆنگرە رەخنەمان لەخۆمان گرتووە، باسی ئەو بابەتانەمان کردووە و خۆمان بە خەتابار زانیوە، لەو بابەتەدا هەڵەمان کردووە، بەڵام بۆ؟ ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەر کۆمەڵە فاکتەرێك، رەنگە جێگیریی هیزریمان لەو ئاستەدا نەبێت، رەنگە جار جارە ئاواتمان لێدەبێتە راستی، بەڵام خۆی لە راستیدا بنچینەیەکی ماددی نییە، بەڵام حەز دەکەی وابێت، کێ حەزناکات شتێك بەرەو باشە بڕوات، ئەو پرسانەی تێدایە. ئێمە لە زۆر بۆنەدا هاوکاریکردنمان لەگەڵ حیزبی بەعس حەرامکردبوو کە دێتەوە دەسەڵات، ناومان بردووە بە باڵی راستڕەو، ئێمە لەگەڵ باڵی چەپڕەوی کۆمەڵێك مەرجمان دانابوو کە قورس بوون، کە نەدەکرا

ئـەوان لەسـەری ڕەزامەنـد بـن. ئەوەبـوو ئێمـە هاریکاریـمان کـرد، ئـەو هاریکاریـە ڕەنگـە کۆمەڵێـك فاکتـەر هانـدەر بـوون. دەبـوو ئێمـە ئەوهـا بـە سـادەیی وەرینەگریـن، دەبـوو بیـر لـەوە بکەینـەوە بەعـس دەیەوێـت کـەم یـان زۆر رووە ڕەشـەکەی خـۆی بگۆڕێـت، دەبـوو بیـر لـەوە بکەینـەوە، بـەڵام ئێمـە لەکاتـی دانپێدانـان بـە ئەڵمانیـای دیموکراتـی، لەکاتـی بەیانـی ئـازار، لەکاتـی خۆماڵیکردنـی نەوتـدا، لەکاتـی گەشـەپێدانی پەیوەندییـەکان لەگـەڵ سـۆڤیەتدا، لـەو بابەتانـەدا لـە کۆمەڵێـك پـرس کـە ڕەنگـە مـن ئێسـتا هەموویـم لەبیـر نەبێـت، ئەگەرچـی دەسـتگیرکردنی ئەندامانـی ئێمـە هـەر بـەردەوام بـوو لـە باشـترین مـاوەدا نەوەسـتا، هەندێـك کۆبوونـەوە دەکـرا لـە عێراقـدا میوانـی ئـەو دیدارانـە حیزبـە شـیوعییەکان بـوون، حیزبـە ئیشـتراکییەکان بـوون، حیزبـە پێشـکەوتنخوازەکان بـوون، بۆیـە گەیشـتینە بۆچوونێکـی ئەوتـۆ ئیمکانیـەت هەیـە ئـەو ئەزموونـە گەشـە پێبدەیـن بـەرەو ئەولاتـر. دیـارە بەعـس دەیەوێـت بـە جۆرێکـی دیکـە بیـر بکاتـەوە، دیـارە دەیەوێـت هەندێـك هەڵـەی رابـردووی ڕاسـت بکاتـەوە، بێگومـان رای هەمووومـان نەبـوو، بەڵکـو رایـەك بـوو لەنێوانـی ئـەو رایانـەی هەبـوو. ئەوانـەی هانیاندایـن بـۆ ئـەو مەسـەلەیە.

بـۆ نموونـە ئێسـتا حیزبـی شـیوعی رووسـیا پەیوەنـدی لەگـەڵ حکومەتـی ئێسـتا هەیـە، شـاندی بـۆ دەنێرێـت بـۆ دیـدار و گفتوگـۆ بـۆ دیراسـەتکردنی پرسـی ئیشـتراکی، برادەرانـی ئێمـە نووسراویـان نووسـیوە و ناڕەزایەتیـان دەربڕیـوە کـە نابـێ ئێـوە شـتی وا بکـەن. ئەمانـەی ئێسـتاش لـە روانگـەی دەسـەڵاتەوە هاریـکاری لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق دەکـەن، لەگـەڵ حیزبـی بەعسـی عێـراق. کـە ڕەنگـە بەیانـی و دوو بەیانـی بچنـە دەسـەڵات، هـەر لـە ئێسـتاوە دەسـت پێبکـەن.

پرسـی تیرۆریـش لێـت ناشـارمەوە، لەسـەرمان زاڵبـوو ئەگـەر نێوانێـك وەربگریـن ڕەنگـە نەختێـك حیـزب نـوێ بێتـەوە و دۆخێکـی بـاش هەڵکەوێـت، پێشـکەوتن و پشـتیوانی ئەوانـەی تێـدا بکەوێـت، بـەڵام، دیـارە راسـتییەکان و گەشـەکردنی ڕووداوەکان ئـەوەی پەسـند نەکـرد و بەڕاسـتی نەزانـی، ئەوەبـوو لـە سـێدارەدان دەسـتپێکردو دەسـتگیرکردن لـە هیـچ قۆناخێکـدا هـەر نەوەسـتا بـە بیانـووی جیـا جیـا خەڵکیـان دەگـرت، ئێمـەش لـە جەبهـە بوویـن، ماوەیـەك هـەر ئێمـەو ئـەوان بووین هێشـتا کەسـی دیکەیـان نەهێنابوو،

پاشـان پێشـمانوابوو لـە جوڵانـەوەی جـار جـارە، ئەوانیـش هەسـتیان بـەوە دەکـرد کـە جۆڵانـەوەی شۆڕشـگێڕی لەکوردسـتاندا دەسـتپێبکرێت سـەرە دێتـە سـەر ئێمـە. جارێـك رەدێکیشـی لەسـەر هەبـوو ئەمانـە بـۆ دەبێـت شـیوعییەکان ئـەو حیسـابە بکـەن کـە ئەگـەر بەیانـی جوڵانـەوەی کـوردی نەمـا ئێمـە لەگـەڵ ئەوانـدا هەڵیگێڕینـەوە، جـا ئەمـە راسـتییەکانی ژیانـە. مەسـەلەی ئومێـد و ئـارەزوو و باشـە و ئەوانـە نییـە، خـۆ بەعسـیش باشـەی نییـە. بەداخـەوە.

ئـەو هاوسـەنگییەی کـە دەبووایـە بپارێزرێـت پاشـی بەیانـی ئـازار، چونکـە هاوسـەنگی بـوو بەیانـی ئـازاری هێنـا، هەلومەرجێـك بەیانـی ئـازاری هێنـا، دەبووایـە بزانیـن ئـەو هاریکارییـە لەگـەڵ کـێ دەکەیـن، ئێمـە ئـەو فکرەمـان هەبـوو لەکاتـی خۆیـدا، بـەڵام بۆمـان نەچـووە سـەر. ئـەو فکـرە لەگـەڵ لایەنێـك دەکەیـن لایەنـی دیالـۆگ نییـە، بـەڵام جـار جـارە دیالـۆگ دەسـەپێندرێت، کـە سـەپێندراش بەرامبەرەکـەی بیـر لـەوە دەکاتـەوە چ رۆژێـك ئـەوەی داویەتـی هەڵیلوشـێتەوە، بەڵام رەنگە ئەگەر بەوشـێوەیە دەستنیشـانی دۆخەکـە بکـەی رۆژ بـە رۆژ هاوسـەنگییەکە لـە بەرژەوەنـدی بەردەوامبوونی ئـەو رێبازە بەهێـز بکـەی، بـەڵام ماوەیەکـی بەسـەردا تێپـەڕی هاوسـەنگییەکە لـە بەرژەوەنـدی پرسـەکە گەشـەی نەکـرد. ئەوەبـوو پاشـی چـوار سـاڵ کەوتـە نـاو مرخێـش مرخێشـە، کـە جوڵانـەوەی شۆڕشـگێڕی کوردسـتانیش نەمـا و ئـەو کارەسـاتە روویـدا بـە دڵنیاییـەوە نـۆرە هاتـە سـەر حیزبـی شـیوعی، هەتـا ئەوسـا ئـەو گوشـارەی لەسـەر حیزبـی شـیوعی هەبـوو، وانەبـوو وەکـو ئـەوەی دواتـر روویـدا. هـەر بـۆ زانیـاری حیزبـی شـیوعی رێبازی خـۆی نەگۆڕیبـوو، لـە هەندێـك هەڵوێسـتدا هەڵەبوویـن.

**سـیروان رەحیـم: هەندێکجـار گوێـمان لـە هەندێـك رامـان دەبێـت گوایـە زۆربـەی ئـەو هەڵوێسـت و بڕیارانـە لەلایـەن یەکێتـی سـۆڤیەتەوە بـۆ حیزبـی شـیوعی دەستنیشـانکراوە، ئایـا ئەمـە تاوەکـو چەنـد راسـتە؟**

**عەزیـر محەممـەد:** باوەڕناکـەم، رەنگـە لێـرە و لـەوێ قسـە کرابێـت و شـیکردنەوەی جیـاوازی بـۆ کرابێـت، بێگومـان سـۆڤیەت پێیـان خـۆش نەبـوو پەیوەنـدی ئێمـە لەگـەڵ بەعسـدا تێکبچێـت. سـۆڤیەت وای بـۆ دەچـوو، بـە بۆچوونـی خۆیـان زوو فریـای ئـەوە نەکـەوت تێکیبدەیـن. لێتـی ناشـارمەوە ئێمـە هەندێك هەڵوێسـتی پلەبەندیـمان وەرگرت

بـۆ کشـانەوە، نـەك سـۆڤیەت لایەنـی دیکەشـمان لەبەرچاوگـرت، تاوەکـو زۆر دەنگـمان نەشـاز نەبێـت لـە بابەتەکـە.
بـۆ نموونـە یـەك دروشـم کـە هەڵمانگـرت (کۆتاییهێنـان بـوو بـە دیکتاتۆریـەت) تەنانـەت هەندێـك لـە هاوڕێیانـی خۆمـان ئەگەرچـی ئێسـتاش هاتووینەتـەوە سـەر ئـەوە، هەندێك لـە هاوڕێیانـی خۆمـان گوتیـان ئەمـە وەرسـوڕانێکە، ئەمـە نابـێ وابێـت بڵێیـن بڕووخێـت دیکتاتۆریـەت، گوتمـان ئێمـەش مەبەسـتمان ئەوەیـە، بـەڵام حەزدەکەیـن بـە زمانێـك لـە شـێوەزارێك و دروشـمێکی نەختێـك لێوەشـاوە و قبووڵکـراو خۆمـان پێشکەشـی جیهانـی خۆمـان بکەیـن، واتـە جیهانـی دەرەوە.
لەکاتـی خۆشـیدا کـە داواکـرا کـە دووبـارە هەندێـك مەرجـمان دانـا، زۆر چـاك دەمانزانـی ئـەوان ئـەو مەرجانـە رەتدەکەنـەوە، رەنگـە زمانحاڵەکەیـان بڵێـت ئـەوان کێـن تاوەکـو مەرجــمان پێشــکەش بکــەن، بــەڵام مەبەســتمان ئەوەبــوو لەگــەڵ ناوەنــدی دیکــەش بکەوینـە گفتوگۆکـردن، بڵێیـن ئەهـا ئێمـە بەیەکجـاری پشـتمان نەداوەتـە ئـەوان، بـەڵام ئـەو مەرجانەمـان پێشکەشـکردووە لـەوە کەمـتر چ پێشـکەش بکەیـن؟ ئێمـە بچینـەوە تەرمـی شـیوعییەکان ئەوانـەی لـە سـێدارە دەدرێـن بەپێـش بـارەگای حیزبـدا تێپەڕێـت، سـەرکردایەتی حیزبیـش لەگـەڵ سـەرکردایەتی بەعسـدا کۆببێتـەوە. ئـەو مەسـەلانە هەبـوو لـەو بابەتـە، حیزبـی شـیوعی بـا وابڵێـم بەشـێوەیەکی گشـتی، سـەرکردایەتی حیزبـی شـیوعی چەنـد کاریگـەر بـووەو رۆڵـی بینیـوە لـەو پرسـە، ئـەوە بـۆ ئـەوان دەمێنێتـەوە، بـەڵام لایەنێکـی دیکـە هەیـە دەتوانـم ئـەو لایەنـە بڵێـم، گەلێـك جـار هەیـە ئەگـەر ناکۆکیـش روویدابێـت هەڵوێسـت جیاوازبێـت لەنێـوان ئێمـەو سـۆڤیەت، هەوڵـدراوە نرخاندنێکـی بەرزمـان هەبێـت بـۆ هەڵوێسـتی سـۆڤیەت، بـۆ؟ چونکـە ئـەو لـە بەرزاییەکـی زۆر بـەرز تەماشـای ئـەو پرسـە دەکات، رەنگـە ئێمـە لەنـاو دۆڵێـك بیـن یـان لـە شـوێنێکی ئەوتـۆ بیـن هەمـوولای پرسـەکە نەبینین،چوارچێـوەی پرسـەکە نەبینیـن بـە تەواوەتـی، بۆیـە حیسـابێکی ئیستسـنامان بـۆ هەڵوێسـتی سـۆڤیەت دەکـرد.
لەکاتـی خۆیـدا کـە ناکۆکی لەنێـوان سـۆڤیەت و چین دەسـتیپێکرد، جارێکیـان بابەتێکمان بڵاوکـردەوە وابزانـم لەژێـر نـاوی (تحیـة لینینیـة) بـوو، ئـەو بابەتـە کارەسـاتی سـتالین دەستنیشــان دەکات وەکــو گەورەیــەك لەگــەڵ هەڵــەکان. ئەمــە لەگــەڵ هەڵوێســتی (خرۆشـۆف)و سـەرکردایەتی سـۆڤیەتی و فـڵان و فـڵان کـە خاوەنـی پرسـەکەن، دیاربـوو

نەدەگونجا. ئێمە ئەوەمان بڵاوکردەوە، بەشێکی زۆرمان هەستمان لەگەڵ ئەوەبوو ستالین بە رۆژێك و دوو رۆژ نەبووە بەگانگاستەر، نەبووە تاونکارێکی ئاسایی، دەبێ هەڵەکانی لە ئاستی ستالیندا بێت. ئەوەمان زیاتر دەچووە ئەقڵ کە گەورەیەك بێت، بەڵام هەڵەشی هەبێت، ئەوەمان بڵاوکردەوە. پاشان کە زانیمان سۆڤیەتەکان تووشی شۆك بوون کە ئەمە هاوسۆزییەك بێت لەگەڵ رێبازی چین، مومارەسەی رەخنە لەخۆگرتنمان کرد، بە سۆڤیەتەکانیشمان گوت ئێمە هەڵەین لەوەی کە ئەو بابەتەمان بڵاوکردەوە، ئەو بابەتە لە کۆمیتەی ناوەندی گفتوگۆ نەکرا، بەڵکو لە رۆژنامە ئەو برادەرانەی سەرکردایەتی کە سەرپەرشتی رۆژنامەیان دەکرد ئەوان بڕیاریاندا بابەتەکە وەربگێڕن و بڵاویبکەنەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت رۆژنامەی ناوەندی حیزب بڵاویکردەوە، دەقی بابەتەکە و ئەنجامەکەشی ئاوابوو.

ئەمەش جۆرە کاریگەرییەکی سۆڤیەتە بەدڵنیاییەوە، ئەگینا بەشێکی زۆر لە برادەرانی ئێمە بەتایبەتی پاشی غیابی ستالین، چونکە لەکاتێکدا کە قسە دەکرا، پەسنی وڵاتانی ئیشتراکی دەکرا، دەیانگوت بە سەرکردایەتی سۆڤیەت و پاشان چین، کە سۆڤیەت سەرکردایەتی لەدوای ستالین ونکرد، رەنگبوو هەندێك لە ئێمەمانان بیری لەوە کردبێتەوە خۆ دەبێ ئەو جەستە سەرێکی هەبێت، رەنگە ئەو سەرەچین بێت.

جا ئیعجابێك هەبوو بەچین، ئێمە ماینەوە لە چوارچێوەی ئەو هەڵوێست و بیرە گشتیانەی سۆڤیەت، بیرمان لەو پرسانە دەکردەوە، بۆ نموونە لە پرسی قەیرانی دەریای کاریبیك، هی مووشەك و شتی لەو بابەتە، ئێمە موعجەب بووین بە چارەسەری سۆڤیەت، بە نموونە دەمانهێنایەوە، رەنگە لەناو جولانەوەی شۆڕشگێڕی و جولانەوەی پێشکەوتنخوازی رەخنە هەبوو کە لەکاتی خۆیدا سۆڤیەت لاوازی خۆیان پیشانداوە بەرامبەر ئەمریکا، بەڵام هەمیشە لە بەریەککەوتنی بەوشێوەیە جیهان بگاتە لێواری مەترسی، دەبێ بیر لە چارەسەرەکانیش بکەیتەوە، دیارە چارەسەرەکەش ئەوەبوو لەکاتی خۆیدا ئەمریکییەکان بەڵێن بدەن هێرش نەکەنە سەر کوبا، سۆڤیەتیش گوتیان کەواتە ئێمە ئەوەمان هێناوە بۆ پارستنی کوبا، ئەوەبوو کشاندیانەوە.

بۆیە ئێمە وای بۆ دەچووین رەنگە تائێستاش، سۆڤیەت رۆیشت، بەڵام کوبا

مایەوە، کوبا هێشتا ماوە. بۆ نموونە بیرمان لەوە دەکردەوە هەڵوێستی سۆڤیەت و ئارامی سۆڤیەت بەرامبەر بە پرسی ڤێتنام، تەنانەت ئەو هاوکاریانەی لە چینەوە دەچوو بۆ ڤێتنام، بەڵام پاشان بەرە بەرە ڤێتنامی باشوور ئازاد بوو، بە خەیاڵماندا نەدەهات ئاوا زوو هەموو ڤێتنام ببێتەوە بە یەك، خەڵکێکی زۆری لێکوژرا، دۆخی ئابووری بە جارێك وێرانبوو، بەڵام سەرکەوت و ڤێتنام بووە ڤێتنامێکی یەکگرتوو. لەو رووەوەش سەیرمان دەکرد سۆڤیەت کە لێنەگەڕان پرسەکە ئاراستەیەکی دیکە وەربگرێت، سۆڤیەت لە هەڵوێستێکی زۆر بەرز و لە بەرزاییەکی چاك تەماشای دەوروبەری خۆی دەکات، تەماشای هەموو جیهان دەکات لە 6لاوە نەك لە دوو لاوە بەشێوەیەکی رووکەش، بەڵێ ئەو کاریگەرییە هەبوو.

**سیروان رەحیم: هەندێکجار دەبینی سۆڤیەت ئەو پەیوەندیەی کە لەگەڵ عێراقدا هەیبوو لەگەڵ حیزبی شیوعیدا نەیبوو، یان ئەوەندی سۆڤیەت بەعسی بە جیددی گرتووە، حیزبی شیوعی ئەوەندە بە جیددی نەگرتووە، تەنانەت لەکاتێکدا کە دوای 1975 و 1976 بەعس دیسانەوە لە حیزبی شیوعی دەدات و هێرشێکی فراوان دەکاتە سەر حیزبی شیوعی و حیزبی شیوعی بەرەو چیاکانی کوردستان هەڵدێن. دروست لەو کاتانەش سەدام دەچێتە مۆسکۆ و بەشێوەیەکی زۆر گەورە پێشوازی لێدەکرێت؟**

**عەزیز محەممەد:** ئەمە وایە. لەڕاستیدا وڵاتانی ئیشتراکی ئەو رێبازەیان هەبوو، رێبازەکە چ مۆرکێکی وەرگرتووە، من لاموایە ئەو شتەی تێدایە، پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ پەیوەندی حیزبایەتی و شیوعیەت تێکەڵ بەیەك بوو، رەنگە ئەوە ئاسان نەبێ کە تۆ پەیوەندی حیزب لەگەڵ پەیوەندی دەوڵەت جیا بکەیتەوە. پەیوەندییەکی باشت هەبێت لەگەڵ وڵاتێکدا لە رێگەی دەوڵەتدا، بەڵام لە رێگەی حیزبدا تۆ ناکۆك بیت لەگەڵیدا یان بە دژی مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، رەنگە ئاسان نەبێت. بەڵام لەم دوا بەدواییە ئەو حیزبانە چونکە خۆیان سەرکردایەتی دەوڵەت دەکەن بەشێوەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەو وڵاتانەی لەلایەن حیزبەکانەوە سەرکردایەتی دەکرێن تووشی ئەو کێشەیە بوونەوە. بۆ نموونە شیوعییەکان لە زیندانەکان بوون لە پرسی میسر، لەوێ شتێکی وا روویدا ئەگەرچی خرۆشۆف هات و توندوتیژی

بەکارهێنا و گوتی ناچمە وڵاتێك کە شیوعییەکان لەسێدارە دەدەن، لە میسر ئازاری شیوعییەکانیان دا. بەڵام ئەو وڵاتانە هەوڵیاندەدا بەگوێرەی توانا هێڵێکی گشتی هەبێ یەك تەرجومەی ئەوەی دیکە نەبێت، هێڵی دەوڵەت و هێڵی حیزب، ماوە بۆ هەردوولا بێت، ئەگینا پەیوەندی حیزبی تێکبچێت ئۆتۆماتیکییەن سەرەیان بگەنە سەر پەیوەندییەکانی دەوڵەت. ئەوان لەگەڵ ئەوە نەبوون.

**سیروان رەحیم : لەم ساڵانەی دواییدا بەتایبەتیش لە دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت زۆربەی پارتە کۆمۆنیستییەکان چ لە دەرەوە چ لەلای خۆشمان دروشمی نەتەوایەتیان بەرزکردووەتەوە، ئێوە ئەو بارە چۆن هەڵدەسەنگێنن و چۆن لەو دیاردەیە دەڕوانن؟**

**عەزیز محەممەد:** بۆ نموونە وەکو چی؟

**سیروان رەحیم: بۆ نموونە حیزبی شیوعی لەلای خۆمان زیاتر بەرەو رێبازێکی نەتەوەیی دەڕوات، دیارە ئەو بارەش پەیوەندی بە هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت هەیە بە بۆچوونی من؟**

**عەزیز محەممەد:** بە نیسبەت حیزبی شیوعی کوردستان، رەنگە خۆشم باوەڕم بەوە هەیە، ئێستا کاری لەپێشینەی حیزبی شیوعی تەقینەوەی کێشەی چینایەتی نییە، بەڵکو سەرکەوتنی ئەو ئەزموونەیە کە لە کوردستانی عێراقدا هەیە ئێستا. بێگومان ئەگەر بمانەوێت بە قەڵەمێکی وا دەستنیشانی بکەین، وازی لەوەی دیکە نەهێناوە، بەڵام ئێستا لە قۆناخی ئەوە نین ئێمە ئەوەی دیکە بتەقێتەوە. ئێستا وەکو بڵێی لە پرسی زیندووکردنەوەی نەتەوەییدا بین، ئێمە لە قۆناخێکی نەتەوایەتین دەمانەوێت شتێك پێکبێنین لە ئاستی حکومەتێك یان دەوڵەتێك، مافێك کە لە دواڕۆژدا مۆرکێك وەردەگرێت پیاو ناتوانێت ئێستا لەو بابەتە هەموو شتێك دەستنیشان بکات، چونکە ئارەزوو نییە. دەمانەوێت زۆر شت وەربگرین، بەڵام ئەوە ئارەزوو نییە.

ئێمە چۆن دەتوانین قسەیەك بکەین بیر لەوە نەکەینەوە دۆخەکە لە کوردستاندا لە مەترسیدایە، دژی کرێکار و شیوعی و پارتی و یەکێتی و کێ و کێ. زۆر لە وڵاتان کێشەیان هەیە، ئەوە ئەفغانستانە، سۆماڵە شوێنی دیکەیە. هەزار قسە دەکرێت،

بـەڵام بەرگـری لـە چوارچێوەکـەی دەکرێـت لـە سـنوورەکەی دەکرێـت. وڵاتێکـە دانپێدانـراوە، عێـراق ئـەو هەمـوو دیـوارەی هەیـە هەمـوولا هـاوار دەکـەن ئێمـە دژی دابەشـکردن و ئەوانەیـن، بۆیـە کوردسـتان ئێسـتا وەکـو شـتێکی دەڵەمەیـە، هێشـتا قاڵبی خـۆی نەگرتـووە، بۆیـە ئەرکـی بنەڕەتیـمان سـەرکەوتنی ئـەو ئەزموونەیـە بـە شـتێکی نامـۆی نازانیـن ئـەو دروشـمانە کەمێـك دیاربـن، رەنگـە هەمـان شـت نەبـێ بەنیسـبەت حیزبـی شـیوعی عێـراق. لەگـەڵ ئەوەشـدا رەنگـە کاریگـەری داڕمانـی یەکێتـی سـۆڤیەت هـەر لـە داڕمانـی یەکێتـی سـۆڤیەت نەبێت، لـەو بەدینەهاتنـی ئـەو خواسـتە بێـت کـە زۆر لـەو وڵاتانـەی ئێمـە پێمانوابـوو یـان وامـان دادەنـا کـە دۆزی نەتەوایەتـی تێیـدا چارەسـەر بـووە، تێیـدا چارەسـەر نەبـووە. کەواتـە پیـاو دەبێـت ئـەو دەروێشـە نەبێت. مـن جارێـك لـە بۆنەیەکـەدا شـتێکم بڵاوکـردەوە لـە سـەرەتای بیرکردنـەوە بـۆ پێکهێنانـی حیزبـی شـیوعی کوردسـتان، کـە هەندێـك کـەس بڵێـن مۆرکـی نەتەوەیـی بدەنـە ئـەو پرسـە یـان شـۆڤێنی و یـان پەڕگیـری. گوتـم حیزبـی شـیوعی ئازەربایجانـی یـان حیزبـی شـیوعی ئەرمەنـی یـان حیزبـی شـیوعی گـروزی یـان حیزبـی شـیوعی ئۆزبەکـی، دەردەکـە لـەوە نییـە کـە نـاوی نەتەوەکانـی خۆیـان هەڵگرتـووە، بەپێچەوانـەوە، بەڵکـو دەردەکـە لەوەیـە تێـر نەکـراوە بـە بەپرسـیارێتی و دەسـەڵاتی خـۆی، دەردەکـە لەوەیـە لـە ناوەنـدەوە سـەرکردایەتی دەکرێـت، دەزگاکانـی سـەرکردایەتی دەکـەن. ئێمـە دەمانـەوێ ئێسـتا نـاو لەسـەر نـاوەڕۆك بێـت (اسـم علـی مسـمی) هەندێـك لـەو حیزبانـە دابڕاوبـوون لـە سـۆڤیەت، هەندێـك حیزبـی سـەرکردایەتی دروشـمی جۆرێـك لـە سـەربەخۆییان هەڵگرتبـوو، لـە ئەوروپـای رۆژئـاوا دروشـمی یۆرۆکۆمۆنیزمیـان بەرزکردبـووەوە. رەنگبـوو ئێمەمانـان ئەوسـا ئـەو شـتانەمان نەبووبـێ، بـە بۆچوونـی مـن ئـەو پرسـانەش دووبـارە پرسـی دۆزی نەتەوایەتـی هێنایەوەپێـش، کـە لامانوایـە لـە یەکێتـی سـۆڤیەت ئـەو هەمـوو نەتەوانـە کێشـەیان چارەسـەر بـووە، دەرچـوو وانییـە. ئـەوە یەکێـك لـە بەڵگـەکان بـوو کـە پیـاو بڕێـك بـا نەڵێـم چی بـۆ بایەخنـەدان بـە دۆزی نەتەوایەتـی کـە لـەوێ لـە ئیشـتراکیەت چارەسـەر دەبـێ، کەچـی لـە راسـتیدا چارەسـەر نەبـوو، جـا رەنگـە ئـەوە دەنگدانەوەیەکـی هەبـێ لـە سیاسـەتی ئـەو حیزبـە. هەندێـك لـە حیزبەکانیـش نـاوی خۆیـان گـۆڕی، بەنیسـبەت ئێمـەش گفتوگۆیەکـی زۆر کـرا لەسـەر گۆڕینـی نـاوی حیـزب، بـەڵام دواجـار وا پەسـندکرا ناوەکـەی وەکـو خـۆی بمێنێـت.

# بینینی سەدام

**سیروان ڕەحیم : دوور لەو پرسانە وەکو کەس، کە ئێوە چەندین ساڵ لە بەرەی شەڕدابوون، لەبەغدا کاری فەرمیتان کردووە وەکو حیزبی شیوعی عێراق، سەدام حوسێن دەناسن وەکو کەس؟**

**عەزیز محەممەد:** ڕەنگە بە قسەیەك، بەشێوەیەکی نەختێك موجەسەم، ئەگەر باشمان بناسیبا ڕەنگبوو ئەو هەڵانەی تووشی هاتین، تووش نەدەهاتین.

**سیروان ڕەحیم: من باسی ئەو باش یەکتر ناسینە ناکەم، وەکو کەس لە نزیکەوە..**

**عەزیز محەممەد:** لە نزیکەوە، بێگومان دیدار و چاوپێکەوتنمان زۆر بووە، لە زۆر بۆنەدا دیدارمان هەبووە.

**سیروان ڕەحیم: ئەو چۆن بوو لەکاتی دیدارەکاندا؟ ئەوکاتەش سیمای دیکتاتۆرێکی زاڵمی هەبوو؟**

**عەزیز محەممەد:** ئەو سیمایە لەڕاستیدا بەنیسبەت ئێمە هەستمان پێدەکرد، سەرەتا کاتێك جێگری سەرۆك بوو، هەندێکجار دەمانگوت سەرۆکەکەی دیکە، وەکو ئەوەی دوو سەرۆك بن، هەندێك جاریش دەمانگوت سەرۆکی دووبارە بە

نیسبەت سەدام، چونکە لە هەموو پرسە ریشەیی و یەکلاکەرەوەکان ئەو رۆڵی دەبینی، لە دانیشتنیشدا ئەو نێوانەی لەنێوان تۆ و ئەودا هەیە رەتی نەدەکردەوە، بەڵکو ئەو نێوانەی دەهێشتەوە، ئەو نێوانەی دەهێشتەوە کە لەنێوان ئەو حیزبە و حیزبەکەی دیکە و ئەوەی دیکەدا هەیە. بێگومان لەوکاتەی کە زۆر پێویستی بە بەرە بوو ئەوە بابەتێکی دیکەیە، هەڵوێستی کەم یان زۆر وەکو ئەمڕۆ نەبوو، بەڵام ئەوانەی تێدا بەدیدەکرا، لەکۆنیشەوە ئەوانەی هەر تێدا بەدیدەکرا تا رادەیەك، بەڵام دەبووایە باشتری بناسین.

**سیروان رەحیم: بەڵام لە بۆچوونی خۆتاندا، چاوڕوانی ئەوەتان لێدەکرد ئەو کابرایە رۆژێك لە رۆژان بڕیار بدات لە رۆژێکدا 500 هەزار سەرباز بکوژرێن، لە رۆژێکدا شارێك کیمیاباران بکرێت؟**

**عەزیر محەممەد:** مومکین بوو نا..

**سیروان رەحیم: ئێوە هەست بەوە دەکەن ئەوەی کە خەڵك هەستی پێدەکات چ حیزبی شیوعی عێراقی و چ پارتی دیموکراتی کوردستان لە زەمانی بارزانیدا لە هەندێك لە قۆناخەکاندا بە جۆرێك لە جۆرەکان دەستتان هەبووە لە راگرتنی دەسەڵاتی بەعسدا؟ یارمەتیدەرێك بوونە بۆ بەهێزبوونی دەسەڵاتی بەعس.**

**عەزیر محەممەد:** بە بۆچوونی من بەشێوەیەکی گشتی، هەر هەڵەیەك ئێمە بیکەین بەرامبەر سوودی لێوەردەگرێت، جا هەڵەکە لە چ ئاستێکدابێت. بەڵێ ئەوەم خستەڕوو کە لە جوڵانەوەی کوردی درا، ئێمە هەستێکی وامان نەبوو نۆرەی ئێمە دێت. ئەمە لەو روانگەیەوە دێت، لەو بۆچوونەی جەنابت دێت، بەڵام چۆن؟ رەنگە ئەو تێڕوانینەمان نەبێ وەکو ئەوەی ئێستا هەمانە.

گەلێك جار ئەوە دەڵێم دووژمنت هەرچەند کینێکی پیرۆزیشت لەسەری هەبێت، بەڵام ئەگەر نەزانیت چۆن دژایەتی دووژمنەکەت دەکەیت، رەنگە بە رێگایەکی دیاریکراو یارمەتی بدەیت، نەك هەر لە نزیکبوونەوە، نەخێر تەنانەت لە دووربوونەوە، تەنانەت لە شێوازی گوتاری سیاسی، تەنانەت لە تەکتیکدا. واتە هەر سیاسەتێك هی دەوڵەتێك بێت کە دەوڵەت لەسەری بڕوات، حیزبی ئۆپۆزیسیۆن یان حیزبەکەی دیکە دەبێت دیراسەیەکی قوڵی ئەو سیاسەتە بکات لەسەر

ڕۆشـنایی ئـەو دیراسـەتە ئەویـش تەکتیکاتـی خـۆی و سیاسـەتی خـۆی وێنـا بـکات. هـەر گۆڕانکارییـەك بەپێـی قەبـارەی گۆڕانکارییەکـە دەبێ غافـڵ نەبێت لەوە و حیسـابی بـۆ بـکات، دەبـێ پێشـبینی هەبێـت، هەندێـك ئامـاژە هـەن کـە ڕەنگـە ئاماژەبـن بـۆ ئـەوەی سـبەی نـا دوو سـبەی یـان سـێ و چـوارەی ڕەنگـە بگەینـە ئەنجامێـك، دەبـێ ڕێـکار وەربگرێـت، ئەگـەر هـەر هیـچ نەبێـت بۆپاشەکشـێیەکی ڕێکخـراو.

**سیروان ڕەحیـم: ئـەو شاشـیانەی کـە ئێوەی ئامـاژەی پێدەدەن، تائێسـتا من بەشـبەحاڵی خـۆم پێموابـێ خەڵکیـش پێداچوونەوەیەکـی گشـتگیری بەرچـاو نەکەوتـووە لەلایـەن حیزبـی شـیوعی عێراقییـەوە، ئایـا بەنیـازی شـتێکی وانیـن، تەنانـەت وەکـو کەسـی مامۆسـتا عەزیـز محەممەدیـش؟**

**عەزیـر محەممـەد:** ڕەنگـە مـن ئێسـتا ئـەو ڕۆڵـە نەبینـم، بـەڵام پرسـی پێداچوونـەوە لـەچ ئاسـتێك هەسـتی پێناکرێـت؟

**سیروان ڕەحیم: چ لە ئاستی سەرکردایەتی، چ لە ئاستی نووسراو..**

**عەزیر محەممەد:** بۆ نموونە؟

**سیروان ڕەحیـم: بـۆ نموونـە مـن بەشـبەحاڵی خـۆم، ئێسـتا ئـەو شـتانە بـۆ مـن بەشـێکن لـە مێـژوو، چونکـە تێیانـدا نەژیـاوم، بـۆ نموونـە سـەرچاوەیەك نییـە بـۆ مـن پێیـدا بچمـەوە. ئێسـتا بـە حوکمـی کارەکـەم کـە لەگـەڵ جەنابـت دانیشـتووم گوێـم لـەو شـتانە دەبێـت، بـەڵام بۆچـی نەکرێتـە سـەرچاوەیەك بـۆ پێداچوونـەوە؟**

**عەزیـر محەممـەد:** ئێمـە کردوومانـە، لـە سـەرەتای قسـەکانم ئـەوەم بـۆ خسـتییەڕوو. کردوومانــە و بڵاویشــمانکردووەتەوە، جەنابــت فەرمــووت لــەڕووی پراکتیکییــەوە، لـەڕووی ئێسـتا، بـەڵام لـە جێبەجێکردنـدا ئێمـە ڕەخنـە لـە خۆگرتنـمان دەرهێنـاوەو بڵاویشـمان کردووەتـەوە، دەسـتمان لەسـەر زۆر شـت دانـاوە، ڕەنگـە ئێسـتا مـن هەمـوو ئـەو شـتانەم لەبیـر نەمابێـت، چونکـە ئەمـە لەمێژیشـە. لـە کۆنگـرەی چوارەمـەوە پێشـی کۆنگـرە لـە کۆمیتـەی ناوەنـدی گفتوگـۆی ئـەو پرسـانە کـراوە، بـەڵام ئەگـەر جەنابـت بیـر لـەوە دەکەیـەوە عەجـەب خۆمـان کار بـەو ڕەخنـە لەخۆگرتنـە دەکەیـن یـان کارمـان پێیکـردووە؟ گوایـە دەبێـت کارمـان پێکردبێـت، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بەرامبەرەکـە لەنـاو دۆزەکـە نەبـێ مافـی ئـەوەی هەیـە بڵێـت مـن هەسـتی پێناکـەم.

بـۆ نموونـە لـەو دوا بەدواییـە، نیمچـە بەڵگەیەکـە، بـەڵام تـۆ چۆنـی وەردەگـری وەرگـرە.

دوای پێشهاتەکانی ئەو دوا بەدواییەی عێراق ئەو هەژانەی کە رژێمی عێراق تووشی هات پێش 9 ساڵ، ئەو راپەڕینەی لە کوردستان و زۆر شوێنی دیکە روویاندا، قسە لەسەر دانوستاندن کرا، ئێمە لەگەڵ دانوستاندن نەبووین، لەم بۆچوونەی من باسم لێوەکرد بینامان لەسەر ئەو بۆچوونەکرد، کە ئەمە حیزبێك نییە دیالۆگی لەگەڵدا بکرێت، رەنگە دیالۆگت لەگەڵدا بکات، رەنگە لەسەر هەندێك شتیش سازش بکات، بەڵام بڕوای پێناکرێت، ئێمە تەقالیدی دیموکراتیمان نییە. تۆ لەگەڵ لایەنێك هاوکاری دەکەی و لێکتێگەیشتنێك و پەیماننامەیەکت هەیە، مافی ئەوەت هەیە و بڕواشت بەوەیە هەموو رۆژێك لێپێچینەوە لەگەڵ بەرامبەرەکەت بکەی لەسەر بنەمای ئەو پەیماننامەیەیان ئەو پەیوەندییەی لەگەڵتدا کردووەتەوە. سەدام هی ئەوە نییە. سەدام رۆژێك ئەو شتەی دەیەوێت بیکات، دەیکات. وەك ئەوەی لەگەڵ جوڵانەوەی کوردی کردی، بۆیە ئێمە نەچووینە دانوستاندن خۆشمان لە بەرەی کوردستانی دوورنەخستەوە، بۆ ئەوەی، ئەو شتەی دەمانەوێت بیڵێین لە لایەنی بەرەوە کە دەچنە دیالۆگ بیڵێین بە مانای ئەوە بەیانی و دوو بەیانی ئێمە خۆمان دووربخەینەوە تەنانەت دیالۆگ لەگەڵ بەرەکەی خۆشمان نەکەین، رەنگە بڵێن کەمتەرخەمیتان کردووە، بەلایەنیکەمەوە وەرن لەگەڵ ئێمە دانیشن. ئێوە بڕواتان بە دانوستاندن نییە، بەڵام پێمان مەڵێن چۆن دەکرێت، ئێمە چووین لەو بابەتە زۆر رەخنە و تێبینیمان هەبووە لەسەر پرسەکە.

رەنگە ئەمەش لەوەوە هاتبێ کە کەم تا زۆر هەست بەوە دەکەین سەدام حوسێن هی دانوستاندن نییە، رەنگە لەڕووی سیاسی و فکرییەوە بۆ ئەوە بچین بڵێین سەداممان ناسیوە.

لەو قسانەی جەنابت شتێکی خنجیلانەم دێتەوە بیر، لەکاتی خۆیدا قاسملو داوای لێکرا کە بێ پەیوەندی بە ئێمە بکات و پەیوەندی بە برادەرانی پارتی و یەکێتیش بکات، کە حکومەت ئامادەیە بۆ دیالۆگ، نهێنی بێت یان ئاشکرا، لە هەر کوێ بێت. وتمان ئێمە لە کۆمیتەی ناوەندی دژی دانوستاندن و دیالۆگین، بۆ ئێمە بەتایبەتی هەواڵ نێردرابوو کە لەگەڵمان دابنیشن و ئەوەمان پێ بڵێن، لاموابێت لەگەڵ لایەنێك گوتبوویان ئێمە شاشیمان بووە، هەڵەمان هەبووە هەردوولا، بەڵام هی ئێمە زیاترە واتە هی ئەوان، بەڵام با ئاشتبینەوە. ئێمەش هەواڵمان پێدان کە

ئێمە ئەوە ناکەین. کاك عەبدولڕەحمان قاسملۆ کە چوو بۆ لای برادەرانی یەکێتی ئەو بابەتەی بۆ ئەوانیش پێشنیاز کرد، کە سەدام ئامادەیە بۆ دانوستاندن و گفتوگۆ، قاسملو دەڵێ، بەڵام پێشی ئەوەی وەڵامم بدەنەوە، گوتم ئێوە دەزانن لەگەڵ کێ دانوستاندن دەکەن؟ دەزانن سەدام کێیە؟ دەزانن چیتان دەوێ؟ گوتبووی ئەو وەڵامەم بدەنەوە. لە هەر حاڵەتێك لەو حاڵەتانە لاموایە هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر نەزانین لەگەڵ کێ دانوستاندن دەکەین و ئەگەر نەزانین چیمان دەوێت.

من بەشبەحاڵی خۆم تەنانەت لەڕووی دانوستاندنەوە دەڵێم جار جارە لەکات و شوێنێکدا ڕەنگە تۆ شتێك بکەیت نەك بۆ ئەوەی دەستکەوتێکی گەورە بەدەستبێنی، نەخێر بەڵکو بۆ ئەوەی کارەساتێکی گەورە بەلاوە بنێی. تۆ رووەو شتێکی ئەوتۆی ئەگەر ئەو دانوستاندنە نەکەی ڕەنگە تووشی لێدانێکی زۆر بەهێز بیت، بەڵام ئەگەر دانوستاندن بکەیت ڕەنگە هەندێك شتی تێدا بهێڵیتەوە، من لە روانگەی ئەگەر و پێشبینی ئەو قسەیە دەکەم، واتە هەمیشە دانوستاندن بۆ ئەو شتانەیە، بەڵام ڕەنگە جاری واش هەبێت بۆ ئەوەی کارەساتێك بەلاوە بنێیت، ئەگەر ئەو دانوستاندنە بەشێوەیەکی کاتی ئەو کارەساتە بەلاوە بنێت ئەوسا ئیمکانیەت هەیە بیر بکرێتەو، بیکەیت یان نا؟ بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێت جەزریەن ئەوە بناسێ کە دانوستاندنی لەگەڵ دەکات، دەبێت ئەوەش بزانێت کەچی لێ هەڵدەکرێ؟ دەتوانێ لەو دانوستاندانە چ پەیدا بکات. بۆیە مەسەلەی ناسینی بەرامبەرەکەت پرسێکی زۆر گرنگە.

# هەڵوێستی جیاوازی بارزانی و مەکتەبی سیاسی بەرامبەر حیزبی شیوعی

**سیروان رەحیم: بۆ مێژوو حەز دەکەم ئەوە بزانم، دەگوترێت گوایە لە دوای کودەتاکەی 8ی شوباتی 1963، کە ئێوە رووتان کردە چیا، ئەوکاتە سەرەتای لێکجیابوونەوەی دووباڵ یان دوو لایەنی زاڵ لە بزووتنەوەی کوردایەتی دابوو، گوایە لایەنگرانی بارزانی و بارزانی خۆی هاوکار بوونە لەگەڵ ئێوە، بەڵام لایەنی مەکتەبی سیاسی لە دژی ئێوە کاریان کردووە، تەنانەت لە هەندێك شوێن هەڤاڵانی ئێوەیان چەوساندووەتەوە. ئایا لە بنەڕەتدا ئەوە وایە؟ ئەگەر وایە چۆن باسی دەکەن؟**

**عەزیز محەممەد:** راستییەکی تێدایە، بەڵام نەك لەبەرئەوەی مەکتەبی سیاسی هەموویان ئەو هەڵوێستەیان هەبوو، نەخێر هەندێکیان هەڵوێستیان باشبوو، بەدڵ و دەروون لەگەڵ ئێمە بوون، یان بەلایەنیکەمەوە لەڕووی سیاسییەوە هەڵوێستەکانیان ورد دەکردەوە باش دەیانزانی کە لە بەرژەوەندی ئەواندا نییە. بەشێوەیەکی گشتی برادەرانی مەکتەبی سیاسی وەدی نەبوون لەگەڵمان، رەنگە بەپەنابەریان دادەنایین لەسەر خاکی خۆمان. مادام بۆ مێژووە ئەوەش دەڵێم، لەکاتی خۆشیدا قسەم

لەگـەڵ کـردن، چونکـە مـن ئـەوکات پەیوەندیـم پێیانـەوە دەکـرد، بـە بارزانـی و مەکتەبی سیاسـیش و ئەوانیدیکـەش. هەفتەیـەك شـەش ڕۆژ یـان هەشـت نـۆ ڕۆژ شـتێکی لـەو بابەتـە لـە دوای کودەتـای شـوبات کـە دەکاتـە 16 یـان 17ی شـوبات نەشرەیـەك بـە ئیمـزای مەکتەبـی سیاسـی دەرچـوو، دەڵـێ ئـەو حکومەتـە یـان حکومەتـی کودەتـای شـۆڕش دژی شـیوعییەکانە، ئەمـە مانـای ئەوەیـە ناوەنـدی جوڵانـەوەی شـیوعی نەیـارن لەگـەڵ ئـەو حکومەتـە، واتـە دۆسـت نیـن لەگـەڵ ئـەو حکومەتـە، چونکـە بـە ئاشـکرا دژی شـیوعییەکانە، بـەڵام هەرگیـز ئـەوە ناگەیێنێـت کـە ئێمـە هـاوکاری لەگـەڵ ئـەو شـیوعیانە بکەیـن، دەبـێ هەمـوو شـتێك بکەیـن بـۆ ئـەوەی زیاتـر ڕوویـان ڕەش بکەیـن. مـن بەشـبەحاڵی خـۆم ئـەو شـتەم وەرگـرت، لـە باغەڵـی خۆمنـا، بـەڵام لـە بەرامبـەر ئـەوەدا بانگـەوازی کۆمەڵکـوژی بڵاوکراوەتـەوە بـۆ دەبـێ ئـەو هەڵوێسـتە لەسـەر خـۆی تۆمـار بـکات؟ تـۆ منـت خـۆش ناوێـت، بـەڵام یەکێـك منـی داوەتـە بـە تێڵایـان و دەیەوێـت لەنـاوم ببـات، هیـچ پێویسـت نییـە تـۆ بڵێیـت ئـای دەسـتت خـۆش، بـە تایبـەت هێزێکـی سیاسـی ئـاوا خـۆت بـە کۆمەڵـگای عێراقـی بناسـێنیت. مـن ئـەو نەشرەیـەم لەلابـوو، چوومـە لای برادەرانـی مەکتەبـی سیاسـی کاك ئیبراهیـم لەوێبـوو، باشـم لەبیـر نییـە کێـی دیکـەش بـوو، ڕەنگـە نـووری ئەحمـەد تەهایـش هەبـوو، سـێ بـۆ چـوار کـەس بـوون لـە ئەشـکەوتی مالومـە، ئـەو بابەتەمـان باسـکرد و گوتـم شـتێکی وا هەیـە، گوتیـان وایـە و وانییـە . تـاد. لێـت ناشـارمەوە حـەزم دەکـرد بزانـن کـە ئێمـە ئەوەمـان بینیـوە، پێشـم خۆشـبوو کـە ڕەتـی بکەنـەوە بڵێـن وامـان نەگوتـووە، چونکـە ئەوسـا ئێمـە زۆر پێویسـتیمان بـە یەکێکبـوو کـە موجامەلەیەکـمان لەگەڵـدا بـکات، واتـە ئێمـە مانانـی کـە گوایـە بەرگـری لـە حکومەتـی عەبدولکەریـم قاسـم دەکەیـن، ئێمـە ئێسـتا باجـی ئـەو هەڵوێسـتە دەدەیـن.

بۆیـە لـەو ماوەیـە جـار جـارە پێـمان خۆشـبوو شـەڕ دەسـت پێبکاتـەوە، هـەر هیـچ نەبێـت ئـەو دۆخـە تازەیـە لەیەکـمان نزیـك بکاتـەوە، کەچـی دانوسـتاندن لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق هەیـە. پاشـان هاتمـە لای بارزانـی، دیاربـوو منـی بـە ناڕازییـەوە بینـی و گوتـی چییـە؟ منیـش باسـی ئـەو بابەتـەم بۆکـرد، گوتـم ئێمـە لامەرکـەزی یـان حوکمـی زاتـی یـان فـڵان و فـڵان و ئەو شـتانەمان لـە کـورد قەدەخەکردووە یـان تەگەرەیـن لەپێش پێکهێنانـی ئـەو پرسـانە..؟ گوتـی چ بـووە؟ بـۆم گێڕایـەوە کـە دۆخێکـی ئـاوا هەیـە، گوتی

لەکوێ ئـەوە گوتـراوە؟ منیـش بـە دوو قۆنـاخ نەشرەکـەم هێنایـە دەرێ و لاپەڕەکانـم وەرگێـڕا و دەسـتم بۆشـوێنەکە درێژکـرد و دامـێ، ئەویـش چاویلکەکـەی خسـتە سـەر لووتـی و خوێندیـەوە، هەڵوێسـتێکی وابـوو بـە نیسـبەت مـن لەوسـا، عـەرەب گوتەنـی (جبـل خاطـر) بـوو، گوتـی نـەك ئـەوەی ئـاوا بڵێـت، بەڵکـو ئـەوەی کۆمەکتـان پێنـەکات و ئـەوەی لەگەڵتـان نەبێـت خـۆی رووی رەش دەبێـت و خـۆی قەبـر دەکات.

ئەوسـا ئێمـە پێویسـتیمان بەوەبـوو خۆمـان بگرینـەوە، پێویسـتیمان بەوەبـوو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان یارمەتیـمان بـدات، پاشـان بـەرە بـەرە ئـەو هەڵوێسـتە بـاش بـوو، بـەڵام دوای پەرەسـەندنێکی زۆر، ئەوەبـوو ململانێیەکـی زۆر لەگـەڵ باڵـی یـان لایەنـی بارزانـی رۆژ بـە رۆژ بـەرەو خراپـە رۆیشـت تاوەکـو کۆنگـرە بەسـترا لـە قـەڵادزێ لـە سـاڵی 1964، ئیـتر جیابوونەوەکـە بەشـێوەیەکی تـەواو روویـدا.

**سـیروان رەحیـم: لـە ژیانـی سیاسـیتان بـە سـەریەکەوە چەنـد سـاڵ لەچیـا بوونـە و سـەرکردایەتی حیزبـی شـیوعیتان کـردووە؟**

**عەزیـر محەممـەد:** بێگومـان مـادام پێشـمەرگەمان بووبێـت لـە چیـا، مـن ئەگـەر لـە وڵات بووبـم هاتووچـۆم کـردووە لـەوێ بوویمـە، رەنگـە بـە مانـگ گەشـتم کـردووە و گەڕاومەتـەوە ئـەوێ، تەنانـەت لـەو ماوەیـەی کـە لـە بەغـداش بـووم سـەری ئەوێـمان دەدا. کاتێـك لـە بەغـدا بـووم وتووێژیشـمان هەبـوو لەگـەڵ بەغـدا پێشمەرگەشـمان هەبـوو، لەکاتـی شۆڕشـی ئەیلوول. نازانـم ماوەیەکـەی چەنـد بـووە کـە لـەوێ بوومە، بە خەیاڵمـدا نایـێ، بـەڵام لـەو ماوەیـەی کـە جەنابـت باسـی دەکەیـت رەنگـە بەشـی زۆری لـە کوردسـتان نەبووبـم، بـەڵام چەندیـن جـار چوومەتـە کوردسـتان و ماومەتـەوە، ئەوسـا زۆربـەی کۆبوونەوەکانـی سـەرکردایەتی هـەر لـە کوردسـتان بـوو، چونکـە قاعیدەمـان هەبـوو، بـەڵام نازانـم مـاوەی چەنـد جـار، چ بـە سـاڵ بێـت یـان بـە مانـگ بێـت، لـەوێ بووبـم.

**سیروان رەحیم: ئەی چەند ساڵ لە دەرەوە بوونە؟**

**عەزیـر محەممـەد:** ئەویـش نازانـم، مـن لـە سـەرەتای نیسـانی سـاڵی 1978 چوومـە دەرەوە بـۆ کۆنگـرەی حیزبـی شـیوعی یۆنانـی، لـەوێ هەواڵـی ئەوەیـان پێـدام لەلایـەن حیزبـەوە، کـە لەسـێدارەدان دەسـتپێکردووە، نەگەڕێمـەوە، تاوەکـو ئـەو رۆژەی ئێمـە چووینـەوە کوردسـتان هـەر لـە دەرەوە بـووم، ئەوسـا کـە دەچووینـە کوردسـتانیش

زۆربـەی جـارەکان لـە ڕێگـەی ئێرانـەوە دەچووینـەوە کوردسـتان، ڕێگاکـە ئاسـانتر بـوو، لـە شـامەوە دەچووینـە تـاران و لەوێشـەوە بەپـاس دەچووینـە ورمـێ و لەوێشـەوە دەڕۆیشـتینە کوردسـتان.

**سیروان ڕەحیم: ئەی چەند ساڵ لە یەکێتی سۆڤیەت بوون؟**

**عەزیـر محەممـەد:** ئەویـش نازانـم، نامەوێـت هـەر لەگۆتـرەوە قسـە بکـەم. زۆرجـار چوویمـە، نازانـم چەنـد جـار بـووە، بـەڵام مـاوەی چەنـد لـەوێ مـاوم ئەمـە زۆر ئاسـتەمە دەستنیشـان بکرێـت. جـار هەبـووە هـەر بـە گەشـتێك چوومـە بـۆ ئەرکێکـی دیاریکـراو و چەنـد ڕۆژێـك ماومەتـەوە، جـار هەبـووە بـۆ مـاوەی مانگێـك لـەوێ بوومـە، جاریـش هەبـووە زیاتـر لـە مانگێـك لـەوێ ماومەتـەوە.

**سیروان ڕەحیم: جار هەبووە چەند مانگێك بەسەر یەکەوە لەوێ مابوویتییەوە؟**

**عەزیر محەممەد:** چەند نا، بە ساڵ بووە.

**سیروان ڕەحیم: ئەوکاتە لە یەکێتی سۆڤیەت کاتەکانتان چۆن بەسەر دەبرد؟**

**عەزیـر محەممـەد:** پەیوەندیـمان باشـبوو، لەگـەڵ هاوڕێیـان لـە هاتووچـۆ و بەریـد و کاری سـەرکردایەتی حیـزب بـاش بـوو، لـە هەمانکاتیشـدا مـاوە هەبـوو بـە خوێندمـان ڕادەبـوارد.

**سیروان ڕەحیم: خوێندنی زمان یان خوێندنەوە؟**

**عەزیر محەممەد:** نەخێر، خوێندنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و زانستی.

**سیروان ڕەحیم: خوێندنێکی دیاریکراوتان تەواوکردووە لەوێ؟**

**عەزیر محەممەد:** نەخێر.

**سـیروان ڕەحیـم: ئێـوە یەکێکـن لـەو کەسـانەی کـە خەڵاتـی (لینین)تـان وەرگرتـووە، ئـەو خەڵاتـە چییـە؟ دەکرێـت باسـی وەرگرتـن و بەدەستخسـتنی ئـەو خەڵاتەمـان بـۆ بکـەی؟**

**عەزیـر محەممـەد:** مـن لـە کـوێ بزانـم چـۆن ئـەو خەڵاتەیـان دا، خـۆ پرسـیان بـە مـن نەکـردووە.

**سیروان ڕەحیم: ئەو خەڵاتە بۆ کێیە؟**

**عەزیـر محەممـەد:** ئـەوان بـە خەملاندنـی خۆیـان ئـەو خەڵاتـە بـۆ یەکێـك دەستنیشـان دەکـەن. مـن لـە تەمەنـی 50 سـاڵیدا خەڵاتـی (الصداقـة بیـن الشـعوب) یـان پێـدام،

ئەویش خەڵاتێکی بەناوبانگە، لە ساڵی 1960 خەڵاتی لینینیان پێدام، هەر لەو ساڵە خەڵاتی (جۆرجی دیمیترۆف)یان پێبەخشیم لە بولگاریا. بەخشینی ئەو خەڵاتانە بە من هیچ رۆژێك لەو روانگەیەوە سەیرم نەكردووە كە ئەو خەڵاتانە بۆ كەسی منە، بەڵكو هەمیشە بۆ حیزب و چالاكییەكانی ئەو حیزبە بووە، هەرچۆنێك بێت نرخاندنێك بووە بۆ حیزب، لە راستیشدا هەروایە، وەك شتێكی كەسی، شتێكی ئەوتۆم نەكردووە شیاوی ئەوەبم خەڵاتی لینینم پێبدەن یان خەڵاتی هاوڕێیەتی نێوان گەلانم پێبدەن، بەڵكو ئەمە نرخاندنێك بووە بۆ حیزب، لە جیهانی عەرەبیدا رەنگە من و خالید بەگداش ئەو خەڵاتەمان وەرگرتبێت، خالید بەگداش جار جارە دەیگوت من لە 1970 ئەو خەڵاتەم وەرگرت تۆ لە 1960 وەرتگرت. رەنگە ئەوانەی خەڵاتی لینینیان وەرگرت لە دەرەوە، مەبەستم وڵاتانی عەرەبییە هەر ئەو و من بووین، ئەمە نرخاندنێكە بۆ رۆڵی حیزب هیچی دیكە نییە.
بێگومان ئەگەر مرۆڤ بیر لەوەش بكاتەوە لە راستیدا رێزلێنان و رەزامەندی جەماوەری حیزب لە ناوەوە، رەزامەندی گەل ئەگەر ئەو پەیوەندییە دروستببێ ئەوا هەزار خەڵات دەهێنێت، ئەوە نرخاندنی راستەقینەیە، بەڵام ئەوەش رەنگدانەوەیەكی ناوەندێكە كە ئێمە شانازیمان پێوە دەكرد، بێگومان سۆڤیەت و لینین.

**سیروان رەحیم: ئەوكاتەی هاتووچۆتان دەكرد بۆ دەرەوە، بۆ سۆڤیەت و وڵاتانی دیكەی سۆسیالیستی، ئایا كە لەگەڵ سەركردە و كاربەدەستانی ئەو وڵاتانە كۆدەبوونەوە باس لە پرسی كورد و كوردستان دەكرا؟ یان بەگشتی باس لە پرسە سیاسییەكان دەكرا؟**

**عەزیز محەممەد:** بەنیسبەت دۆزی كورد باسدەكرا، چۆن باس نەدەكرا. باشیشمان باس دەكرد، رەنگە تووشی بەربەستێكیش بێم، بەڵام گوێی پێنادەم بڵێن كوردە بۆیە باسی كورد دەكات، نەخێر وازم لەوە نەهێنا، تەنانەت لە هەندێك بۆنەدا كە گوتارم پێشكەش دەكرد بەشێوەیەكی ئاشكرا بەناوی گەلی كوردەوە پێشكەشم دەكرد، بێگومان كەس تەخویلی نەكردبووم، بەڵام دڵنیام وشەی كوردی بخرێتە ناو ئەو مەسەلەیە. بۆ نموونە لە ئەرمینیا كوردەكانی ئەرمینیا و لایەنی دیكە هەواڵی ئەوەیان پێدەدام و دەیانگوت ئێمە پێخۆشحاڵین كە ئەو باسەت كردووە ...تاد.

بەڵـێ باسـی دۆزی کـورد دەکـرا، چونکـە دۆزی کـورد بووەتـە بەشـێك لـە بزووتنـەوەی گشـتی عێراقـدا، ئەگـەر هـەر لەبـەر هیـچ نەبێـت لەبـەر ئـەوە دەبووایـە باسـی بکەیـن، لـە قۆناخێکـدا ئەوانیـش دەیانپرسـی بارزانـی لەکوێیـە و فـڵان چۆنـە.

**سـیروان رەحیـم: وەك گوتـم هەندێـك شـت بـۆ مێـژووە، ئەوانـەش بـۆ مێـژوون. هەندێـك کـەس هـەن ئەگـەر مومکیـن بێـت لەلایـەن جەنابتـەوە بۆچوونـی خۆتیـان لەسـەر بـدەی، لەوانـە خـودا لێخۆشـبوو مـەلا مسـتەفای بارزانـی؟**

**عەزیـر محەممـەد:** مـن ئێسـتا حـەز ناکـەم باسـی کەسـەکان بکـەم، لێـت ناشـارمەوە کـە باسـی مەکتەبـی سیاسـی کـرا، دیسـان باسـی هیچیانـم نەکـرد، بـۆ نرخاندنـی کەسـی. بـەڵام بەگشـتی هەڵوێسـتیان لـەو بابەتـە شـتێکی نهێنـی نییـە و ئەوانیـش دەزانـن و برادەرانـی ئێمـەش هەموویـان دەزانـن بـە تێکڕایـی، بۆیـە حەزناکـەم لەسـەر کەسـەکان قسـە بکـەم.

## براکوژی

**سیروان رەحیم: یەکێک لە گرێکوێرەکانی کێشەی کورد، شەڕی ناوخۆ و براکوژی بوو، دیارە شەڕی براکوژی یاخود شەڕی ناوخۆ ئێوەشی گرتووەتەوە، دیارترینیشیان لە مێژووی نوێدا شەڕی یەکێتی و حیزبی شیوعی بوو. من گوێم لە برادەرانی یەکێتی گرتووە و دیدارمان لەگەڵیان سازکردووە و رای خۆیان سەبارەت ئەو شەڕە داوە. کاك نەوشیروان مستەفا لەوبارەیەوە بۆ ئێمە دواوە، حەز دەکەم رای ئێوە بزانم، ئەو شەڕە بۆچ؟**

**عەزیز محەممەد:** لە راستیدا ئەو شەڕەی کە لەنێوان ئێمە و یەکێتی روویدا لەکاتی خۆی لە پشتئاشان، یان ئەو شەڕەی لەنێوان پارتی و یەکێتی و ئەو شەڕەی لەنێوان پارتی و پەکەکە و ئەو شەڕەی لەنێوان پەکەکەو برادەرانی یەکێتی روویاندا، بە بڕوای من ئەمە کارەساتێکی میللەتی کوردە، ناویشی لێنانێم برا کوژی، بەڵکوناوی دەنێم خۆکوژی. بە بڕوای من ئەو خوێنەی دەڕژێ لە لاشەی میللەتی کورددا دەڕژێ، هەر ناوێکی لێدەنێیت لێینێ، بۆ دیالۆگ نەکەین؟ بۆ دیالۆگ بەگوللە بێت؟ بۆ بە گوللە بێت؟

من لەگەڵ کاك مەسعود و مام جەلالیش ئەوەم گوتووە، ئەگەرێك دانرێت، هەر

چییـەك هەبێـت دەبـێ شـەڕەکە نەبێـت. مـن لەکاتـی خۆیـدا گوتوومـە تاوانێکـی زۆر گەورەیـە ئـەو کوردسـتانەی لەبەردەسـتی ئێمەیـە دابەشـی بکەیـن، بـەڵام لـەو تاوانـەش گەورەتـر شـەڕە، ئەگـەر ئەمـە وابمێنێـت رەنگـە رۆژێـك لـە رۆژان دەرفەتێـك دروسـتببێ پرسـێك چارەسـەر بکەیـت، بـەڵام ئـەو خەڵکـە دەکـوژرێ، ئـەو خەڵکانـە سـەیرمان دەکـەن، کـە دەمانتوانـی شـتێکی دیکـە بکەیـن، بایەخێکـی دیکـە بـە پرسـەکە بدەیـن. بـە بۆچوونـی مـن ئـەو خوێنـە لـە لاشـەی بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕی کوردسـتانی دەڕوا، هێـزو توانـای ئێمەیـە لەبەرمـان دەڕوات، لەجیاتـی ئـەوەی خۆمـان ئامـادە بکەیـن ئەوانـەی دژی میللەتـی کـوردن ئێمـە شـەڕی ئـەوان دەکەیـن تەقریبـەن دژایەتـی خۆمـان دەکەیـن. تـاد. بۆیـە ئەمـە نرخاندنـی گشـتییە، ئیمکانیەتێکـی زۆریـش هەیـە بـۆ ئـەوەی ئـەو شـەڕە نەبێـت، هەرچۆنێـك بێـت ئـەو شـەڕە نەبێـت. بۆیـە مـن هەندێـك پێشنیازیشـم هەبـوو لـەو بۆنەیـە پێـش ئـەوەی بێمـە دەرەوە، بـە هەندێـك لـەو جوامێرانـەم گـوت کـە پەیوەندیـم لەگەڵیـان هەبـوو.

لەکاتـی خـۆی لـە شـەڕی نێـوان دیموکـرات و پارتـی، ئێمـە دژی بوویـن، بـە تێکڕایـی ئێمـە دژی ئـەو شـەڕە بوویـن، بەوپـەڕی بڕوابوونـەوە دژی ئـەو شـەڕە بوویـن. لـە راسـتیدا دووژمنانـی ئێمـە دەیانەوێـت لـە دۆخـی ئەوتۆبـن رۆژ بـە رۆژ هەتـا خەڵکەکـە بڵـێ هـەزار رەحمـەت لەکفـن دز. واتـە ئـەوەی دوێنـێ و پێـرێ سـەدامی لا ناشریـن بـوو بڵـێ بەڵکـو خـوا دەکات دەگەڕێتـەوە. ئەمـە مانـای وایـە رۆژێـك لـە رۆژانیـش ئەگـەر خەڵـك ئـەو قسـەیەی کـرد وایـە جەنگەکەمـان دۆڕانـدووە، بـۆ دەبـێ ئێمـە وابکەیـن، بـۆ؟ لەسـەر چـی؟ بەڵـێ لەسـەر دەسـەڵاتە، رێگەیەکـی دیکـە نییـە، چارەسـەرێکی دیکـە نییـە؟ لـە قۆناخـی ئێمـەدا ئێسـتا تەنانـەت لـە باشـووردا ئـەو هێـزەی کـە کەمێـك ئاسـانکاری پیشـانبدا و بکشـێتەوە بەرامبـەر بـەوەی دیکـە، لاموایـە میللەتـی کـورد زیاتـر رێـز لـەو دەنێـت، چونکـە رێـگا لـە پیاکـوژی و شـەڕ دەگرێـت، بـەڵام رەنگـە نەتوانـی بـەو بڵێیـت سـازش بـۆ ئـەو بکـەو بـەوەی دیکـەش بڵێـی سـازش بـۆ ئـەوەی دیکـە بکـە. هەرچەنـد بەشـێوەیەکی گشـتی بەشـبەحاڵی خـۆم باسـی ئـەوەم کـردووە.

ئـەو کێشـانەی ئێسـتا لەنێـوان ئـەو تائیفەیـەش هەیـە، لـە راسـتیدا کێشـەیەکی ئەوتـۆ نییـە کـە چارەسـەر نەبێـت، بەڵکـو لـەو بابەتەیـە کـە چارەسـەر بکرێـت، شـەڕی نێـوان پارتـی و یەکێتـی و پەکەکـە ئەمـە کارەسـاتێکە، ئێمـە دژی ئـەو شـەڕەین، دژیبووینـەو

دژیشـین. ئـەو شـەڕەی لەنێـوان پەكەكـەو یەكێتـی، ئێمـە دژی ئـەو شـەڕەین. دەبـێ ئـەو پرسـانە بـە دیالـۆگ چارەسـەر بكرێـن، دەبـێ دابنیشـین و دوو قسـەی گونجـاو بدۆزینـەوە، واتـە ناتوانیـن دوو قسـە لەگـەڵ یەكـدی بكەیـن ئیلاو بیلا دەبێ دەمانچـە لـە یـەك هەڵكێشـین و بـە تفەنـگ شـەڕ لەگـەڵ یەكـدی بكەیـن؟
ئەگـەر بیـر لـەوە بكەمـەوە بەیانـی و دوو بەیانـی چارەنووسـی ئێمـە چـی دەبێـت، ئەگـەر وا بڕۆیـن ئـەوە چارەنووسـەكەمان تاریـك دەبێـت.
شـتێكم خوێنـدەوە بەشـێوەیەكی مـا مەعنـا دەڵـێ ئیمپراتۆریەتـی بابـان دوو بـرا یـان دوو كەسـی یەكـدی چەندیـن جـار سـلێمانیان ئەودەسـت و ئـەو دەسـت پێكـردووە، یەكێكیـان بـە هـاوكاری لەگـەڵ حكومەتـی تـاران ئـەوەی دیكـە بـە هـاوكاری لەگـەڵ والـی تـورك لـە بەغـدا، گەلـۆ ئـەو كارەسـاتە بـە میـرات بۆمـان ماوەتـەوە؟ ناكرێـت بـە جۆرێكـی دیكـە دیالـۆگ لەگـەڵ یەكـدی بكەیـن؟ مـن لەگـەڵ جەنابـت قسـان بكـەم هەرچەنـدی رەخنەشـت لێبگـرم، بـەڵام سبەی كـە هاتـم لەگەڵـت دانیشـتم شـەرم لـە خـۆم نەكـەم كـە قسـەی وام بـە تـۆ گوتـووە. شـتێكی وام نەكردبـێ رێـگا لـەو دیـدارەی نێـوان خـۆم و خـۆت بگـرم بـە قسـە. مـن پێـت بڵێـم خیانەتـكار و واو وا. ئـێ بەیانـی بێـم لەگەڵـت دابنیشـم كـو تەماشـای چـاوت بكـەم؟ تـۆش هـەروا لەگـەل مـن. بۆیـە بەشـبەحاڵی خـۆم، نـەك هـەر مـن، خەڵكێكـی زۆر بێـزارە لـەو شـەڕە، بێزارییەكـی زۆر زۆریـش. ئـەوە قەدەرێكـە ئاشـنایەتییە بەشـێوەیەكی رێژەیـی، بێگومـان لوغمـەكە مـاوە، كـە نازانـی كـەی دەتەقێتـەوە، ئەگـەر هـەر هیـچ نەبێـت دوو ئیدارەكەیـە ئێسـتا هەردوو بەرێوەبـەری ئیـدارەكان خۆیـان بـە بەرپـرس دەزانـن بەوشـوێنەی كـە ئیدارەیان كـردووە. دوێنـێ و پێـرێ دەچوویتـە لای وەزیرێك دەتگوت پارتی واو وا. كێشـەی وا هەیە دەیگوت پارتـی لێـی بەرپرسیارە، دەچوویـە لای پارتییـەك دەیگـوت یەكێتـی لێـی بەرپرسـە. ئێسـتا هـەردوولا ناوچەیەكیـان لەژێـر دەسـتدایە كـە مـن نامەوێـت بڵێـم ئـەوە شـتێكی راسـتە، بەڵكـو شـتێكی هەڵەیـە، بـەڵام دیسـان كارێكـی وایانكـرد كـە ناچـارن ئـەو كەموكوڕیـەی هەبـێ بـەرەو رووی خۆیـان دەبێتـەوە، رەنگـە ئەگـەر نارەزایەتییـەك هەبـێ لـە ناوچـەی یەكێتـی ئاراسـتەی یەكێتـی بكرێـت، ئەگـەر لـە ناوچـەی پارتـی هەبێـت ئاراسـتەی پارتـی بكرێـت. جـا بۆیـە مـن بـە كارەسـاتێكی گەلێـك گـەورەی دەزانـم پرسـی شـەڕ لەنێوانـی ئـەو لایەنانە.

گەلێك جار ڕەنگە باش لە من نەگەیشتبن کە باسی ئەوە دەکەم، من بە هیچ جۆرێك بیانوو بۆ مەسەلەی شەڕ نادۆزمەوە. پاشان شتێکی دیکە هەیە کە لەگەڵ ئەوەدا پەیوەستە، ئەگەر من تۆ بە دووژمنی سەرەکی خۆم دابنێم، تۆش من بە دووژمنی سەرەکی خۆت دابنێی، هەرگیزی دەست بۆ دووژمنەکەی دیکەت نابەی کە ناسەرەکییە، من و تۆش لە خۆمان حەرام ناکەین دەست بۆ دووژمنی راستەقینەی کورد درێژ بکەین تاوەکو یارمەتی من بدات دژی تۆیان یارمەتی تۆ بدات دژی من، بۆ؟

ئێران یارمەتی من بدات، ئێران یارمەتی من نادات کە کوردم، ئەگەر یارمەتی من دەدات دەبێ یارمەتی ئەو کوردە بدات کە لە دیوی ئێرانە، ئەوسا دەڵێم تۆ راست دەکەیت، هەروەها تورکیا لەکاتێکدا کە دان بە بوونی کورددا نانێت، بێت و یارمەتی من بدات، من دەڵێم کە چی تێدایە و ئەگەر دۆخەکە وایە، ئەگەر ئەوەندە راستگۆیت، نەختێك هەڵوێستێکی مەردانەت هەبێ بەرامبەر کێشەی کورد لە دیوی تورکیا. بۆیە نابێ بەوە کەیفخۆش بین، بەڵام جاری وا هەیە ئێش و ئازاری ئێستا تانە دەخاتە سەر چاوی مرۆڤ کە هەموو راستیی دۆزەکە نەبێت. یان با بڵێین (علی وعلی أعدائی یا رب) نەخێر ئەو شەڕە سوودی کەسی تێدا نییە، جارێك لەگەڵ برادەرانی پەکەکەش دانیشتم، هەرچەندە ناوەکانیانم لەبیر نییە، گوتیان فەرهاد لێرە نییە ئەگینا دەیویست بتبینێت، یەکدوو برادەریشم لەگەڵ بوون لەلای خۆمان گوتم بابە ئەو شەڕەتان لە چییە؟ بۆ شەڕ دەکەن؟ ئەوسا ڕێککەوتن کرابوو خەڵکیان دەگواستەوە بۆ ناوچەی زەڵێ و ئەو شوێنانە، گوتم نەدەکرا ئەو ڕێککەوتنە پێشی شەڕ بکەن؟ بەرێ وەڵڵا، گوتم ئێ باشە بۆچی؟ شەڕ کارەساتە بە نیسبەت میللەتی کورد.

من جارێك لێرە لە ستۆکهۆڵم دوو سێ قسەم کرد، لە کۆنگرە. گوتم قسەی باش زۆر دەکرێت، بەڵام کاری خراپ گەلێك دەکرێت، خۆزیا ئەگەر هەر وەدەبوو قسەی خراپمان دەکرد و کاری باشمان دەکرد، چونکە کارەکە لەسەر ئەرز دەمێنێت، بەڵام قسەی باش بکەم هیچی لێ شین نەبێت، ئاکاری خراپیش بکەم خەڵکی تێیدا بڕوات و وێرانی کوردستانی تێدابێت. ئێ ئەمەچ شتێك ڕەشی دەکاتەوە. بۆیە ئەوە هەڵوێستی منە و لاموایە برادەرانی ئێمەی حیزبی شیوعی عێراق هەموو

رایان ئەوەیە و لێشت ناشارمەوە لەگەڵ ناوەندێکی زۆری حیزبەکانی دیکەش نەك ئەوانەی پارتی و یەکێتی نین، نا لەناو پارتی و یەکێتیش ناوەندێکی زۆر ئاسوودە نین لەو حاڵەتە، بەڵام دەزانی سوپایەك کە دەچێتە شەڕ، مەرج نییە ئەو سەربازە بڕوایەکی قووڵی بەو شەڕە هەبێت، بەڵکو فەرمانی پێکراوە دەبێ شەڕ بکات، تەقە دەکات ئەگەر تەقە نەکات دەکوژرێت. جار جارە ئەوهام دێتە بەرچاو. کابرایەکی وەکو من دێت شەڕی تۆ دەکات، رەنگە یەکدیمان نەدیتبێت، رەنگە تۆ نەزانی من ناوم چییە، من نەزانم تۆ ناوت چییە، هەردووکمان دوای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و داواکاری میللەتی کورد کەوتووین، یەکێك یەکێکمان بکوژین. دروشمەکانیشمان ئەو تەجاوزەی تێدا نییە، بۆ نموونە لەنێوان برادەرانی پارتی و یەکێتی گفتوگۆی ئەوە ناکەن ئێوە هەڵوێستتان لەگەڵ فیدراڵییە نەخێر ئێمە حکومی زاتیمان دەوێت یان بەپێچەوانەوە، باسی شتی دیکە دەکرێت، جا بۆیە بە کارەساتێکی گەورەی دەزانم، لاشموایە ئەگەر فریا نەکەوین دووچاری کارەساتێکی گەلێك گەورە دەبین. بۆیە هەندێکجار دێتە خەیاڵم و دەڵێم خۆزیا شتێکی ئەوتۆ بکەین ئەگەر هاتوو هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی ئێمە نەما و ئەوانی دوور دەستیان لێ هەڵگرتین، ئەگەر دۆخەکە تێکچوو لە جاران خراپترمان بەسەر بێت. ئەوەی رۆژێك دەنکە جۆیەکی ماڵی پاشای خواردووە لەکوونە لووتی دەهێننەوە، ئەمە دەرفەتێکی گونجاوە بەنیسبەت ئێمە وەکو دیارییەکە کە لە ئاسمانەوە بۆمان هاتبێتە خوارەوە، بۆ دەبێ ئاوها رەفتاری لەگەڵ بکەین. بەداخەوە شتێکی زۆر عەجیبە.

**سیروان رەحیم: هەموومان دەزانین هەوڵێکی زۆرتاندا بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی لەنێوان پارتی و یەکێتی، ماوەیەکی زۆر و بەرچاو نێوبژیوانیتان کرد، جیا لە رووە راگەیاندنەکەی، ئەو هەوڵانە چی لێ بەسەرهات؟ ئومێد هەیە؟**

**عەزیز محەممەد:** قەزیەکە چەقیوە. برادەرانی یەکێتی دەڵێن پاش 55 کۆبوونەوەی لیژنەی هاوئاهەنگی، دەڵێ هیچ هۆکارێك نییە، چونکە ئێستا قەزیەکە چەقیوە، ئێمە لە رێیەکی داخراوەوە دەۆڕین بۆیە ئەگەر گۆڕانکارییەك نەبێ ئامادەین لەسەر ئەوە بەردەوامبین. برادەرانی پارتیش دەڵێن رێککەوتنی واشنتن هەیە بە دەق و وشەوە پێوەی پابەندین، ئەگەر دەڵێن ئێمە ئامادەین بۆ هەڵبژاردن

تەنانـەت پێشـی ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییـەکان و پێکهێنانـی ئیـدارەی هاوبـەش، ئیـتر وا ماوەتـەوە هەرکـەس لـە شـوێنی خـۆی دانیشـتووە، تـۆش دەبـێ هـەر قسـەت پـێ نەبێـت، تـۆش دەبـێ ئیمکانیاتێکـت هەبـێ بـەو ئیمکانیاتـەی کـە هەتـە لـەدوای ئـەو قسـەیەی کـە رەنگـە راسـتبێ یـان حـەق بێـت دەتوانـی پاڵپشـتییەکت بکـەن، ئێمـە ناوەندێکـی زۆریـن لـەو نـاوە ئەگـەر شـتێکمان هەبێـت هـەر قسـەیە، قسـەیە، بەڵـێ رێزلێنـان هەیـە خـوا هەڵناگرێـت مـن گلەییـم لـەو لایەنـە نییـە، بـەڵام دیسـان تـۆ ناتوانـی یەکێـك راکێشـی بـۆ لایەکـی دیکـە، زۆرمـان هەوڵـدا کۆبوونەوەیـەك لـە ئـەرزی کوردسـتان بکەیـن، پێشـی ئـەوەی مـن لـە لیژنـەی هاوئاهەنگـی بکشـێمەوە، بـەڵام تەنانـەت لەسـەر ئـەوەش ناکـۆك بـوون، رەنگـە بەربەسـتی ئەمنـی هەیە،کـە رەنگـە ئەگـەر لێـرە بێـت مەترسـی لەسـەر فـڵان هەبێـت، ئەگـەر لـەوێ بێـت مەترسـی لەسـەر فـڵان هەیـە، بـەڵام کـە مـن بێـم و ببمـە میوانـی تـۆ بـە ئاشـکرا، رەنگـە بەشـبەحاڵی خـۆم لەتـۆ دڵنیـام دەسـتم لێنەوەشـێنیت، چونکـە بەرپرسـیارییێتییەکە لەسـەر تۆیـە، قـەت ناتوانیـت بەهیـچ جۆرێـك پاکانەیـەك بـۆ ئـەو مەسـەلە بکەیـت، ئەمەیـان بـەم جـۆرە، بـەڵام ئێمـە هەندێـك شـتمان تێکـەڵاو کـردووە بەداخـەوە.

**سـیروان رەحیـم: تـۆ زۆر لەگـەڵ ئـەو دوو لایەنـە دانیشـتوویت و هاتووچـۆت لـە نێوانیانـدا کـردووە، ئومێـدی ئـەوە دەکەیـت کـە پێـك بێـن؟**

**عەزیـر محەممـەد:** مەسـەلەیەك هەیـە زۆرجـار دەڵێـم پیـاو کـردە پەشـیمان بێـت نـەك نەکـردە پەشـیمان بێـت. واتـە تـۆ ئەگـەر کارێـك بکـەی کـە تێیـدا سـەرکەوتوو نەبیـت، دەڵێـی کـردم و سـەرکەوتوو نەبـووم، بـەڵام کـە نەیکەیـت دیـار نییـە کـە تـۆ تێیـدا سـەرکەوتوو نەدەبوویـت ئەگـەر بتکردبایـە، ئەمەیـان گەزێـك. دووەمینیـان رەنگـە هەندێـك زەرف و زەمـان هەڵکەوێـت رەگـەزی گوشـاربێت لەسـەر ئـەو لایـەن یـان ئـەو لایـەن، دەبـێ ئێمـە دەسـت لـە قوڵپـی ئەمـەل بەرنەدەیـن، نـەك ئەمـەل بەڵکـو مودعەمیـش بێـت بـە عەمـەل، لـە هـەردوولاوە گرنگـی بەپرسـێك بدەیت، وای بـۆ دەچم ئێمـە لـەو بابەتـە کەمتەرخەمیـمان هەیـە، بـۆ نموونـە زۆرجـار تەسـەور دەکەیـت باشـە ئـەو هەمـوو شـەڕە دوور و درێـژەی نێـوان پەکەکـەو پارتـی بـۆ؟ ئیمکانیـەت هەیـە هـاوکاری بکرێـت، برادەرانـی پارتـی و پەکەکـە هاوکاریـان هەبـوو لەگـەڵ یەکدیـدا یارمەتـی یەکدیـان دەدا و رێککەوتنیـان لەنێوانـدا هەبـوو، بـۆ دەبـێ سەربکێشـێت بـۆ

ئـەو مەدایـە؟ هـەر لەبەرئـەوەی چونکـە قاعیدەیـەك پەیەدابـوو لـە کوردسـتانی باشـوور، لـە کوردسـتانی باشـوور ئەگـەر قاعیدەیـەك پەیـدا بووبـێ ئەگـەر دەسـتکەوتێك بێـت، ئەمـە دەسـتکەوتێکی محەلـی نییـە، بەڵکـو دەسـتکەوتێکی نەتەوایەتییـە، مـن پێمەوێـت یـان نەمەوێـت، ئەمـە دەسـتکەوتێکە کاریگـەری لەسـەر کوردسـتانی رۆژهـەڵات و کوردسـتانی باکـوور هەیـە. باشـە چـۆن دەبـێ ئێمـە هەوڵنەدەیـن زمانێکـی هاوبـەش بدۆزینـەوە لەجیاتـی شـەڕ، چـۆن شـانازی بکەیـن مـن بڵێـم ئەوەنـدە کەسـمان لـە لایەنـی فـڵان کوشـتووە تـۆش سـنگت بەرزبکەیتـەوە و بڵێـی ئەوەنـدە کەسـەمان لـە فـڵان کوشـتووە.

گەلێـك جـار هەیـە دەڵێـم کوردسـتان یـەك کوردسـتانە، شـك و گومانـم لـەوەدا نییـە، بـەڵام میللەتـی کـورد یـەك میللەتـە شـك و گومانـم لـەوە نییـە بـە بڕوایەکـی قووڵـەوە. بابەتـی گفتوگـۆ نییـە، بـەڵام سـەبارەت بـەو دابەشـکردنەی کـراوە کـە دەمێکـە کـراوە، لەژێـر ئەنزیمـەی جـۆرا و جـۆر، ئـەو بەشـەی کـورد و ئـەو بەشـەی کـورد ژیـاون و هەڵوێسـتیان بـووەو فڵانیـان بـووە، کـە دەگەینـە دووڕیانـە تەسـکەکە ئەوەیـان یـان ئـەوەی دیکـە، ئەوەیـان یـان ئـەوەی دیکـە، کوردسـتان کـوردی رۆژهـەڵات خانەخوێـی کوردسـتانی رۆژهەڵاتـە، کـوردی باشـوور خانەخوێی کوردسـتانی باشـوورە، کـوردی باکوور خانەخوێـی کوردسـتانی باکـوورە. ئێمـە برایـن، بـەڵام ئەمـە ماڵـی منـە و ئـەوەش ماڵـی تۆیـە. دەبـێ بگەینـە ئـەو ئەنجامـە، چونکـە ئەگـەر مامەڵـە لەگـەڵ یەکـدی بکەیـن لـەو روانگـەوە زۆر شـت هەیـە چارەسـەر دەبێـت، رەنگـە هەندێـك شـت تۆپێـت ناخۆشـە مـن دەیکـەم، بـەڵام تەفاهومـم لەگـەڵ دەکەیـت. باشـە مـن لێـت رازی نیـم ، بـەڵام مـن لەودیـوەم ئامـادەم ئـەوەی دەتەوێـت مـن بیکـەم قەیناکـە، بـەڵام ئاوهـا و ئاوهـا. واتـە ناکۆکـی دەوێـت ئەمـە. ناکرێـت ئـەو لایەنـە فەرامـۆش بکرێـت، بـە بۆچوونـی مـن. تەعبیرێکـی خۆمانـەی دەوروبـەری هەولێـر هەیـە دەڵـێ دەبـێ بزانـی کێنـدەرێ نیسـکان دەینـی. دەبـێ بزانـی کێنـدەر لـە بـاو باوتـرە؟ کاندیـدە بـۆ ئـەوەی شـتێکی بـۆ کـورد پێکبێـت کێندەرێیـە، رەنگـە تەرکیـز لەسـەر ئـەو شـوێنە بکەیـن، تاوەکـو شـتێکی لەسـەر شـین بێـت ببێتـە قاعیدەیـەك بـۆ هەمـوو قەزیەکـە، بـە بۆچوونـی مـن ئـەو پرسـانە حیسـابێکی زۆر جیـددی دەوێـت، هـەر چۆنێـك بێـت نەیگەیێنینـە شـەڕ. ئەمـە بەنیسـبەت دۆخەکـە لـە کوردسـتاندا.

دابەشـكردنێك هەیـە، دابەشـكردنێك روویـداوە جـار جـارە بـە خەیاڵمدێت، ئـەو رۆژە وام بـە خەیاڵـدا هـات كاكـە ئەگـەر هـەر ناكـەن شـتێكم لـە فكربـوو بڵێیـت وەك فیدراڵـی، بـەس نـاوم نەهێنـا، ئەگـەر هـەر ناكـەن هاوئاهەنگـی بكـەن، دە مەیـدان هەیـە دەتوانن هـەردوو هاوئاهەنگـی بكـەن، هاوئاهەنگـی لەگـەڵ دەرەوەدا، هاوئاهەنگـی لـە پرسـی تەندروسـتیدا، هاوئاهەنگـی لەبـواری پـەروەردەدا، هاوئاهەنگـی لـە بـواری بازرگانـی و فـڵان و ئـەو بوارانـە. كۆمەڵێـك خاڵـی هاوبـەش هەیـە ئەوانـە بكـەن و دەسـتەی بـۆ پێكبێنـن، كـێ دەڵـێ ئـەوە لـە ئامانجەكانمـان نزیـك ناكاتـەوە، «یـان هەمـوو شـتێكیان هیـچ» بـۆ دەبێـت وابێـت؟ سیاسـەت وانییـە، یـان هەموویـم بـدەرێ یـان هیچیـم نـاوێ. جـا مـن ئـەو خەیاڵـەم بـۆ ئـەوە دەچـێ پێویسـتە ئێمـە تێكبگەیـن، تەعبیرێكـی كـوردی خۆمانـە هەیـە كـە دەڵـێ ئەگـەر دز و ماڵخـۆ یەكبن گای لـە كولانكـەی دەبەنـە دەر، من ناڵێـم كامـە دزن و كامـە ماڵخـۆ، هەردووكیـان ماڵخـۆن، بـەڵام كامەیـان خاوەنـی ئـەو بەشـەی كوردسـتانە و كامـەی خاوەنـی بەشـەكەی دیكـەی كوردسـتانە؟ ئێمـە ئەگـەر هـاوكاری لەگـەڵ یەكـدی بكەیـن و زمانێكی هاوبـەش بدۆزینەوە گا لەكولانكـەی دەبەینە دەر، بـەڵام مـن هـەر گوێـت لێناگـرم و گرنگیـت پێنـادەم و حیسـابت بـۆ ناكـەم، ئەمـە دەمانگەیێنێتـە كـوێ؟ ئەمـە ماڵوێرانییـە، جـا مـن ئـەو تەسـەورەم هەیـە مەسـەلەی شـەڕ پێویسـتە ناشریـن بكرێـت و سـەركۆنە بكرێـت و پێویسـتە پێویسـتە. تـاد. ئێسـتا ئـەو هێـزەی كـە هەمانـە لـە نـاوەوە مـام جـەلال لـە لێدوانەكانـی گوتوویەتـی ئێمـە ئامادەین وابكەیـن و وابكەیـن، بەشـی زۆری بـۆ ناوخـۆ ئامادەكـراوە. تەسـەور ناكـەم خـوا نـەكات وابـێ سـبەی سـەدام بـە ئـازادی خـۆی بێتـە كوردسـتان. ئینجـا وەرە ئـەو خەڵكەیـان خۆیـان رادەسـت دەكـەن، بـەلای زۆری بەشـی هـەرە هـەرە زۆریـان لـە شـوێنی خۆیـان ناجوڵێنـەوە، چونكـە چیـاكان بـە خۆمانـەوە ناگـرن بـەم دوا بەدواییـە، خـوا بـكات ئەمـە روونـەدات، چونكـە ئـەوەی كـە ئێمـە ئامادەمـان كـردووە بـۆ بەرهەڵسـتی دژی كێشـەی كـورد و دۆزی كـورد نییـە. جـا ئـەوە كارەسـاتێكی میللەتـی كـوردە، هەرچەنـدی بڵێـی دووژمـن و فـڵان و شـتی وا، گەلێـك جـار هەیـە قسـە دەكرێـت دەڵـێ ئەمریـكا وا و فـڵان وا، مـن دەڵێـم كاكـە دوو قسـە لەسـەر خۆمـان بكەیـن، ئێمـە چیـمان كـردووە؟ چ دەبـوو بیكەیـن نەمانكـردووە؟ چ دەبـوو نەیكەیـن كردوومانـە؟ ئەوجـا بزانیـن ئـەو هەمـووەی پێماندەكرێـت دەیكەیـن؟ بـەڵام هـا ئـەوە ئەمریـكا تەگەرەیـە، ها ئـەوە توركیـا تەگەرەیە

بـا دەستنیشـانی بکەیـن بزانیـن دەردەکـە، کۆسـپەکە لەکوێیـە چارەسـەری بکەیـن. وەڵـڵا ئەمریـکا بانگـمان دەکات دەڵـێ تەفاهـوم بکـەن، ئـەی کەواتـە بـۆ باسـی دەرەوە بکەیـن؟ راسـتە هەڵەیـە لەوەگـەڕێ، بـەڵام هـەردوولا دەڵێـن رێککەوتنـی واشـنتنمان کـردووە. جـار جـارە بیسـتم لەکاتـی خۆشـیدا داوایـان لێکـراوە ئەگـەر جێبەجێـی نەکـەن ئێمـە نایێینـە نـاو قەزیەکـە، چونکـە ئێمـە حیزبێکـی ئۆپۆزیسـیۆن نیـن بـە شـێوەیەکی زۆر سـادە بێینـە نـاوەوە، ئێمـە دێینـە نـاو قەزیەیـەك کـە بزانیـن ئێـوە جێبەجێـی دەکـەن، چـۆن دەبێـت؟ گەلێـك جـار هەیـە خـوا هەڵینگەرێـت کاك عەبدوڵـڵا (عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان) بـۆ دەبێـت بچێـت لـە کینیـا بگیرێـت؟ ئێمـە ئەگـەر ئێمـە بیـن، زەلامێکـمان پـێ نەشـاردرێتەوە، چـۆن شـتی وا ناکرێـت؟ ئـەو هەمـوو هەرایـە لەکوردسـتان کـرا و پێشـمەرگەی تێـدا بـوو سەرکردایەتیشـی تێدابـوو پاشـان بەوشـێوەیە بگیرێـت. دەبـێ لەخۆمـان بپرسـین خەلەلەکـە لەکوێیـە؟ مـن بـە جیـددی پێتدەڵێـم جەرگـم دێشـێ. ئێسـتاش بەنـاوی مەسـئولیەت و ئـەو شـتانە قسـە ناکـەم.

لەگـەڵ مـام جـەلال دانیشـتووم، هـەزار جـار تەئکیـدی کردووەتـەوە کـە ئێمـە شـەڕی پەکەکـە ناکەیـن، ئێسـتا تەماشـا دەکـەم لـە قـەرەداخ برادەرانـی پەکەکـە لـەوێ، یەکێتـی چیـت دەوێ لـەوان؟ شـاندێك بنێـرن بڵێـن بوونتـان لێـرە کێشـەی ئـەوە و ئەوەمـان بـۆ دروسـتدەکات، ئێـوە دۆسـتی ئێمـەن، بـرای ئێمـەن، ئـەو خاکـەش خاکـی ئێوەیـە، بـەڵام ئـەو دابەشـکردنەش هەیـە ئێسـتا ئێـوە دەتوانـن بچنـە فڵانـە شـوێن تاوەکـو پێشـمان بکرێـت یارمەتیتـان دەدەیـن، بـەڵام بوونتـان لێـرە کێشـەیەکی گـەورە بـۆ ئێمـە دروسـتدەکات.

وادابنـێ یەکێتـی نایەوێـت راسـتەوخۆ لەبـەر تورکیـا، بـا وابڵێـم لەبـەر تورکیـا خۆیـان بچنـە نێـو ئـەو وتوێـژە، بـا بێـن بڵێـن قـادر، بەکـر، فـڵان ئێمـە لەگـەڵ ئـەو رایەیـن، بـەڵام ئێـوە نـاوی ئێمـە مەینـن و بـڕۆن دانوسـتاندنیان لەگـەڵ بکـەن کـە لەسـەر ئـەو بنەمایـە ئێمـە رازیـن، ئێـوە بەرگـری لـەوە بکـەن بڵێـن ئێمـە بـڕوا بـە یەکێتـی دەهێنیـن بـەوە رازی بێـت، نـەك لەسـەر ئـەو بنەمایـەی ئـەوە پێشـنیازی ئێمەیـە. جـا مەبەسـت لـە دز و ماڵخۆیەکـە ئەوەیـە، ئێمـە میللەتێکیـن ئەگـەر لەنێـوان خۆمانـدا ئاوابیـن. ئـەو خزمەتـەی سـەدامـمان کـردووە لـەو چەنـد سـاڵە رەنگـە بـە ملیۆنانـی خـەرج بکردایـە ئـەو خزمەتـەی بـۆ نەکرێـت. ئێسـتا خەڵکێـك هەیـە بـە ئاشـکرا لـە مەجلیسـێك

ڕەنگـە بڵێـت خـۆ زەمانـی سـەدام وانەدەکـرا، ئـەی کەواتـە ئێمـە چـمان کـرد؟ پاشـان ئێمـە خۆمـان سـووتەمەنی سیاسـەتی سـەدامین چـۆن دەبـێ هەمـان شـت دووبـارە بکەینـەوە؟ ئەگـەر تیـرۆر بێـت، ئەگـەر مەسـەلەی ئـەو حیزبایەتییـە تەسـك و تروسـکە بێـت، ئەگـەر ئـەو پیـاو خراپییـە بێـت، ئەگـەر ئـەو کوشـتارە بێـت. ئـەو لایەنـە ئەوەنـدە کەسـە دەگرێـت و دەچـێ گوللـەبارانیان دەکات، بـا دادگاییەکیـان بـکات و میللـەت ئاگاداربـێ کـە ئەمانـە خەتابـارن، تاوەکـو ئەوانیـش بڵێـن دەسـتتان خۆشـبێت باشـبوو کوشـتتانن، ئەگەرنـا بـە دیـزە بەدەرخۆنـەی دەکـەن واتـە خۆتـان بڕواتـان بـەو ڕێککارە نییـە کـە کردووتانـە، ئەگینـا بۆچـی لـە تاریکـدا لەناویـان دەبـەن. زیاتـر لـە 100 تاوەکـو 200 ئەندامـی دیموکـرات لـە دیـوی ئێمـە کـوژراوە، کـە نـاوی سـیانییەکەیان بـە لیسـت بڵاوکراونەتـەوە، ڕەنگـە یـەك ئێرانـی ئەوانـەی نەکوشـتبێت، بـەڵام بـە دەسـتی منیـان کوشـتووە، منیـان کەسـب کـردووە بـۆ ئـەوەی بەدەسـتی مـن، ئـەوان بکـوژن، بـەڵام ئـەوە جەنگـی ئەوانـە جەنگـی مـن نییـە، مـن بـۆ خەباتکارێکـی ئێرانـی بکـوژم؟ تاکـەی دەبـێ وابیـن ئێمـە؟ تەسـەور ناکـەم عەقڵێکـی سـەلیم بێـت، ڕەنگـە جـار جـارە هەندێـك عەقـل لـە ئیجازەبێـت، ئیجازەیەکـی دوورو درێژیـش. بەنیسـبەت ئەو شـەڕە هیـچ ئەولاو ئـەولای ناوێـت بـۆ ئیدانەکردنـی، نابـێ شـەڕ ببێت،چـۆن دەبـێ کـورد کـورد بکوژێـت؟ بۆچـی بیکوژێـت؟ لەسـەر پـارە، تەنانـەت ئەگـەر ناکۆکـی لەسـەر پـارە بێـت ئەوەنـدە ناهێنێـت، لەسـەر دەسـەڵات ئەوەنـدە ناهێنێـت، ڕەنگـە بەیانـی دووبەیانـی بڵێیـن بابـە ئەوانـە بکـەن لـە بابەتـی هاوئاهەنگییەکـە وەکـو باسـمکرد. ئـەو مەفرەزانـە هەڵبگـرن لەسـەر ڕێگاوبانـەکان، کابرایـەك دەچێتـە سـلێمانی بـا بچێـت چییـە، فـلان دێتـە هەولێـر بابێـت چـی تێدایـە، ئـەو مەفرەزانـە هەڵگـرن و هاوئاهەنگـی لەگـەڵ یـەك دروسـتبکەن. دیدارێـك بکرێـت لەنێـوان سـەرکردایەتی و فـلان و فـلان، بـەرە بـەرە. ڕەنگـە دۆخەکـە وەهـا دەگونجـێ کـە هەنگاوێکـی جـۆری دیکـە بنێیـن بـۆ پێشـەوە.

ئـەو ڕۆژە شـتێکم خوێنـدەوە، نازانـم گوێـم لێبـوو یـان خوێندمـەوە، لـە سـلێمانی هەوڵی تەقینـەوە دراوە، بەپێخۆشـحاڵییەوە ژمارەیەکیـان گرتبـوو، یەکیـان لـە چەمچەمـاڵ گیرابـوو، دیـارە کابـراش لەگەڵیـان سـواربووەو هەسـتی بـە شـتێك کـردووەو چـووە خەبـەری داوە، ئەوانیـش لەنێـوان دوو مەفـرەزەی یەکێتـی و حکومـەت لـەوێ لەپێشـیان وەسـتاون و گرتوویانـە، پاشـان چـوار کەسـیان هێنـا کـە یەکێکیـان عەرەبـە پلاندانـەری

کارەکەیــە کــە چەنــد کیلۆیــەك (تــی ئێــن تی)یــان هێنــاوە، ئــەوە کەلێنێکــی گــەورەو کراوەیــە. ئەمــە کارەســاتێکی گەورەیــە پیــاو نازانــێ بــەچ زمانێــك و وشــە نادۆزێتــەوە بــۆ ئــەوەی گوزارشــت لــەو کارەســاتە بــکات. تــۆ خواخواتــە رۆژێــك لــە رۆژان شــتێکی وات بــۆ هەڵکەوێــت بڵێــی ئاهــ میللەتــی کــورد هەنگاوێکــی هاویشــت دوو هەنــگاوی هاویشــت بــەرەو پێشــەوە. لــە ناوچــەی مەخمووریــش حکومــەت پێشــدەکەوێت، رۆژ بــە رۆژ گوشــار دروســتدەکات، ئێســتا لــە کوردســتاندا دەڵێــن 4 بەشــە بەشــێکی پارتییــە، بەشــێکی یەکێتیــە، بەشــێکی ئیســلامیە و بەشێکیشــی حکومەتــە، ئێســتا هەندێــك ناوچەی کوردســتانی لەژێــر دەســەڵاتی حکومەتدایــە.

## پەنابەری سوێد

**سـیروان رەحیـم: حەزدەکـەم دوور لـەو بابەتانـە سـەبارەت دۆخـی ئێـوە، دۆخـی پەنابـەری قسـە بکەیـن. ئایـا راسـتە وڵاتـی سـوێد مافـی پەنابـەری سیاسـی نەداوەتـە ئێوە؟**

**عەزیـر محەممـەد:** بێگومـان، هـەر ئـەوە نـا، کافیـەی خێزانـم بـووە سـوێدی، ئێسـتا خێزانەکـەم سـوێدییە، بـەس خـۆم بەڵگـەم نییـە کـە هاووڵاتـی چ وڵاتێکـم، لـەوەش زیاتـر، کاتێـك هاتـم پاسـپۆرتێکی مرۆییـان پێـدام، ئـەوە کێشـە نییـە بـەلای منـەوە، مـن دەمویسـت ئیقامەیەکـی سیاسـیانە بێـت، چونکـە 3 منداڵـم هەیـە. کافیـە دەزانـێ ئێمـە لـە ژیانێکـی سرووشـتی نەژیاویـن، ئـەوان لـە بەغدابـوون و منیـش لـە بەغدابـووم. مـن جـار جـارە دەچمـە مـاڵ و سـەریان لێـدەدەم، کچێکـم بـە کـوڵ دەگریـا و دەیگـوت ئـەو کابرایـە نابـێ بێتـە ئێـرە، جـار جـارە دەمویسـت هەسـتم ، کافیـە دەڵـێ لەبـەر ئـەو منداڵـەت، دەڵێـم کافیـە بەرگـەی ئـەو گریانـەی ناگـرم، ئێمـە لـەوەدا لەگـەڵ یـەك نەبوویـن و هەردووکـمان لـە شـارێك بووینـە، ماوەیەکـی دوور و درێـژ هـەر یەکدیـمان نەبینیـوە. بۆیـە گوتـم 3 منداڵـم هەیـە یەکێکیـان لـە لەندەنـە، کچێکـی دیکەم لـە بەرلینە، کوڕەکەشـم لـە هۆڵەندایـە، وتـم ئەگـەر ئـەوە مۆرکێکـی سیاسـی بدەنـێ یارمەتـی ئـەوەم دەدا کـە بتوانـم هاتووچـۆی منداڵەکانـم بکـەم، ئێسـتا لـە هۆڵەنـدا ڤیـزەم پێنـادەن، لـە

ئەڵمانیاش ڤیزەم پێنادەن، لەو دوو شوێنە ڤیزەم پێنادەن، بەڵام ئینگلیزەکان دەیدەن، گوتم ئەگەر ناوی سیاسیشی لیبنێن وەکو بڵێن ئاسنگەر ئاسنگەرەو نەجاڕ نەجاڕە، گوتم چونکە من شتی دیکەم مومارەسە نەکردووە جگە لە سیاسەت، جا لەوەگەڕێ چۆنم مومارەسەکردووە، لە لاپەڕەی چوارەم نووسراوە بەڵگەی ئەوتۆی پێ نییە کە هاووڵاتیبوونی بسەلمێنێت، بێگومان نووسراوە لەدایکبووی هەولێر و عێراق و فڵان و ئەوانە، پەساپۆرتی بەدیلی دیپلۆماسی عێراقیم پێبوو ، کەس ئاوڕی لێنەدامەوە چونکە کافیە هاتبوو، پاسپۆرتی ئەویان والێکردبوو منیشیان هاوتای ئەو کرد.
بەڵام من گوێم لێ نییە، کێشەی ئەو چارەسەربوو، کێشەی ئەو گرنگترە سەردانی منداڵەکان بکات، یەکێکیان منداڵی دەبێت یان کێشەیەکی هەیە.

**سیروان رەحیم: بۆخۆت چۆنی لێکدەدەیەوە، کە مافی پەنابەریان پێدایت؟**

**عەزیز محەممەد:** نازانم، پێشم گوتن. چوومە لای پارێزەر و خاڵەکانم نووسی و گوتم دوو جاری دیکەش هاتوومەتە ئێرە، بە ئیستیعانە لەگەڵ خێزانم نەهاتووم، ڤیزەم هەیە،چوون گەڕان ڤیزەیان دۆزییەوەو گوتیان راست دەکەیت، تەنانەت گوتم ڤیزەی دیپلۆماسیم هەیە هاتوومەتە ئێرە دیدارم کردووەو کۆڕ و کۆبوونەوەم کردووە، گوتیان دەزانین و ئاگامان لێیە، بەڵام هەر وایە.

**سیروان رەحیم: راستە گوایە داوای پشتگریان لێکردووی، کە پشتگیری لە حیزبێکەوە بێنیت؟**

**عەزیز محەممەد:** نەخێر، برادەرانی خۆمان یەك دوو جار گوتیان ئەگەر 20 بۆ 25 کەسێك کە عێراقی بن و رەگەزنامەی سوێدیان پێدراوە شتێك بڵێن کە ئەمانە فعلەن وان، رەنگە کاریگەری هەبێت، نازانم وازمان لێهێنا، ئێستا کافیە بووە سوێدی، هەشت ساڵی تەواوکرد بووە سوێدی، ئێستاش کەشخە بەسەر ئێمە لێدەدا.

**سیروان رەحیم: تۆزێك لە شەڕ و سیاسەت و شتە ناخۆشەکان دوور بین، سەرەتای قسەکانیشمان باسی خەنجەرمان کرد، کە جەنابت ئاماژەت بەوەکرد وەکو تەکمیلی قیافە، ئێوە هەمیشە لە کوردستانیش بە جلوبەرگی کوردییەوە دەبیندرێن، داوونەریتی کوردەواریتان پێخۆشە. ئایا ئەمانە هەمووی نیشانەی ئەوە نین کە ئێوە سەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتیتان کردووە نەك کۆمۆنیستی؟**

**عەزیز محەممەد:** ئەوە بۆچوونێکە، وەك باسمکرد ئێمە لەکاتی خۆیدا چۆن ئەو

ڕێگایەمـان گـرت، بێگومـان ماوەیەکـی دوور و درێـژ بـە قەناعەتێـك تەسـەورمان دەکـرد کـە ئـەو مەسـائیلانە هینـی چینایەتـی بێـت یـان نەتەوایەتـی بێـت، کـە ڕەنگـە ئـەو کارە بەنـدە بـە جێبەجێکردنـی ئیشـتراکیەت و بوونمـان بـە دەوڵەتێکـی ئیشـتراکی ئەوسـا ئاسـاییە. وەك مـام جـەلال جارێـك لێدوانێکیـدا گوتـی دیموکراتییەتمـان بدەنـێ ئێمـە داوای هیـچ ناکەیـن، یـان ئەگـەر داوابکەیـن لـە پەرلەمـان داوادەکەیـن، چـەك و مـەك و ئـەو شـتانەی ناوێـت.

مـن لەنێـوان خـۆم و خۆمـدا گوتـم وەڵـڵا ئـەوە شـتێکی ڕاسـتە، دیموکراتییـەت هەبێـت، چەکـی نـاوێ، ڕای گشـتییەك دروسـتدەکەیت، ئـەوە هەیـە لـە کەنەدایـە لـە کوێیـە. ناوچەیـەك بـە فەرەنسـی قسـان دەکـەن، ڕاپرسـیان کـرد وەسـەتێکی زۆر دەیانویسـت جیاببنـەوە لـە کەنـەدا، دەنگیانـدا لـە بەرژەوەنـدی مانـەوە لەکەنـەدا دا هەتـا ئێسـتاش. سیسـتەمی دیموکراتـی هەبـێ بەیانـی و دوو بەیانـی ڕاپرسـییەك دەکرێـت و میللەتـی کـورد بەوشـێوەیە. ئێسـتا کێشـەکە ئەوەیـە تووشـی ڕژێمێـك هاتوویـن وەك بڵێـی خـوا بـکات کـەس تووشـی نەبێـت، تەنانـەت لـە ئەنزیمـەی عێراقیـش شـتی وا کەمـە، ڕەنگـە ئـەوە سرووشـتی عێـراق ئـەو دۆخـەی خوڵقاندبـێ، ئێسـتا سـەدام تەسـەور دەکات ڕۆژێـك تیـرۆر کەمبکاتـەوە سـەرەتای کۆتاییەکەیەتـی، دیاردەیـەك بڵاوبێتـەوە 500 کـەس لـە خوێـن نقـوم نـەکات مانـای ئەوەیـە ڕۆژی دوایـی بەلایەنیکەمـەوە 5 هـەزار کـەس دێنـە دەرەوە، ڕۆژی دواتـر 10 هـەزار و . تـاد. ئەمـە وایـە، چونکـە لەکاتـی خۆیـدا گفتوگۆیـان لەگـەڵ ئێمـە دەکـرد لـە حیزبـە دۆسـت و ئەوانـە، ئـەرێ کـوا ڕووی ئێـوە دیـار نییـە، گوتـم ئێـوە دەتانەوێـت سـێ بـۆ چـوار دروشـم بـە ملمانـدا شـۆڕ بکەینـەوە بـە شـەقامێکی وەك شـەقامی ڕەشـید بێیـن و بچیـن کـە دەنـگ نـەکات و بڵێیـن ئێمـە دەمانەوێـت دیکتاتۆریـەت لابچێـت و فـڵان و شـتی وا. ئـەوە نییـە لای ئێمـە، زیاتـر لـە 30 کەسـیان لـێ لـە سـێدارەداین بەنـاوی ئـەوەی لەنێـو سـوپادا چالاکـی ئەنجامـدەدەن. ئێسـتا مـن بـە جەنابتـی دەڵێـم حەقـەن ڕاسـت نەبـوو. ڕۆژێـك بـە ئەحمـەد حەسـەن بەکـرم گـوت، گوتـم بەڕێـز سـەرۆك تـۆ تەسـەور دەکەیـت مـن یەکێکـم تەنزیـم کردبێت، حیـزب یەکێکـی تەنزیـم کردبـێ ئـەو یەکـە ئیسـتدراج بکرێـت بـۆ یەکێکـی دیکـە، گوتـی نـا. چونکـە تەنزیمێکـی مونەزەمـە پەیوەنـدی هەیـە، چـۆن دەچێتـە لایەکـی دیکـە، گوتـم هەندێکیـان ڕاودەکـەن. بـۆ نموونـە ڕۆژنامەیەکیـان بەدەسـت یەکێکـەوە دیتـووە،

ڕۆژنامەکـە ئاراسـتەیەکی پێشـکەوتنخوازی تێدایـە و بۆنـی شـتێکی لێدەکـەن، ڕۆشـنبیری نـوێ و بیـری نوێیـان بەدەسـت یەکێکـەوە بینیـوە، یەکێـك دوو قسـەی کـرد. گوتـم مەسـەلەکە بەوشـێوەیەیە، ئەگەرنـا کابرایەکـی مونەزەمـە لـە سـەربازیدا، شـانەی هەیـە. فڵانـی هەیـە. بـرادەری خـۆی هەیـە کـە پەیوەنـدی پێـوە دەکات، بۆچـی هەڵدەخەڵەتـێ بـۆ لایەکـی دیکـە بـڕوات؟ گوتـی وایـە. هەندێـك ڕووداوی دیکـەش ڕوویانـدا، دەسـتیان پێکـرد، ژمارەیەکیـان لەسـێدارەدان. جـا ئێمە لـە دەرەوە لـە دیدارەکانماندا باسـی ئەوەمان نەدەکـرد، تەسـەورمان دەکـرد ئەگـەر بـاس بکەیـن، مەبەسـتم ئەوەیـە ئەگـەر چالاکـی ئەنجامبدرێـت بـۆ لابردنـی لەسـێدارەدان، ڕەنگـە ئیسـتفزازیان بکات زوو لەسـێدارەبدرێن و ئەوانـە، کەسـی واهەبـوو 4 سـاڵ لـە ژووری لەسـێدارەدان بـوو، بۆچـی ئێسـتا لەسـێدارە بدرێـت؟ گوتمـان بـا وای لێنەکەیـن، هەلومەرجێکـی گونجـاو بدۆزینـەوە بـۆ ئـەوەی هەوڵبدەیـن بـۆ بەردانیـان ئەگـەر هـەر هیـچ نەبێـت هەموویـان لەسـێدارە نەدرێـن. لەوەشـدا لێتـی ناشـارمەوە جـار جـارە ئەوەمـان بـە خەیاڵـدا دەهـات هـەم برادەرانمـان ڕزگار دەکەیـن هـەم چارەنووسـی پەیوەنـدی بەرەییشـمان ڕزگار دەکەیـن، چونکـە ڕەوا نییـە ئـەو خەڵکـە لەسـێدارە بدرێـت و تـۆش لافـی جەبهـە لێبدەیـت، هەمـوو ڕۆژێـك کابرایەکـت بـۆ بنێرێتـە ژێـر پەتـی سـێدارە. بۆیـە ئێمـە نەمانکـردە پڕوپاگەندەیـەك لـە دەرەوە، هەواڵمانـدەدا هاوڕێیانمـان لـە دەرەوە، بـەڵام دەمانگـوت ئێسـتا نامانەوێـت ببێتـە پشـێویەك، چونکـە وەك گوتـت سـەدام بـاش دەناسـن. نەبـادە ئـەوە ببێتـە هۆکارێـك، بۆیـەش وەدەڵێـم وەجبـەی دووەمیـان گوتیـان بۆیـە لەسـێدارەماندان چونکـە برووسـکەمان لـە سـەرکردایەتی حیـزب و ئەوانـەوە بـۆ هاتـووە.

سـەبارەت بـە خەنجـەر، یـەك دووێـك هەیـە جـار جـارە دەیانبینـم و تەماشـایان دەکـەم، یـان نەیانبـووەو هەیتیـان زۆر نیـن، زۆر زۆر کەمـن، ئـەوا دوور بـەدوور دەڵێـم پیـرۆزت بێـت، ئـەوەی تەنیشـتی دەڵـێ چیـت پیرۆزبێـت، دەڵـێ لەگـەڵ خەنجەرەکەمیەتـی. ئـەوان دەزانـن لەگـەڵ خەنجەرەکەمـە، خەنجـەر بـەلای منـەوە شـتێکی جوانـە، هـەر ئەوەندەیـە.

**سـیروان ڕەحیـم: مامۆسـتا وەك بیسـتوومە ئێـوە زۆر دەخوێننـەوە، زۆر حەزتـان لـە خوێندنەوەیـە، چ دەخوێننـەوە؟**

**عەزیـر محەممـەد:** بوختانیـان پێکـردووم. ماددەکـە مێژوویـی بێـت، فیکـری بێـت،

ڕۆشـنبیری بێـت، گشـتی بێـت. هەرچـی بـە چنگـم بکەوێـت ئـەدەب بێـت، ڕۆمـان بێـت. بۆیـە دەڵێـم ئـەدەب، چونکـە کاتێـك لـە زینـدان بـووم عەرەبییەکـەم لـە ڕێـی خوێندنـەوەی ئەدەبـەوە تۆزێـك بـاش بـووە، بۆیـە ڕۆمـان و چیـرۆك و (حدیـث الأربعـاء) و (علـی هامـش السـیرة)ی تەهـا حوسـێن، هـەر بۆیـە زمانـی ئەدەبـی تەشـویقی کـردم، زمانێکـی دەوڵەمەنـدە، ئێسـتاش هـەر شـتێکم بەچنـگ بکـەوێ دەیخوێنمـەوە، لێـرە و لـە هەولێریـش هـەروا.

**سیروان ڕەحیم: ماوەی چەند ساڵ لە زیندان ماونەتەوە؟**

**عەزیـر محەممـەد:** 10 سـاڵی ڕەبـەق. ڕەنگـە کەمـتر لـە مانگێـك بێـت، لـە مانگـی 10ی 1948 تاوەکـو مانگـی 9ی 1958، هێشـتا مـاوەی حوکمەکـەم تـەواو نەکردبـوو، 5 سـاڵم مابـوو، بـە بۆنـەی شۆڕشـەوە ئـازاد کرایـن.

**سیروان ڕەحیم: ئەو ماوەیە لە چ زیندانێکدابوون؟**

**عەزیـر محەممـەد:** لـە کـوت بوویمـە، دووجـار کـە نوگـرە سـەلمان بوویمـە، جارێـك لـە بەغـدا بوویمـە، دووجاریـش لـە بەعقوبـە بوویمـە.

**سیروان ڕەحیم: ژیانی زیندان لە ئەشکەنجەوە تاوەکو دوایی چۆن بووە؟**

**عەزیــر محەممــەد:** چونکــە ئەوســا، زیندانەکانیــان دەگواســتەوە، مانمــان دەگــرت، لــەو زیندانــەوە بــۆ ئــەو زینــدان دەگوازراینــەوە، لــە نوگــرە بــۆ کــوت لــە کوتــەوە دەیانگێڕاینــەوە بــۆ نوگــرە.

**سیروان ڕەحیم: ئەوکاتەش هەر لەبەر حیزبی شیوعی بوو؟**

**عەزیر محەممەد:** بەڵێ، بەڵێ.

## ژیانێکی نائاسایی خێزانی

**سیروان ڕەحیم: شتێك هەیە خۆشحاڵم ئەگەر وەڵامم بدەیەوە سەبارەت خۆشەویستی. ئایا بە خۆشەویستی ژیانی هاوژینیتان پێکهێناوە لەگەڵ کافیە خان؟**

**عەزیر محەممەد:** بەڵێ.

**سیروان ڕەحیم: لەکوێ و لەچ ساڵێك هاوسەرگیریتان کرد؟**

**عەزیر محەممەد:** لە 9ی حوزەیرانی ساڵی 1960.

**سیروان ڕەحیم: چەند منداڵتان هەیە؟**

**عەزیر محەممەد:** سێ، دوو کچ و کوڕێك. کچە گەورەکەم ناوی فێنکە، کچەکەی دیکەم ناوی شیرینە، کوڕەکەشم ناوی ئاراسە، بچووکترینیان کوڕەکەمە.

**سیروان ڕەحیم: پێش ئەوەی ژیانی هاوژینی لەگەڵ کافیەخان پێکبێنن، کەسێك هەبووە لە ژیانی ئێوە خۆشتان ویستبێت؟**

**عەزیر محەممەد:** ڕاستییەکەی پڕۆژەی دیکەم هەبوو، بەڵێ، بەڵام لەبەر هەندێک هۆکار.. بەڵێ، **(کۆتایی بە وەڵامدانەوە دەهێنێت).**

**سیروان ڕەحیم: دونیای سیاسەت و ئەڤینداری چۆنە؟**

**عەزیر محەممەد:** لێت ناشارمەوە، سیاسی جار جارە بە عەقڵ دەیەوێ دڵداری

بـكات، وابزانـم زۆر تاموچێـژی دەڕوات کـە بـە مێشـك بیـر لـەوە بکەیـەوە، دەبـێ ئـەوەت خۆشـبوێت و ئـەوەی دیکـەت خۆشـبوێت، بـە سـانتیمەتر و ئامێرێکـی دیکـە بیپێویـت، ئـەوە بەرگـە دەگرێـت بـۆ سیاسـەت یـان نـا لـە حاڵەتـی ئیختیفـا چـۆن دەبـێ یـان نـا. ئیـتر لـەو بابەتانـە. ڕەنگـە مرۆڤێکـی سیاسـی نەتوانـێ بیـر لـەوە نەکاتـەوە، چونکـە پێـش هەمـوو شـتێك ئـەو فکرەیـەی لەسـەریدایە ئـەوی خۆشویسـتووە. بێگومان قوربانیـش مانـای نییـە ئەگـەر تـۆ بـە شـتێکی تافهــ قوربانـی بدەیـت، قوربانـی ئەوەیـە کـە بـە شـتێکی بـەرز قوربانـی بدەیـت، ئەوسـا بـە قوربانـی دەژمێردرێـت. بۆیـە جـار جـارە هەیـە مـرۆڤ کـە بزانـێ یەکێـك هەتـا سـۆزت لەگەڵـی باشـبێت، بـەڵام بزانێـت ئەمـە بـۆ ژیانـی حیزبایەتـی و ژیانـی ئەویـش. تـۆ سـاڵەهای سـاڵ لـە زینـدان بـە، ئـەو هەمـوو ئامادەیـی تێدابێـت و قبووڵـی بـکات، پاشـان کارێکـی ئەوتـۆ بکەیـت ببێتـە تەگـەرە. هەندێـك برادەرانیشـمان لـە جێبەجێکردنـی ئەرکێکـدا سیاسـەت لای ئێمـە و لای خەڵکیشـدا، ڕەنگـە ژن توانیویەتـی تاڕاددەیـەك کاریگـەری لـێ بـكات.

**سـیروان ڕەحیـم: کـە لەگـەڵ کافیـە خانـدا ئاشـنابوون، هـەر خۆشەویسـتی ڕۆڵـی بینـی، یـان نزیکبوونـی فیکریش؟**

**عەزیر محەممەد:** خۆی حیزبی بوو، تەفاهومەان کرد.

**سـیروان ڕەحیـم: لـە ژیانـی ژن و مێردایەتـی و ژیانـی خێزانداریـدا، ئـەو ماوەیـەی کـە بەیەکـەوە بـوون، تەفاهـوم و گونجـان لـە ماڵـدا دوور لە سیاسـەت وەکـو ژن و مێردێك، چـۆن بـوو؟**

**عەزیـر محەممـەد:** بـە بۆچوونـی خـۆم، ئێمـە هیـچ کێشـەیەکی بنچینەییـمان نەبـوو، بۆیـەش دەڵێـم بنچینەیـی دوو خوشـك و دوو بـراو ژن و مێـرد و فـڵان کـەم یـان زۆر قسـەی ناشـیرین لـە دەمـی هیچـمان بەرامبـەر بـەوەی دیکـە نەهاتووەتـە دەرەوە، تەنانـەت لـە حاڵەتـی توڕەبوونیشـدا. بەشـێوەیەکی زۆر ئاسـایی ژیاویـن، بـەڵام ئـەوەی کـە ئاسـایی نەبـوو ئێمـە ژیانێکـی ئاسـایی نەژیـان.

لێـت ناشـارمەوە، ئـەوەم لـە کافیـەی گـوێ لێبـووە، لامواپـە شـیرینمان بـوو یـان ئـاراس دەڵـێ بۆیـە کەیفـم پێهـات خەڵـك زانـی مـن مێـردم هەیـە، چونکـە ئـەی ئـەو کـوڕەی لـە کـێ بـوو؟ دەبـێ مێـردی هەبێـت تاوەکـو کـوڕی هەبێـت. ئیـتر ئـەوە مانـای چییـە؟ ماوەیەکـی زۆر ئـەو مامۆسـتا بـوو لـە قوتابخانـە، ئێمـە لێـك جیابووبینـەوە، بێگومـان من

ناناسـن. ئـێ خـۆ ئەویـش ناچێـت کۆشـش و خەبـات بـکات بـۆ ئـەوەی تێیانبگەیێنـێ ناوەڵـڵا ئەوەتـە لـە فلانـە شـوێنەو دەیبینـم و ئـەوە و ئـەوە. پەیوەندییەکانمـان زۆر ئاسایی بـووە، ئـەو شـتەی کەمبوو کە لێـك دووریـن، تەنانـەت منداڵەکانیشـمان چەندین سـاڵ لێـمان دوورکەوتنـەوە. دوو کچـم هەبـوو، ئێسـتا خەڵکەکـە لێـرە کێشـەی هەیـە کـە کچـی هەیـە، بـەلام ئێمـە کچەکانمـان سەربەسـت کـرد، هاتنـە ئەڵمانیـا بخوێنـن هەردووکیشـان گەنـج بـوون، پاشـان هەردووکیـان مێردیـان کـرد و گلەییـمان لێیـان نییـە. بەگشـتی ژیانێکـی ئاسـایی نەژیایـن، بـۆ نموونـە ئـەو هاوینـە لـە مانگـی ئابـدا هاتنـە لامـان، چونکـە مـن نەمدەتوانـی بچمـە لایـان، هەرسـێکیان هاتنـە لامـان، نزیکـەی 4 بـۆ 5 رۆژ هـەر پێنجـمان بەیەکـەوە بوویـن، پاشـان کچـەکان هەردووکیـان گەڕانـەوە، کوڕەکـەم تاوەکـو نزیکـەی مانگێـك مایـەوە.

**سـیروان رەحیـم: لـە مـاوەی ژیانـی خێزانداریـدا هەمـووی بەسـەریەکەوە چەنـد پێکەوەبوونـە وەکـو خێزانێـك، چەنـد سـاڵ، چەنـد مانـگ و چەنـد رۆژ؟**

**عەزیـر محەممـەد:** حاڵەتێـك لـە حاڵەتـی ئینتیزامـی وێکڕابـوون، ئـەو فەترەیـەی جەبهەبـوو لـە بەغـدا، چونکـە مـن لـە بەغدابـووم، ئەویـش لـە سلێمانی مامۆسـتا بـوو، خـۆی بـۆ سـلێمانی گواسـتەوە، کـە پێویسـت ئەوەبـوو بچێتـە سـلێمانی بـۆ ئـەوەی هـەر یەکـتر نەبینیـن، ئیـلا ئەڵلاهومـە زیـارەت و شـتێك، لـە فەتـرەی عەلاقاتـی جەبهـەوی مـاوەی 4 سـاڵ و نیـو بـۆ 5 سـاڵ بەیەکـەوە بوویـن. واتـە ماڵـمان نـاسراوە ئەمـن (دەزگای ئاسـایش) پێـی دەزانـی. ئـەو پێنـج سـاڵە بەیەوەکـەوە بوویـن، ئـەوەی دیکـە هەمـووی دیداربـووە. ماوەیـەك لـە مۆسـکۆ بـوو مـن بـە سـەفەر دەهاتـم و دەگەڕامـەوە. سـاڵ و نیوێکـی تەواویـش لـە کوردسـتان بـووم، ئـەوە پێنجەمیـن مانگـە لێـرەم لـەم رۆژانـە دەڕۆمـەوە وڵات.

**سـیروان رەحیـم: مامۆسـتا پیـاوی سیاسـی، لـە ئەزموونـی کەسـی ئێـوەوە، دەبـێ لـە خەیاڵیـان لـە هەندێـك لـە بارەکانـدا رۆمانتیـك بێـت لەگـەڵ ژنێکـدا دانیشـێت، شـیعری بـۆ بڵێـت یاخـود دڵـداری لەگـەڵ بـکات و بـە زمانێکـی دیپلۆماسـی قسـەی لەگەڵـدا نـەکات؟**

**عەزیـر محەممـەد:** خۆزگـە شـاعیر بوومایـە، مـن بەشـبەحاڵی خـۆم لـەو بابەتـە خـۆم وادادەنێـم، بـەلام حیـزب ئـەو ماوەیـەی ئێمـە لێـی بووینەتـە حیزبـی، حیـزب بتەوێـت

و نەتەوێت قالبێك بۆ مرۆڤ دادەنێت، پاشان ئەستەمە تۆ لەناو ئەو قالبە بچیتە دەرەوە. ڕەنگە هەوڵبدەیت نەختێك قالبەکە گەورەتر بکەیت، بەڵام لە ناوی بچیتە دەرەوە زۆر ئەستەمە. وەکو پێشتر باسمکرد دایکێکم هەیە، دەبێ بچمە ماڵی چاپخانە بە خەیاڵمدا نایێت بڵێم نا، چۆن دەبێ بڵێم نا. ئەمری حیزبە، ئەوساش دەمانگوت ڕێکخستنێکی نیمچە سەربازییە. ئێستا مومکینە لەوە چاوخشاندنەوە دەکەین، دەڵێین ناوەڵڵا سەرباز نین، دەڵێ ڕامواوەیەو ڕات وایە و فڵان وایە. من بەشبەحاڵی خۆم گەلێك جار هەیە بە خەیاڵمدا دەهات کە، پیاو دەکرێت جار جارە بەشێوەیەکی گشتی، هەموو ڕاستییەکان نەڵێت، بەڵام غەیری حەقیقەتیش نەڵێت. وابزانم قسەکەم ڕوونە، هەموو ڕاستییەك نەڵێی، بەڵام غەیرە ڕاستیش نەڵێی. ئێستا بەپێچەوانەوە هەموو ڕاستییەك بڵێ هەرچی بە خەیاڵیدا هەیە بڵێ لە حیزب و دەستەی سەرکردایەتی و فڵاندا، بەڵام بشزانی سنووردارە ئەمە، بزانی ئەمە لەپێناو ئەو ڕاستییە نەیگەیێنیتە پچڕان، بە ڕێگەی خۆی بەرگری لێبکە ئاساییە. باشترین ڕا، مەقبولترین ڕا، نزیکترین ڕا لە قاعیدەی حیزبی لە ڕاستی ئەو ڕایەیە کە لە ئەنجامی ململانێی ڕایەکان، فیکرەکان و بۆچوونەکان دێتە بەرهەم. بۆ نموونە جەنابت دێیت ڕایەك پێشکەش دەکەیت، ڕەنگە من ئەوەم لە خەیاڵ نەبێت، کێ دەڵێت من ئەو ڕایەی تۆ پێشکەشی دەکەیت، من تەبەنی ناکەم. یان من لە دەستەیەك دادەنیشم ڕایەکم هەیە نایڵێم، کێ دەڵێت ئەگەر بیڵێم 10 کەس ئینحیاز ناکات بۆ ڕایەکەی من و تەبەنی ناکات. بۆیە ئینسان دەبێ بیڵێت، بەڵام لەهەمانکاتیشدا ڕاستییەك بزانێ هامیشێکی ڕاستەقینە بهێڵێتەوە بۆ بەرامبەرم کە ڕەنگە هەموو ڕاستییەك لای ئەو نەبێ و لای بەرامبەرەکەشە. ئێمە جار جارە کە حەقیقەت حەسر دەکەین بەخۆمان، هەڵەیەکی گەورە دەکەین.

**سیروان ڕەحیم: مامۆستا قەت بەشداری شەڕتان کردووە، ڕاستەوخۆ لە شەڕێکی چەکداریدا؟**

**عەزیر محەممەد:** من؟ نەخێر.

**سیروان ڕەحیم: حەزت لە خواردنەوەیە؟**

**عەزیر محەممەد:** حەزم لێیبوو، ئێستاش حەزم لێیەتی، بەڵام ئێستا تاقەتی خواردنەوەم کەمە، ڕەنگە جار جارە فڕێك یان دوو فڕ بخۆمەوە، ڕەنگە پێکێك

بخۆمەوە، بەڵام کە نەخۆمەوە ساڵێك و دوو ساڵ و سێ ساڵ بیری لێناکەمەوە، بە تەنیا قەتم نەخواردووەتەوە و ناشیخۆمەوە.

**سیروان رەحیم: ئەی جگەرە؟**

**عەزیر محەممەد:** لە زیندان تەرکم کرد، لە ئابی1957. زۆر سوودمەندبووم، بە تایبەت لەوکاتەی لە کوردستان دەڕۆیشتم و هەوراز و نشێوم دەبڕی، بێگومان پیادەیەکی زۆر باشبووم بە زمانی خۆم نەڵێم.

**سیروان رەحیم: لەگەڵ خواردن چۆنیت؟**

**عەزیر محەممەد:** خواردن هەرچی بێت دەیخۆم.

**سیروان رەحیم: خواردنێکی تایبەتی نییە حەزی لێبکەی؟**

**عەزیر محەممەد:** نەخێر.

**سیروان رەحیم: بۆخۆتان دەزانن خواردن دروستبکەن؟**

**عەزیر محەممەد:** ئەرێ وەڵڵا بەشی خۆم دەتوانم خواردن دروستبکەم.

**سیروان رەحیم: بۆ نموونە من ئەگەر میوانت بم دەزانی خواردن چاك بکەیت؟**

**عەزیر محەممەد:** ئەگەر بە خواردنی من رازی بیت، بەڵێ.

**سیروان رەحیم: جیا لە رێکردن، شتێکی دیکە هەیە تۆ حەزی لێبکەی لەوانەش سوارچاکی، مەلە؟**

**عەزیر محەممەد:** مەلەوان نیم، بەگەورەییش مرۆڤ ئاستەمە ببێتە مەلەوان، بێگومان زۆرجار لەسەر دەریا بوویمەو هەوڵمداوە نەختێك لەسەر ئاو بمێنمەوە، بەڵام مەلەوان نیم. جاری واش هەبووە نزیکەی مانگێك لە شوێنێك بوویمە هەر چوومەتە ناو ئاو مەلەوانیم نەکردووە، یان جارێك و دووجار چوومەتە ناو ئاو. ئەوەش نەك لەبەرئەوەی حەزی لێنەکەم، نەخێر حەزی لێدەکەم، چونکە مەلەوانی لە راستیدا وەرزشێکی گەلێك چاکە.

سەبارەت بە سوارچاکی، ئێمە کەی سوار بووینە، جار جارە وڵاغمان بەکار دەهێنا لەناو پێشمەرگە، ئەویش لە ماوەی پێشمەرگایەتی زۆربەی جار من سوار نەدەبووم، کەلوپەلی خۆم بەخۆم هەڵدەگرت و سواریش نەدەبووم، باریشم گران نەدەبوو، لە حەقی دەهاتم، 8 بۆ 10 کاژێر رۆیشتووم، لەسەر یەك رۆژ لە دوای رۆژ هەفتەیەك 10 رۆژ رۆیشتنمان کردووە، لەو بابەتە باشبووم و خراپ نەبووم.

**سیروان ڕەحیم: چ هەیە لە ژیانی سیاسی ئێوەدا، یادگارییەك كە هەرگیز لەبیرت نەچێتەوە، واتە ئەوەندە خۆشبێت بەلاتەوە؟**
**عەزیز محەممەد:** لە راستیدا ئەمە شتێكی ڕێژەییە، ڕەنگە لەوەوە دەستپێبكات ڕۆژێك لە ڕۆژان لەسەرەتای كاركردن و چالاكیدا، بەیانێك بڵاوبكەیەوە و بێیتەوە، لاتوایە چەند قەڵات فەتح كردووە. چەند دانەیەك لەو بەیانەت لە چەند شوێنێك بڵاوكردووەتەوە، لە راستیدا ئەمە شتێكی خۆشە. ڕەنگە بە نیسبەت ئێمەمانان كە لە زیندان بووینە، كە هەواڵی شۆڕش هات، بێگومان خۆی دوو لایەن خۆشبوو، كە بیستمان ژمارەیەك ئەندامی پێشكەوتنخوازی كە بیستمان حیزبمان پێی زانیوەو، دوو ڕۆژ سێ ڕۆژ پێشتر پێی زانیوەو، بەیانێكی بەوبۆنەیەوە دەركردووە، كە دیارە ئێمەمانان ئاگادارین، هەر هیچ نەبێ ئازادیش دەبین شتێكی خۆشبوو. لەسەرەتادا دەرگایان لەسەر زیندانەكان نەدەكردەوە، بەڕێوەبەری بەندیخانەكە پیاوێكی خراپبوو لەسەرمان، زەین عابدین، بەڵام پاشان كۆتاییهات و لەوە دەرچوو نەختێك هەوڵبێت و هیچی دیكە، نەخێر هاتن و دەرگایان لێكردینەوە و هاتینە دەرێ، ئیتر ڕۆژمان دەژمارد كەی دەچینە دەرێ، قەزیە بە قەزیە چاوی پێدا دەخشێندرایەوە، هاتینە دەرەوەو بێگومان شتێكی زۆر زۆر خۆشبوو، شتی خۆشی ئاوا زۆر بووە.
**سیروان ڕەحیم: ئەی شتێك كە ناخۆشبێ یاخود كەوتنە هەڵەیەكەوە لە بڕیارێك یان كارێكی سیاسی، كە هەموو مرۆڤێك بۆی هەیە ئەو هەڵەیە بكات. بڕیارێك ئێوە دابێتتان و لێی پەشیمان بن، یاخود شتێك كە ئێوە كردبێتتان و ئێستا خۆزگە بخوازی كە نەتانكردبایە؟**
**عەزیز محەممەد:** شتێكمان باسكرد، ڕەنگە ئەمە یەكێك لەوانەبێت، چونكە خۆم لەوانەبووم كە رازیبووم.
**سیروان ڕەحیم: كامەیان؟**
**عەزیز محەممەد:** هی جەبهە لەگەڵ حیزبی بەعسدا، خۆم لەوانەبووم كە رازیبووم، لێشت نهێنی نەبێ ڕەنگە ڕەزامەندی من كەم یان زۆر كاریگەری لەسەر ڕەزامەندی یەكێكی دیكەش كردبێت، ڕەنگە ئەگەر من رازی نەبوومایە نەڕۆیشتبایە، سیاسەت یەكجار مومارەسە دەكرێت، ڕەنگە ئەوساش دەبووە حاڵەتێك كە ئێستا ئینسان ناتوانێ تەقدیری بكات. سیاسەت وەكو شەترەنج نییە پیاو جوڵە بە چەند

سـەربازێك بـكات و مەلیکـی پـێ نەکوژرێـت و پاشـان بڵـێ بەلایەکـی دیکـەدا بڕۆیـن. سیاسـەت یەکجـار مومارەسـەر دەکرێـت، ئەگـەر سـەرنەکەوتی تەنیـا ئەزموونەکـەت بـۆ دەمێنێتـەوە، ئەگـەر سەریشـکەوتی ئـەوا سـەرکەوتی. ئەگـەر سـەرنەکەوتی تەنیـا دەرسـێکە، دەبـێ ئینسـان بـاش بیـری لێبکاتـەوە و هەڵیبسـەنگێنێت و سـوودی لێوەرگرێـت.

شـتی لـە قەبارەیەکـی زۆر گـەورەم بەبیـر نایێـت، بـەڵام ڕەنگـە لـە قەبـارەی بچـووك زۆر شـت هەبـێ ئەگـەر مـرۆڤ دووبـارە بێتـەوە سـەری، سـەرەتا ڕەنگـە شـت هەبـن پیـاو گۆڕانـکاری تێـدا بـکات، شـتی زۆریـش هەبـن. بـۆ نموونـە بـە تەقدیـری خـۆم دەڵێـم ئیمکانیـەت هەبـوو پێگەیاندنـم باشـتر بێـت، خـۆم زیاتـر مانـدوو بکـەم بـە خوێندنـەوە، بـە زمـان. چونکـە دوو قۆناخـم بـڕی تەنانـەت لـە خوێندنـی زمانـی ئینگلیـزی هەردووکیشـی بـە ئـارەزووی خـۆم وازم لێنەهێنـا، ڕۆڵێـك بیـنرا بـۆ ئـەوەی وازی لێبێنـم، ڕەنگـە ئێسـتا دەمتوانـی بـە ئینگلیـزی بخوێنمـەوەو سـوودێکی باشـی لێوەربگـرم.

**سیروان ڕەحیم: دەتوانن بە چەند زمان بخوێننەوە و قسە بکەن؟**

**عەزیز محەممەد:** بەکوردی و عەرەبی.

**سیروان ڕەحیم: ئەی ڕووسی؟**

**عەزیـز محەممــەد:** ڕووسـی ناخوێنمــەوە، ڕووسـی بەشـە سیاسـییەکەی تێدەگـەم بخوێنمـەوە، بـەڵام مـن ئێسـتا هـەر بـە کـوردی و عەرەبـی دەخوێنمـەوە.

**سـیروان ڕەحیـم: کاتێـك ژیانـی هاوژینیـت پێکهێنـا هەسـتی دایکـت چـۆن بـوو، دوای ئـەو ئەزموونـەی ژیانـی ئاوارەیـی و زیندانـی؟**

**عەزیـز محەممـەد:** کـە ژنـم هێنـا دایکـم نیگـەران بـوو، ڕەنگـە کافیـە ڕۆڵێکـی باشـی بینـی، کـە مـن لێـی ڕازیبـم، کێشـەیەکی گـەورە نییـە ئەگـەر دایکـم دوو سـێ قسـەش بـکات. فەتـرەی یەکـەم نەختێـك هەسـتێکی وای هەبـوو کـە شـتێکی لـێ سـەندرابێت، بـەڵام پاشـان کـە منداڵـمان بـوو ئـەو مەسـەلەیە نەمـا، کافیـەش گرنگـی پێـدا، لـە سـەرەتاش هـەر گرنگـی پێـدەدا، بـەڵام نیگـەران بـوو. چونکـە دایکـم جگـە لە من کەسـی دیکـەی نەبـوو، لـە غەریبایەتیـش مـرد و هـەر لەوێـش ناشـتمان. ئێـش و ئازارێکیـش کـە بینیویەتـی لەپێنـاوی مـن بینیویەتـی هیچـی دیکـە نەبـوو. مێـردی بەجێهێشـت لەبـەر مـن بەجێـی هێشـت، لەبـەر هیچـی دیکـە نەبـوو.

**سیروان ڕەحیم: کاتێك دایکت کۆچی دواییکرد تۆ لە بەغدا بوویت؟**

**عەزیز محەممەد:** بەڵێ.

**سیروان ڕەحیم: بە دیارییەوە بوویت کاتێك کۆچی دواییکرد؟**

**عەزیز محەممەد:** بەڵێ.

**سیروان ڕەحیم: بە نەخۆشی مرد؟**

**عەزیـر محەممـەد:** بەڵـێ، تەمەنیشـی باشـبوو، لاموایـە تەمەنێکـی بـاش ژیـا، بـەڵام بـەو دوا بـە دواییـە نازانـم چەنـدی پێچـوو تووشـی جۆرێـك لـە جەڵتـەی مێشـك هـات، کافیـەو خوشـکی کافیـە لـەلای دانیشـتبوون بـە بـەردەوام، بـەڵام ئەوەنـدی نەخایانـد، مـرد. ئێمـەش لەگـەڵ حکومەتـی بەعـس بـەرەو ئـەو دڵەڕاوکێیە دەڕۆیشـتین و دایکیشـم چـی وای تێـدا نەمابـوو، پیـر ببـوو. زۆر بـە باشـی بەخـاك سـپێردرا و خەڵکێکـی زۆریـش ئامادەبـوون.

**سیروان ڕەحیم: بۆی گریای کاتێك کۆچی دواییکرد؟**

**عەزیز محەممەد:** بێگومان فرمێسکم دەهاتنە خوارێ.

## دووڕوویی لەبارەی ژنەوە

**سیروان رەحیم: قسەم لەگەڵ کافیەخان کرد، گوتی باسی عەشقێکی دیکەی نەکرد لەوەو پێش، واتە بەر لەو، گوتم نا. پرسیم ئایا شتی وا هەبووە؟ گوتی پێموابێت. نازانم لەکوێوە بیستوویەتی..**

**عەزیز محەممەد:** بوختانم پێدەکات.

**سیروان رەحیم: واتە شتێکی وانەبووە؟**

**عەزیر محەممەد:** بە تایبەتی لە مەسەلەی ژندا، لە راستیدا تائێستا هەرە هەرە باشەکانمان رەگێکی دووڕوویی تێدایە، دیدێکی نێرینەیی تێدایە، تەنانەت ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زۆر چاك لەو مەسەلەیە گەیشتوون. پێموابێ لە ساڵی 1944 – 1946 باشم لەبیر نییە خوشکێکی منیان بەمێرد دا، کە لەدایکی خۆم نەبوو، لە دایکی خۆم هەر من بووم، خوشکەکەی منیان بە زۆرداری بە مێرد دا، ئەوسا ئێمە دێمان بەجێهێشتبوو، ماڵی باوکمان بەجێهێشتبوو، ئەو خوشکەم گواستیانەوە بە بۆچوونی خۆم هەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە هیچ غەل و غەشی تێدا نییە، شەوێك لای مێردەکەی مایەوە و گەڕایەوە، هەندەی پێنەچوو تووشی وەرم هاتوو و مرد. جا لەسەر ئەو مەسەلەیە من لەکاتی خۆیدا زۆر لە ماڵی باوکم و فلان

و ئەوانـە نیگـەران بـووم، زۆر زۆر توونداوتیژیـش بـووم، بێگومـان تـازە گاگۆڵـەم دەکـرد لـە مەسـائیلی سیاسـی، پـاش ئـەوەی چوومـە نـاو سیاسـەت و ئەوانـە قەزیەکـە نەختێـك هێمـن بـوو. جـا لەوسـاوە وەکـو بڵێـی داکەتنێـك روویـدا، بەشـێوەیەکی مـەدروس نـا بەڵکـو بەشـێوەیەکی هەڕەمەکـی داکەتنێـك روویـدا، رووداوی دیکـەش لـە هەمـان دێ روویانـدا. کارەسـاتێکە ئـەو کارەسـاتانەی بەسـەر ژن دێـت، بۆیـە مـن هەسـتم بەوەکـرد، تاوەکـو ئێسـتاش هەسـتم وایـە ژن سـتەمێکی زۆری لێدەکرێـت، بەتایبـەت لـە پرسـەکانی تایبـەت بـە خـۆی و لـە هەڵبژاردنـی هاوسـەر و زۆر شـتی دیکـە، لـە کاردا لەنـاو ماڵـدا، لـە دەرەوە و زۆر بۆنـەی دیکـە لەپێـش ئارەزووەکـەی ئـەو دەوەسـتن، بۆیـە رەنگـە ئـەوە زۆر کاریگـەری لەسـەرم دانابێـت.

ئـەوەی پێشـتریش کـە بـۆم باسـکردی، مەسـەلەی دایکیشـم، چونکـە مـن لەگـەڵ دایکـم ژیـاوم، رەنگـە ئـەوەش کاریگـەری هەبووبـێ بەشـێوەیەك کـە خـۆم هەسـتی پێنەکـەم. جـا بۆیـە تەسـەور دەکـەم هیـچ جوڵانەوەیـەك، هیـچ کۆمەڵگەیـەك، مومکیـن نییـە وەك پێویسـت سـەرکەوێت ئەگـەر ژن نەیەتـە مەیـدان، ئەگـەر ژن رانەکێشرێـت بـۆ مەیـدان، جەنگـی ژنیـش جەنگـی هەردوولایـە، جەنگـی پیـاو و ژنیشـە بـۆ ئـەوەی مـاف بدرێـت بـە ژن، ئەگەرچـی جـار جـارە لەبـارەی گوتـاری سیاسـی مـرۆڤ ستایشـی ژن دەکات، دەبـێ کارێکـی ئەوتـۆ بکـەن.

لەپرسـی دیکـەدا زۆرجـار بـەراورد لەنێـوان هێـزی پیـاو و لاوازی ژن دەکرێـت لـەڕووی جەسـتەییەوە، کـێ دەڵـێ ئیـلاو بیـلا دەبـێ ژن ماسـولکە و دەسـت و بـازووی وەکـو پیـاو بێـت ئینجـا دەبـێ یەکسـان بێـت لەگـەڵ پیـاو؟ کـێ دەڵێـت ئەوسـا وەکـو ژن دەمێنێتـەوە؟ واتـە نابێتـە ژن. خاڵـی بەهێـزی ژن زۆرە جیـا لـە ماسـولکە و دەسـت و بـازوو، لـە شـوێنی دیکـەدا گەلێـك زۆرە.

لەکاتـی خۆیـدا کتێبێکـمان خوێنـدەوە هـی عەقیـد قەزافـی (الكتـاب الأخـضر) باسـی ژن دەکات، ئەوسـا لاموایـە وەکـو ئێسـتا باسـی ژنـی نەدەکـرد، یەکجـار وانەبـوو، ژن ژنـە و پیـاو پیـاوە، ژن وایـە و پیـاو وایـە.

بـا بێینـە سـەر خۆشەویسـتی، میللەتـی کـورد عیبادەتـی خۆشەویسـتی دەکات، ئـەو هەمـوو چیـرۆك و بەیـت و حەیـران و لاوکانـە، بەشـی هـەرە زۆری لەسـەر

خۆشەویستییە، خەجێ و سیامەند، لاس و خەزال و مەم و زین . تاد، بەڵام بە مەرجێك ئەوەی ژنەكە یەك چی من نەبێت، خوشكی من نەبێت و نزیكی من نەبێت . تاد. ئەو دووڕووییەی ئەو كۆمەڵگایە، ئێمە حەقیقەتی خۆمان ناژین، ئەوەی لە دڵمانە و ئەوەی لە سكمانە وەكو ئەوەی دەڵێن، غەیری ئەوەیە كە ئێمە دەیڵێین. مەسەلەكە بەوشێوەیە لێك دەترازێت، ئەگینا بۆ نموونە لەكاتی خۆیدا لە هەولێر لە ساڵی 1945 كابرایەكم ناسی ناوی كەریم بوو، نازانم چۆنم ناسی، سەربازبوو گەڕایەوەگوندەكەی كچێكی خوشویست ناوی ستێ بوو، لێرەو لەوێ دیارە لەنێوانی خۆیاندا رێككەوتبوون، دیارە كچەكە جوان بووە و ئاغای گوندیش دەیەوێت، پاشان رەدو كەوت، پاشان هاتنە دێیەكی نزیكی هەولێر، پێموابێ پێیدەڵێن باداوە، ئەوانەی بەدوایان كەتبوون لەوێ گەمارۆیان دان، پاش ماوەیەك هەواڵیاندا كاربەدەستی گوندی كە دەبێ ئەوانە دەربەدەر بكرێن و لە دێ نەمێنن ئەگینا ئێمە واو وا دەكەین، ئەوەیش دیارە لاوازی پیشاندا بەدەریان نان، بووە شەڕ و هەردووكیان كوژران. ئەو رۆژەی تەرمی ئەو دووانە هێنرایە هەولێر تەقریبەن هەولێر هەژا، ئێستاش گەلێك گۆرانی و ئەو شتانە لەسەر كەریم و ستێ هەیە، بەڵام چییە كچی من نەبووە، خوشكی من نەبوو، فلانی من نەبوو. ئەمن بە رێزەوە تەماشای دەكەم، بەڵام دوور نییە بە میزاج ئەوە دەڵێم، ئەگەر خوشكی من بووایە دەبوو منیش هاوبەشی بكەم لە كوشتنی. جا ئەو دووڕووییە هەیە. ئێستا لە هەندێك شوێنی كوردستان تیزاب بەكاردەهێنن، بیستم لە ماوەی دوو بۆ سێ ساڵ نزیكەی 700 بۆ 800 ژن كوژراون، لە هەندێك ناوچەی كوردستاندا بە تۆمەتی زۆر باتڵ، یانی چی كچێك بچێت لە شایی برای دوو پێچ شایی بكات پاشان بچن بیكوژن، یان لووتی ببڕن یانی چی؟ یانی دوو پێچ شاییكردووە لە شاییەكەی برای كە ژن دەهێنێت، ئینجا ئەو شتانە هەیە. هەر چەندی لێی بكۆڵییەوە تەماشای دەكەی ژن زۆر مەغدوورە، كارەساتەكەش لەوەدایە گەلێك لە ژنەكانی ئێمە رازین بەوە. من زۆرجار دەڵێم باشە كچێكی كە شووی نەكردووەو ماوەتەوە مافی خۆی نازانێ بەوە دڵی خۆی دەداتەوە دەڵێ ئەوە هەقە هەر دەبێ وا بمێنم و هەروا بووینە. مادام هەروا بووینە هیچ جێی گلەیی نییە، ئەگەر بزانێت ئەو مافەی هەیە رەنگە ئازادی خۆی وەربگرێت یان دەبێ بتەقێتەوە.

جـا گەلێکـی لـەو بابەتەمـان هەیـە پەیوەنـدی بـە دۆخـی ژنـەوە هەیـە بەداخـەوە. زۆر کارەسـاتی وا هەیـە ژن تووشـی هاتـووە بەتایبەتـی لەکـوردەواری خۆمـان.

بـۆ نموونـە یەکێـك لەسـەر لانـك مـارەی دەکـەن، خزمێکی خۆم کچـی خۆی داوەتـە کوڕی برایەکـەی ، کچـی برایەکەشـی بـۆ کـوڕی هێنـاوە، پێمگـوت ئێـوە بۆچـی وادەکـەن؟ گوتی کـوڕی باشـن، گوتـم یانـی چـی باشـە؟ بـۆ نموونـە مـن دەمگوتـە باوکـم باوکـە هـەزار بەهەشـت هەبێـت تـۆ جێگـەت بەهەشـت نییـە، گوتـی بۆچـی؟ گوتـم تـۆ ئینسـانێکت فەوتانـد مەبەسـتم ئـەو خوشـکەم بـوو. گوتـی باشـە چـۆن قسـەی بـاب دەشـکێنێت کـە مـن دەمەوێـت بـە مێـردی بـدەم؟ بیدەمـە سـەگێك دەبـێ پێـی رازی بێـت، گوتـم بـۆ تـۆ لەگـەڵ فـڵان دەخـەوی ئـەوەی کـە پێیانـدا. گوتـم دەبـێ کـچ بەلانیکەمـەوە رۆڵێکـی باشـی هەبێـت لـە هەڵبژاردنـی هاوسـەرەکەی، چونکـە ئـەوە کراسـێك، بەرگێـك نییـە دوو رۆژ لەبـەری بکەیـت یـان رۆژێـك لەبـەری بکەیـت، بـەڵام بـە دڵـت نەبـێ تێـی هەڵبدەیـت. زەواج پێویسـتی بەوەیـە ژیانـی لەگـەڵ بەسـەر ببەیـت. ئـەو جـۆرە بەشـوودانە زینایـە ئەگـەر زینـا هەبێـت، ئـەو کۆمەڵگەیـەی کـە بەرگـری لەسـەر ئەخـلاق دەکات. ئەمـە کـەی پەیوەنـدی بـە ئەخلاقـەوە هەیـە؟ جارێکیـان دیدارێـك کـرا لـە تەلەڤزیـۆن ژنێـك هـات لەگـەڵ کابرایەکـی سـەر بـە دیـن و ئەوانـە دانیشـت، ئـەو ژنـە لاموایـە (فەریـدە نەقـاش) بـوو، میسـری بـوو، تەنیـا ئـەو پرسـیارەی لێدەکـرا، دەڵـێ پێمبڵـێ ژنێـك کـە دەیەوێـت لەگـەڵ پیاوێکـدا بـژی، ئـەو پیـاوە چـۆن رازی دەبێـت ئـەو ژنـە لەگەڵـی بـژی؟ دێـت و دەچێـت دەیـان لـەف و دەوەران دەدۆزێتـەوە، بـەڵام وەڵامـی ناداتـەوە، دووبـارە دەڵێـت، مـن تەنیـا دەمەوێـت بڵێـم ئـەو ژنـە لـە سـەرەتادا نایەوێـت لەگـەڵ ئـەو پیـاوەدا بژیـت. یانـی چـی؟

هەوڵـمان لەگـەڵ کابـرادا، کابـراش لـە تەمەندابـوو، بـەڵام مەڕومالاتـی هەبـوو، وەکـو پشـیلەیەك پشـکە دوونگەکـی چنـگ کەوتبێـت و دەسـتی لەسـەر هەڵنەگـرت و هەڵنەگـرت، ئەویـش چـوو مـرد.

مـن بـۆ هەولێـر بردمـەوە، زۆر چـاك لەبیرمـە، زەلام لەسـەر خانووەکـەی ماڵـی باوکـم خانووەکەیـان سـواق دەدا، گوتیـان دابـەزە، گوتـم دانابـەزم، لەنـاو ئۆتۆمبێـل بـووم، گوتـم بـڕۆ خـوارێ خوشـکەکەم، گوتمـە سـایەقەکەش بـادەوە، بـە بابیشـم گـوت جارێکـی دیکـە بێیتـە ماڵـمان لاقـت دەشـکێنم، نەختێـك ئـاوا بـووم قسـەو قسـەڵۆکی گەنجـی و

هـەرزەکاری و ئەوانـە. پاشـان کـە چووینـە نـاو سیاسـەت و فـلان و ئەوانـە ئینسـان بـە چاوێکـی دیکـە تەماشـای دۆخەکـە دەکات، حەقیقەتـی کۆمەڵگاکەمـان ئاوایـە، دەبـێ هەوڵـی گۆڕینـی بدەیـت، بـەڵام مـن هەمیشـە ئـەو قسـەیە دەکـەم ئەگـەر بتـەوێ شـتێك بگۆڕیـت، دەبـێ تێیبگەیـت. هـەر شـتێك لـە سیاسـەتدا لـە کۆمەڵـگادا لـە هەموو شـتێکدا کـە دەتەوێـت بیگۆڕیـت دەبـێ تێـی بگەیـت یانـی چـی؟ بـۆ نموونـە یەکێـك دەڵـێ ئـەو قەزیەیـە نامەوێـت، چۆنـت نـاوێ؟ ئـەوەی ناکـەم، چـۆن نایکەیـت؟ ئـەوەم دەوێـت، چۆنـت دەوێـت؟ دەبـێ تێیبگەیـت. جـا ئـەوەش هەروایـە مـرۆڤ دەبـێ لـە کۆمەڵگاکـەی تێبـگات و دەبـێ هەوڵبـدات ئاراسـتەی کۆمەڵگاکـەی بگـۆڕێـت، بێگومـان ئـەوە ئەرکـی رۆژێـك و دوو رۆژ و سـاڵێك و دووسـاڵ و 10 سـاڵ و 20 سـاڵ نییـە، ئەمـە شـتێکی حەیاتییـە. بۆیـە هەمـوو جـارێ دەڵێـم شارسـتانیەت دڵـۆپ دڵـۆپ کۆدەبێتـەوە، مـرۆڤ بـە بڕیـار ناتوانـێ ببێتـە شارسـتانی، هـەزار جـار بڕیـار بـدات کـە دەمـاری جووت بـوو دەگەڕێتـەوە سـەر بنەچەکـەی خـۆی.

لـە زەفـار بزووتنـەوەی ئەنسـار ژمارەیەکـی بـاش ژنیـان لەگەڵدابـوو، دەسـت و بازوویـان هەڵماڵیـوە و قـژ و کـەزی و ئەوانەیـان بەردابـووەوە، ئـێ باشـە ئەگـەر کچێـك بچـێ چـەك هەڵبگرێـت بەشـداری لـە شـۆڕش بـکات، ئـەی بـۆ لـە شـتی دیکـە بەشـداری نـەکات، بەلایەنـی کەمـەوە دەبـێ لـە شـتی دیکـە بەشـداری بـکات. دەبـێ کۆمەڵگـە لەسـەر هـەردوو قاچـی راوەسـتێت و بـڕوات. پاشـان تـۆ نیـوەت سـڕیوەتەوە، تـۆ بـە نیـوەی هێـزی خـۆت کاردەکـەی. دەبـێ ژن کەسـب بکرێـت لـە بـواری ئـەو حەقیقەتـەی کـە دەبـێ هەسـت بـە مافـی خـۆی بـکات و مومارەسـەی ئـەو مافـە بـکات، ئینجـا مومارەسـەی مافـی خۆشـی بـکات.

بـە بـڕوای مـن ژن لـە وڵاتـی ئێمـە و وڵاتانـی دیکـە پەراوێـز خـراوە، نەزیـرە زەینەدیـن، کچێکـی لوبنانییـە، باوکـی دیـارە کابرایەکـی وەکـو قـازی و ئەوانـە بـووە، لـە لـە دەوروبـەری 1922 – 1926 دوو کتێبـی نووسـیوە، یەکێکیـان لەسـەر (السـفور والحجـاب) ئـەوەی دیکەیـان لەسـەر (الفتـاة والشـیوخ)، ئەوانـەی وەڵامیـان لەسـەر سـفور و حیجـاب داوەتـەوە زۆر هەوڵیانـداوە تەشـهیری پێبکـەن، لەکتێبـی دووەم وەڵامـی ئەوانـە دەداتـەوە. زۆر سەرسـامی بـووم، چونکـە کچـە گەنجێکـی 20 سـاڵی بـە زمانێکـی عەرەبـی روون و رەوام بەرانبـەر ئـەو هەمـوو سـەر بـە مێزەرانـە دەوەسـتێتەوە. بـۆ

نموونە دەڵێت چۆن دەبێ من چاوم هەیە،چۆن دەبێ بەو چاوە نەبینم؟ گوێم هەیە،چۆن دەبێ بەو گوێیە نەبیستم؟ ئێوە دەتانەوێت سەر و مێشکی ئینسان دابپۆشن. بەرگرییەکی زۆر نایابیکردووە پێش 80 ساڵ لەمەوبەر. ئێستا هەندێك لەوانە دەربەدەر دەکەن، لەوانە نەوال سەعداوی، لە ئەمریکا پێشوازییەکی باشیان لێکرا، گوتیان فەرموون لەکۆلێژ وانە بڵێنەوە، لە جەزائیر هەندێکی دیکە ناچارن دەبێ بڕۆن و بچنە شوێنێکی دیکە تاوەکو ژیانی خۆیان بپارێزن. لە وڵاتی ئێمەش لە رۆژنامە بڵاودەکرێتەوە دەڵێن جار جارە تیزاب بەکاردەهێنن، قسەی ناشیرین دەکەن بەرامبەر بە ژن ئەگەر تەنورەیەکی نەختێك زیاتر لەسەر چۆکی بێت یان لەسەر چۆکی بێت.

لەکاتی خۆیدا لە عێراقدا، پێموایە وەزیری بەرگری ئەوسای عێراق، بڕیاریدا ئەگەر یەکێك قاچی لە دەرەوەبێ زیاد لە پێویست ئەوا بۆیاخی بکەن، جا وەرە کابرایەك سەتڵێکی بۆیاخی هەڵگرتووە و فڵچەیەکی پێیە کچێکیش لەولاوەڕا دێت فەقیرەی ئاگای لێ نییە قاچی بۆیاخ بکەن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کراسی کورت لەبەر نەکات. جا ئەوە هەمووی سووکایەتییە بۆ کچ، سووکایەتییە بۆ ئەو هەموو هەستەی هەیەتی، سووکایەتییە بەکۆمەڵگە. جەواهیری لەکاتی خۆیدا هۆنراوەیەکی زۆر نایابی لەسەر ئەوە نووسی، گوتی شەرەف ئەوەیە چما؟ کە هەموو رۆژێك شەرەف پێشێلدەکرێت لەلایەن ئەوانەی باسی شەرەف دەکەن، ئینجا دێن بەو جۆرە دەیانەوێت بەرگری لە شەرەف بکەن، کە کچیان وایە، یان خوشکیان وایە، یان ژنێك لە کۆمەڵگەدا وایە، یان دەبێ کار نەکات وەکو لە هەندێك شوێندا وەك کۆمەڵگەیەکی ئەفغانی، تەنانەت لە سەرەتادا لە ئێران، ئێستا خەریکە نەختێك شوێن پێی خۆی بگرێت و نەختێك بەرەو باشتر بڕوات. خوێندن، بەڵێ با قورئان بخوێنێت، بەڵام هیچی دیکە نەخوێنێت، زانست نەخوێنێت. مەلای گەورەش یادی بەخێربێت، دەڵێت ئەگەر عیلمی کیمیا نەخوێنیت نازانی خودا چیکردووە، بەڕاستیش ئەگەر دەتەوێ خودا بناسیت ئەو هەموو شتەی خودا خەڵقیکردووە دەرفەتی ئەوەشی داوەتە تۆ کە لێی بکۆڵییەوە و بیناسێنی، ئەی بۆچی وایە؟ کەچی ئەو هەموو لاوازکردن و ئێش و ئازارە ئاراستەی ژن دەکرێت. بۆیە من بەشبەحاڵی خۆم زۆر نیگەرانم لەوە، تەنانەت لەماڵدا، ئێستا هەرە

هەرە باشەکانمان هەندێك ئیش هەیە شەرممان پێیە بیکەین، دەڵێین ئەوە ئیشی ژنە، باشە قەینا هەندێك شت هەیە ئیشی ژنە رەنگە پیاو هەر نەتوانێ بیکات و نەیخێوێنی، نەك لەبەرئەوەی شەرمە، شەرم نییە، بەڵام چونکە پیاوە لەو روانگەوە بۆ قەزیەکە دەچێت، چونکە پیاوە نابێ ئەو ئیشانە بکات.

**سیروان رەحیم: ئەو تێڕوانینانەی تۆ بەرامبەر بە ژن، لە کاری سیاسی و حیزبایەتی ئێوە تاوەکو چەند رەنگیداوەتەوە یان کاری پێکراوە؟**

**عەزیز محەممەد:** لێت ناشارمەوە، ئێمە ئێستا لەگەڵ برادەرانی خۆشمان قسەم کردووە، لە راستیدا ئێمەش ئێستا کە حیزبی شیوعی، کە لە هەموو نووسراو، راگەیاندن و بەرنامەکان باسی ئەو بابەتە دەکرێت وەکو من باسی دەکەم، کە بۆچی وەها تەماشای قەزیەکە دەکرێت؟ بەڵام لە جێبەجێکردندا وانییە، لە جێبەجێکردندا کەمتەرخەمی کەم نییە، بەڵکو زۆرە.

بۆ نموونە جارێکیان کۆبوونەوەیەك کرا، لەکۆبوونەوەکە نزیکەی 100 بۆ 200 برادەر و دۆست و ئەوانە حازر بوون، یەك ژنی تێدابوو، دەبێ لەخۆم بپرسم بۆچی؟ بۆچی زانیاری لە عێراق بەشێوەیەکی گشتی، لە کوردستانیشدا بزووتنەوەی ژنان بزووتنەوەیەکە مێژوویەکی باشی هەیە، جەماوەرێکی زۆریش بەرەو ئەو بزووتنەوەیە هاتووە، ئێمە پێش ژمارەیەك لە وڵاتانی عەرەبی کەوتبووین لەوڕووەوە. لە رێکخستنی حیزبیشدا لەکوردستاندا زۆربەی دەستەی سەرکردایەتییەکانمان ژنی تێدا بووە، لە دەستەی سەرکردایەتیش ژنمان هەبووە، راستە رێژەی هەبوونیان رێژەکەی وەك پێویست نییە و بارتەقای رێژەی پیاو نییە، بەڵام هەبووە. لێت ناشارمەوە ئێستا وەك هەست بکەم وەك جاران نییە، ئێ دەبوایە ئێستا ئەو 20 بۆ 30 ساڵە زیاتر پەرەسەندنێکمان کردبا بۆ ئەو مەسەلەیە، لەوەدا گرفت هەیە، کەمتەرخەمییەکەش لە ئێمەیە لە پیاوە، لە بنچینەدا لە پیاوە.

رۆژێك لە عەدەن، یەمەنی دیموکراتی، حەزیان کرد لەگەڵ حیزبییەکانیان کۆببمەوە، ژمارەیەك حیزبی هاتن لەگەڵیان کۆبوومەوە، باسی ئەزموونی خۆمانمان کرد و باسی ئەو شتانەمان کرد، بەڵام سەیرم کرد رێژەی بەشداری ژنان زۆر کەمە، لەوێ مافی تەواو بە ژن درابوو، یاسای باری کەسیان هەبوو، مافێکی زۆر درابوو

بـه ژن، لەپێشـەوەی هەمـوو وڵاتانـی عەرەبـی بـوون، گوتـم ئـەوە كـوا لێـرە وانییـە. لامواپـە خەتـای پیاوەكانـە گوتیـان بـاش بـۆ قەزیەكـە چـووی. گوتیـان، كچێكـمان هەبـوو ئەندامـی حیـزب بـوو، زۆر چـالاك بـوو داوایـان دەكـرد مێـرد بـكات، ئەویـش ئەوەنـدە خـۆی نەدەدایـە ئـەو مەسـەلەیە، لەكۆتاییـدا رازی بـوو مێـرد بـكات، بـەڵام بـەو مەرجـەی لـە چالاكـی سیاسـی دوور نەخرێتـەوە، بـەڵام كـە شـووی كـرد رۆژێـك و دوو رۆژ مانگێـك و دوو مانـگ كابـرا گوشـاری خسـتە سـەر و گوتـی نەخێـر نەكـراوەو ناكرێ دەبـێ تـۆ لـە مـاڵ بیـت و بەلایەنیكەمـەوە لـەو بۆنانـە دەرنەكـەوی، بـەڵام دیـارە ژنەكـە نەچووەتـە ژێـر بـار، ناچـار لێـك جیـا دەبنـەوە، مانگێـك دوو مانـگ سـاڵێك دوو سـاڵ دیـارە تووشـی كابرایەكـی دیكـەش هاتـووە ئەویـش هـەروا لەگەڵـی رێككەوتـووە كـە رێگـەی چالاكـی سیاسـی لێنەگرێـت، بـەڵام كـە بوونـە ژن و مێـردی یەكـدی ئەویـش ماوەیـەك هـات دیسـان گوشـاری خرایـەوە سـەر و جـاری دووەم خـۆی بـە تـەڵاق نـەدا و مایـەوە. مەسـەلەكە ئاوایـە. چارەنووسـی ژنیـش ئەوەیـە دەبێ شـوو بـكات. بـە بۆچوونی مـن كێشـەی سـەرەكی پیـاوە پاشـان دابونەریتـە، سـەدان سـاڵە ئەگـەر نەڵێـم هـەزاران سـاڵە بۆمـان ماوەتـەوە، نابـێ مـرۆڤ خـۆی تەنگەتـاو بـكات لـەو بابەتـە، بەڵكـو دەبـێ كۆشـش و خەبـات بـكات ئـەو دۆخـە بگۆڕێـت، بـەڵام لـە هەمانكاتیشـدا دەبـێ ئارامـی هەبـێ بـە بڕیـار ناگۆڕێـت.

**سـیروان رەحیـم: بـە بۆچوونـی تـۆ ئەگـەر باشـووری كوردسـتان بـە نموونـە وەربگریـن، چ حیزبەكانـی نەتەوەیـی چ حیزبـی ئێـوەش نەتوانـرا مەفرەزیـەك پێشـمەرگەی ژن دروسـت بكـەن، بـە بـڕوای تـۆ هـۆكاری ئەمـە بۆچـی دەگەڕێتـەوە؟**

**عەزیـز محەممـەد:** لێـت ناشـارمەوە ئێمـە بـە رێژەیـەك ژنمـان هەبـوو، لـە كـچ بەشێكیشـان عـەرەب بـوون، ژمارەیـەك مەشقیشـمان كـرد لـە لوبنـان، مەفاریـزی ژن 10 كـەس بەیەكـەوە، ژمارەیەكـمان هەبـوو، بـەڵام لێـت ناشـارمەوە هاوسـەنگ نەبـوو لەگەڵ پێشـمەرگەی پیـاو. لـە رێكخسـتنەكانی دیكـەدا وابزانـم بـەو ئاسـتە نەبـوو، گرفتەكـەش لەوەدایـە بـەو چـاوە سـەیری ژن ناكەیـن. مـن زۆرجاریـش دەڵێـم مەرجیـش نییـە چـەك هەڵگرێـت، یـا تایـپ لێـدات، یـا لـە بـواری راگەیانـدن كار بـكات، لـە بـواری تەندوسـتی كار بـكات، مەبەسـتم لـە ریزەكانـی پێشـمەرگە، مـەرج نییـە ئیـلاو بیـلا دەبـێ چـەك هەڵبگرێـت، یـا چەكیـش هەڵگرێـت، مەرجیـش نییـە ئـەوەی چـەك هەڵدەگرێـت تـۆ

حیسابی ئـەوە نەکـەی ببیەیتـە جەنگێـك کـە رەنگـە بزانێـت خەسـارەتی تێدایـە، رەنگـە لەوێـش تێبینـی ئـەوە بکەیـت. بـەڵام وەك ژن لـە زەمانـی خۆیـدا لەسـەردەمی ئیسـلامدا وەك بیسـتبێتم نازانـم چەنـد وایـە، رەنگبـوو هەندێـك ژنیـان دەبـرد بـۆ جەنـگ بـۆ هانـدان، بەلایەنـی کەمـەوە ئـەو لایەنـەی تێدابێـت، رەنگـە چەنـد زەلامێـك ئەگـەر بچنە جەنگێـك بزانـن چەنـد ژن چاودێریـان دەکـەن، رەنگـە بـە مەعنەویـەت و هیمەتێکـی زیاتـر ئـەو شـەڕە بکـەن، بـەڵام بەداخـەوە ئەوەمـان نەکـرد.
لاموایـە لەنـاو برادەرانـی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێرانیـش هەبـوو، دیسـان ژمارەیەکـی زۆر نـا، بـەڵام هەبـوو. جـا بەداخـەوە ئـەوە دەگەڕێتـەوە سـەر ئـەو نەزرەیـە. ئێسـتا تەنانـەت لـە ژیانـی ئاشـتیانەماندا وەك پێویسـت نییـە، کـە مەترسـی و چـەك و ئەوانـەی تێـدا نییـە، بـەڵام هێشـتا وەك پێویسـت نییـە ژن بێتـە مەیـدان. باشـە ئێسـتا خۆپیشـاندان دەکرێـت خۆپیشـاندانی ژنانـە، پاشـە ئێسـتا شـاند پێکدەهێنرێـت دەچیـن ئیـدارەکان دەبینـن و بەرپرسـان دەبینـن و داوای مافـی ژن و گۆڕینـی یاسـاکان دەکـەن، کـە هەندێکیـان کۆنـە و دەبـێ بگۆڕدرێـن، نـەك هـەر لەبەرئـەوەی کۆنـە بەڵکـو نـاڕەواو ناحەقیشـە، بەتایبەتـی لەبـارەی ژن دەبـێ ئەوانـە چارەسـەر بکرێـن، ئـەو شـتانە و ئـەو دیاردانـە هەیـە، لاموایـە ئـەولاو ئـەولاش هەوڵـدەدەن ئێسـتا شـتێکی لـەو بابەتـە بکـەن، بـەڵام دیـارە ئاسـان نییـە و تووشـی کۆسـپ دێـن.

# هەڤپەیڤین لەگەڵ
# کافیە رەشید

**سیروان رەحیم: دەتوانم شتێك سەبارەت بە بەڕێزتان بزانم؟**

**کافیـە:** مـن لـە کەرکـووك لەدایکبوومـە، لـە گەڕەکێـك لەدایکبوومـە لـە نزیـك مزگەوتـی نایـف بۆلـی. دایکـم خەڵکـی کەرکـووك و تورکـمان بـوو، لـە خێزانـە دەمارگیرەکانـی کەرکـووك بـوون، باوکیشـم خەڵکـی سـلێمانی بـوو. پـاش جەنگـی جیهانـی یەکـەم کـە بەشـداری لـەو جەنگـەدا کردبـوو، ئەوانیـش دەربـەدەر ببـوون، چـوار بـرا، خوشـکێك و لەگـەڵ دایکێـك پـاش ئـەوەی باوکیـان ئەمـری خـودا دەکات.

مـام و پـوورم و داپیـرەم ئـەوان خۆیـان ون کردبـوو، بـەڵام باوکمیـان بـۆ ئـەو جەنگـە بـردووە، لـەو جەنگـەدا بـە برینـداری گەڕاوەتـەوە، ماوەیـەك لـە ئێـران مابـووەوە، لـەوێ چارەسـەریان کردبـوو، ئینجـا هاتبـوون بـۆ کەرکـووك، لـە کەرکـووك کاسـبیان کردبـوو. باپیـرەم لـە دایکـەوە پەیوەنـدی هەبـووە لەگـەڵ باوکـم، باپیـرەم پیاوێکـی رۆشـنبیر بووە، خوێندنـی لـە ئیسـتەنبوڵ تـەواو کـردووە لێکۆڵـەر (مسـتنطق) بـووە لـە دادگای شـەرعی کەرکـووك، نازانـم چـۆن ناسـیاوی پەیـدا کـردووە لەگـەڵ باوکـم، باوکیشـم نزیکـەی 20 سـاڵە دایکـم گەورەتربـوو، باوکیشـم لـەو کاتـەدا کەسـێکی رۆشـنبیر بـووە، لـە یەکـەم قوتابخانـە کـە پێیـان گوتـووە قوتابخانـەی خواجـە فەنـدی، کـە خزمـی خۆمـان بـووەو لـە

تایفـەی زوڵاڵ بـووە، باوکـم لـەوێ خوێندوویەتـی، بەهـرەی شـیعری هەبـوو، نزیکـەی 400 دێـر شـیعری لـە مێشـکدابوو، شـیعری شـاعیرە ئێرانـی و تورکـی و عەرەبییـەکان.

**سیروان رەحیم: هیچ نووسینێکی بڵاو نەکردووەتەوە؟**

**کافیــە رەشــید:** نەخێــر بــڵاوی نەکردبــووەوە، ئێمــەش پێڕانەگەیشــتین هەمــووی کۆبکەینـەوە، ئـەو رۆژە کچـی مامـم لۆمـەی دەکردیـن، گوتـم چـی بکەیـن ئەوەندەمـان لەدەســتدێت.

**سیروان رەحیم: لەگەڵ مامۆستا عەزیز محەممەد چۆن ئاشنایەتیتان پەیداکرد؟**

**کافیە رەشید:** لە رێگەی حیزبەوە.

**ســیروان رەحیــم: پێــش ئــەوەی لەگــەڵ مامۆســتادا ئاشــنایەتی پەیــدا بکــەن، یــان هاوســەرگیری بکــەن، ئێــوە بۆخۆتــان لــە ریزەکانــی حیزبــدا کارتــان دەکــرد؟**

**کافیــە رەشــید:** پــوورم ژنێکــی نەخوێنــدەوار بــوو، بــەڵام رۆشــنبیرییەکی خۆرســکی هەبـوو، شـوی کردبـوو و منداڵێکـی هەبـوو، خانەنشـینیی مێردەکـەی وەردەگـرت لـە سـلێمانی بـوو، لـە سـەرەتا سـاڵی 1950دا چووەتـە نێـو حیـزب، لـە سـاڵی 1953 دا گیـرا، حکـوم درا و سـاڵێك زیندانـی کـرا، سـاڵی 1954 ئـازاد کـرا.

ئێمـە ئـەو پوورەمـان زۆر خۆشدەویسـت، کاریگـەری هەبـوو لەسـەرمان، شـتێکمان لـێ هەڵکڕاندبـوو، دوایـی باوکـم و مامەکانـم دەمارگیـری نەتەوایەتیـان هەبـووە، لـە ماڵـی ئێمـەش هەمیشـە باسـی سیاسـەت دەکـرا، ئـەو باپیـرەم کـە گوتـم لێکۆڵـەر بـووە لـە دادگای شـەرعی کەرکـووك، پـاش ئـەوە تورکـەکان رۆیشـتوون و ئینگلیـز هاتوون، دەسـتی لەکارکێشـاوەتەوەو کاری نەکـردووە، بـۆ ئینگلیـز کار نـاکات. ئێمـە لـەو کەشـەدا ژیایـن، بـەرە بـەرە تاوەکـو سـاڵی 1956 . برایەکـم هەبـوو لـە کۆمپانیـای نـەوت کاری دەکـرد، تەمەنـی 17 سـاڵبوو، حیزبـی بـوو، بەیاننامەکانـی بـە نهێنـی بـۆ ئێمـە دەهێنـان، بەبـێ ئـەوەی دایکـم و باوکـم بزانـن، ئێمـەش لەگـەڵ چەنـد مامۆسـتایەك وەکـو سـەندیکایەك بـەردەوام قسـەمان دەکـرد لـەڕووی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری، واتـە دەبـێ مامۆسـتا ناحیـەی ئابـووری بـەرز بێـت، دەبـێ نەخۆشـخانەی تایبـەت هەبـێ بـۆ مامۆسـتاکان بەخۆڕایـی، مـاوەی سـەعاتەکانی کارکردنـی دەبـێ کەمتربـن.

**ســیروان رەحیــم: ئێــوە لــە ســاڵەکانی 1956-1957 چیتــان دەکــرد، قوتابــی بــوون یــان مامۆســتا بــوون؟**

**کافیە رەشید:** من لە ساڵی 1955 بوومە مامۆستای سەرەتایی.

**سیروان رەحیم: لە چ قوتابخانەیەك؟**

**کافیــە رەشــید:** یەکــەم قوتابخانەکــە لێــی دامــەزرام لــە ناحیــەی حەویجەبــوو، کــە مــاوەی ســەعاتێك دوور دەبێــت لــە کەرکــووك، مــن بــووم و دوو مامۆســتای مەســیحی بــوون، بەڕێوەبەرەکەمــان مەســیحی بــوو، مامۆســتاکەی دیکــەش هــەر مەســیحی بــوو، موســڵاوی بــوو، ئــەو مامۆســتایەی کــە موســڵاوی بــوو و مەســیحی بــوو، ئەویــش بیــری پێشــکەوتنخوازی هەبــوو، هەمیشــە قســەمان دەکــرد، کەســوکاری شــیوعی هەبــوو، کەســوکاری زیندانیکرابــوون، بــەڵام مامۆســتاکەی دیکــە نــا، ئێمــە کــە قســەمان دەکــرد ئــەو دژمــان بــوو.

**سیروان رەحیم: ساڵی چەند و لە کوێ خوێندنتان تەواوکرد؟**

**کافیــە رەشــید:** خوێندنــی ســەرەتاییم لــە قوتابخانــەی ئیــمام قاســم تــەواو کــرد، ناوەنــدی و ئامادەییــم لــە ئامادەیــی کچــان لەکەرکــووك تــەواو کــرد، پاشــان پەیمانگەیــەك کرایــەوە، گوتیــان پرۆگرامەکــەی بــۆ دوو ســاڵە، بــەڵام بــە ســاڵێك تــەواوی دەکەیــت، چونکــە لــە دەوروپشــتی کەرکــووك قوتابخانــە زۆر دەکرانــەوە، بێگومــان ئەوســا دڵــمان خۆشــبوو و گەنــج بوویــن، پشــووەکان کەمکرانــەوە، لەجیاتــی ئــەوەی رۆژانــە 5 ســەعات بخوێنیــن 7 ســەعاتمان دەخوێنــد، ئەوەبــوو لــە تەممــوزی ســاڵی 1955 لــەو پەیمانگایــە دەرچــووم، لــە 4ی ئۆکتۆبــەر دەســتبەکاربووم، لــە 30ی ئەیلــوول فەرمانــی دامەزراندنەکــەم دەرچــوو، لــە 3ی مانــگ ســەفەرەمان کــرد لــە 4ی مانــگ دەســتمان بــە دەوامکــرد لــە قوتابخانــە، دوو ســاڵ لــەوێ مامــەوە، ئەوســا ناچاربــوو بــۆ هەمــوو مامۆســتایەك دەبــێ دوو ســاڵ لــە دەرەوەی شــار تــەواو بــکات، ئەوەبــوو دوای دوو ســاڵ گواســترایەوە بــۆ نێــو شــاری کەرکــووك.

**سیروان رەحیم: کەی و چۆن لەگەڵ مامۆستا عەزیز محەممەد ئاشنای یەکبوون؟**

**کافیــە رەشــید:** مــن لــە لیژنــەی ئافرەتانــی کەرکــووك بــووم، کــە بەرزتریــن لیژنەبــوو لــە کەرکــووك، یــەك دووجــار لــەوێ یەکدیــمان بینــی. بێگومــان جــاران ئــازادی ســنووردارببوو، بــۆ ئــەوەی دڵــی دایــك و باوکــمان نەشــکێنین. جارێــك دوو کــەس بــە منیــان گــوت دەربــاری فڵانــە کــەس رات چییــە، گوتــم لاموایــە شــتەکە مەعقولــە، پــاش ماوەیــەك

دووبـاره ئـەو بابەتـە نوێکرایـەوە، ڕۆژی 13ی ئـازاری سـاڵی 1960 هەردووکـمان لـە ماڵـی خۆمـان یەکدیـمان بینـی و ڕێککەوتیـن، بەومەرجـەی دایـك و باوکیشـم ڕازیـبن، ئەوانـەی لـە ماڵـەوەن ڕازی بـبن. ئیـتر دیاربـوو دایکـم ڕازیبـوو، خوشـکەکان و براکانـم ڕازیبـوون، بـەڵام باوکـم ڕازی نەبـوو، یەکەمجـار دەیگـوت نایناسـین، دوایـی دەیگـوت زۆر لـە زینـدان بـووە، ڕەنگـە دووبـارە زیندانـی بکرێتـەوە، تاوەکـو لەکۆتاییەکەیـدا ئەویـش ڕازیبـوو، واتـە بڕیـاری کۆتاییـمان نـەدا تاوەکـو باوکـم ڕازی نەبـوو، نەشـمان دەویسـت دڵـی بشـکێنین پیاوێکـی بـە تەمەنـە. ئینجـا عەزیـز گوتـی لەگـەڵ برادەرێـك و سـێ چـوار کـەس بێـن بـۆلای باوکـم، ئـەو سـێ چـوار کەسـە کەسایەتی شـیوعین باوکـم زۆر ڕێزیـان لێدەگرێـت، یەکێـك لەوانـە محەممـەد سـاڵح زەنگەنـە بـوو، ئـەوەی دیکەیـان کـوڕە گەورەکـەی ماڵـی مـارف بەرزنجـی و شـێخ حەسـەن، سـێیەمیان تۆفیـق ئەحمـەد بـوو، ئەویـش ڕێزێکـی زۆری هەبـوو لای باوکـم و زۆری خۆشدەویسـت، ئـەو سـێ کەسـە هاتنـە لای باوکـم، بێگومـان باوکیشـم ڕازیبـوو، باوکـم وەك مرۆڤێکـی تێگەیشـتوو و ڕۆشـنبیر، پێیانگـوت چیـت دەوێـت پـارەو زێـڕ، گوتیـان پیاوێکـی بـە تەمەنـە ڕەنگـە بیـری لای شـتێکی وەهابێـت، گوتـی نـا، مـن دەمەوێـت کچەکـەم لای پیاوێـك بێـت کـە نـاوی بێـت شـەرم نەکـەن، هەمـوو سـەیری یەکدیـان کـرد، گوتیـان وەڵـڵا لـە تەمەنـی ئێمـە کـەس وەڵامێکـی واناداتـەوە، ئیـتر ڕێککەوتیـن، بەبیـرم دێـت هاتـەوە جـەژن بـوو، 6 - 7ی مانگـی حوزەیـران بـوو، ڕێککەوتیـن کـە ڕۆژی 8ی مانـگ مـارە ببڕیـن، ڕۆژی 9ی مانـگ گەشـتمان کـرد بـۆ بەغـدا.

**سیروان ڕەحیم: زەماوەندتان کرد؟**

**کافیە ڕەشید:** نەخێر، نەمانکرد.

**سـیروان ڕەحیـم: لـەو ڕۆژەوە دەسـتتان بـە ژیانـی هاوسـەرێتی کـرد تاوەکـو چەنـد لـە دۆخێکـی ئارامـدا بەیەکـەوە بـوون؟**

**کافیـە ڕەشـید:** تاوەکـو 8ی ئەیلـوول کچـە گەورەکـەم تەمەنـی 38 ڕۆژ بـوو، لـە ماڵـەوە دەرچـوو، چـوو بـۆ کوردسـتان، شـۆڕشـی ئەیلـوول دەسـتیپێکرد و لـە کوردسـتان مایـەوە، ئێمـەش لـە بەغـدا، هەرچەنـدە کاری دەبـوو لـە بەغـدا دەهـات سـەرێکی لێـمان دەداو دەڕۆیشـت، جـاری دوایـی پشـووی زسـتان بـوو، شـوباتی سـاڵی 1963، ئێمـە هاتبوویـن

پشوومان هەبوو، خۆشی لەکەرکووك بوو، من چووم سەرم لێدا، دوو رۆژ ماینەوە، من و کچە گەورەکەم، کچە بچووکەکەم نەبردبوو، داوامان لێکرد بچینەوە، جەژنە، پشووەکەم تەواوبوو، گوتم جەژنە لەگەڵمان بمێنەوە، گوتی نا، ئێستا لەگەڵتان بێم کارەکەی من هەر هەفتەیەکە و جەژن لەگەڵتان نامێنم، با هەفتەکەی دیکەبێ هەتا جەژن لەگەڵتان بم، منیش رازی بووم. ئەوەبوو رۆژی 8ی شوبات من و خوشکێکم هەیە کە ئێستا لە یوتۆبۆرییە لەگەڵ دوو منداڵم، دایکی عەزیز و دایکم لەناو ئۆتۆمبێل بووین لە دوزخورماتوو، شۆفێرەکە رادیۆکەی کردەوەو بەیانی ژمارە چوار خوێندرایەوە کە بەیانی کودەتاکە بوو، لە هەمانکاتدا بەیاننامەیەکی دیکە دەرچوو بۆ قەدەخەی هاتووچۆ، پاشان بەیاننامەیەکی دیکە دەرچوو گوتی هیچ ئۆتۆمبێلێك لە دەرەوەی بەغدا نایەتە ژوورەوە، ئێمەش لە دووزخورماتووەوە دووبارە گەڕاینەوە بۆ کەرکووك، ئەوسا من و دوو منداڵەکەم و ئەو خوشکەی کە لەگەڵم بوون چووینە ماڵی خوشکم، ماڵیان لە ئازادی بوو نزیکی گەڕەکی بەعس بوو، لەوێ ماینەوە، عەزیز هات جلوبەرگی گۆڕی و جلوبەرگی کوردی لەبەرکرد و رۆیشت.
بۆ هەفتەی دواتر بەیاننامەیەك دەرچوو گوتیان ئەوەی تاوەکو 18ی شوبات دەوام نەکات، بە لە کارلادراو ئەژمار دەکرێت، چونکە خەڵکێکی زۆر دەوامی نەدەکرد، ئێمەش ناچاربووین گەڕاینەوە بۆ بەغدا و دەستم بە دەوام کردەوە، رۆژی 19ی ئازاری ساڵی 1963 کاژێر 3 بوو دەرگای باخچەیان شکاند و ماڵەکەیان گەمارۆدا، منیش گوتم بۆ دەرگا دەشکێنن، فەرموون دەرگاتان بۆ دەکەمەوە، دەرگام بۆ کردنەوەو هاتنە ژوورەوە، گوتیان ئەوە ماڵی عەزیز محەممەدە، بێگومان زرێپۆش لەپشتیان وەستاوەو ئۆتۆمبێلێکی جیبیش، هەر یەکێك لە هاوسێیەکانەوە سەریان دەرکردبا هەڕەشەیان لێدەکردن و دەیانگوت بڕۆنە ژوورەوە، گوتی ئەی بۆ خۆی لە کوێیە، گوتم لێرە نییە سەفەری کردووە، گوتی نابێت، گوتم فەرموو ئەوە ماڵەکەیە سەیری بکە، چوون لەنێو ماڵەکەدا گەڕان و سوڕان و لە ماڵەوە دەرچوون و چوونە قاتی سەرەوە و دەرگای سەربانیان کردەوە و هیچیان نەدۆزیەوە، گوتیان وێنەی ئەومان دەوێت، منیش گوتم وێنەمان نییە، یەکێکیان زۆری دەکرد دەیگوت مەعقول نییە ژن و مێردی ئێستا و ئەو زەمانە وێنەیان نەبێت، منیش گوتم ئێمە وێنەمان نەگرتووە، گوتم فەرموون ئەوە وێنەکان سەیری بکەن، سەیریان کرد،

لەنێـو وێنەکانـدا وێنـەی خاڵـۆی منیـان بینـی کـە دامەزرێنـەری یانـەی تورکمانییـە لـە بەغـدا و بەڕێوەبـەری پۆلیسـی خانەنشینکراویشـە، گوتـی وێنـەی ئـەو پیـاوە بـۆ لێرەیـە، گوتـم خاڵۆمانـە، گوتیـان بەداخـەوە ئـەوە خاڵۆتانـە و ئێـوە دەبنـە شـیوعی، گوتـم بـۆ شـتێکی خراپـمان نەکـردووە، گوتـی مـن هـەر ئەوەنـدە دەڵێـم، گوتـم رۆژێـك لـە رۆژان شـتێکی خراپـمان نەکـردووە. ئەوەبـوو لەمـاڵ دەرچـوون و رۆیشـتن. پاشـان بـە خوشـکم گـوت ئـەو شـیرانەی هەمانـە لـە ماڵـەوە هـی منداڵـەکان کـە یەکێکیـان 5 مانـگ بـوو و ئـەوەی دیکەیـان سـاڵ ونیوێـك دەبـوو، گوتـم شـیرەکان کۆبکـەوە، گوتـی چـی بکەیـن، گوتـم رابکەیـن ئێسـتا دێنـە دوامـان، چونکـە ئێـوارە دانپێدانـان هەبـوو. عەبدولقـادر ئیسـماعیل لەدانپێدانانـدا نـاوی چەنـد کەسـێکیدا، ئەوانـەی گیرابـوون، نـاوی ئەوانـەش کـە لـە دەرەوەن بڵاوکرانـەوە، بـە دڵنیایـی نـاوی عەزیـز و چەنـد کەسـێکی دیکـەش بڵاونەکرانـەوە، گوتـی چەنـد کەسـێکی دیکـەش ناویـان لـە لێکۆڵینـەوەدا هاتـووە. بـە خوشـکەکەم گـوت روونـاك بـە خـوای ئەمشـەو دێنـە گیانمـان، ئەمەشـەو نەیـەن سـبەی دێـن. ئەوەبـوو کـە ئـەوان رۆیشـتن کاژێـر 5 دەبـوو، ئێمـە خۆمـان کۆکـردەوە و تەکسییەکمان گـرت و یەکسـەر چوویـن بـۆ گەراجـی سـلێمانی، لـە گەراجـی سـلێمانیش تەکسییەکمان گـرت و شـۆفێرەکەی کـورد بـوو، گوتـم ئێمە نەخۆشـمان هەیـە و چاوەڕێی نەفـەری دیکـە مەکـە، رۆیشـتین لـە رێگـەی دەربەندیخـان و جەلـەولاوە، لە سـەربازگەی جەلـەولا ئێمەیـان وەسـتاند بـە شـۆفێرەکەیان گـوت ئەمانـە کێـن؟ دەیانناسـیت؟ گوتـی بەڵـێ دەیانناسـم و نەخۆشـیان هەیـە، بەبـێ ئـەوەی ئێمـە پێـی بڵێیـن. یـەك ماڵیـش لـە سـلێمانی ناناسـم بـەس دەزانـم ماڵـی برادەرێکـی خـۆم و ناسـیاوێکی باوکمـن ماڵیـان لـە عەقارییـە، بـە شـۆفێرەکەم گـوت ببـە بـۆ ماڵـی رەشـیدە فەنـدی سـەعاتچی لـە عەقارییـە، دیـارە ماڵەکـە نـاسراون، ئێمـەی بـردە ئـەوێ. لـەوێ ماینـەوە لـە هەمـان رۆژدا خوشـکەکەم و دایکـی عەزیـز و دوو منداڵەکـەم، گوتـم ئێـوە بڕۆنـەوە بـۆ کەرکـووك بـۆ ماڵـی خوشـکم، مـن مامەوە،چـوون هەواڵـی حیزبیانـدا بـۆ ئێوارەکـەی منیشـیان گواسـتەوە، گوتیـان نـەوەك شـۆفێرەکە قسـەیەك بـکات.

تاوەکـو مانگـی 5 لـە سـلێمانی مامـەوە، هەواڵـمان نـارد بـۆ عەزیـز، گوتـم دەمەوێـت بتبینـم و شـتێك بکەیـن لەبـەر منداڵـەکان، کـە لـە مـاڵ دەرچـووم پـارەی تەکیسـم داوە و دینارێکیشـم پێبـوو دامـە خوشـکم بـۆ ئـەوەی پێـی بچنـەوە کەرکـووك، هیچـی

دیكەمـان نەبوو.گوتـی بەبرادەرانـم گوتـووە تـۆ بنێرنـە كۆیـە. ئەوەبـوو سـەرەتا منیـان نـاردە رانییـە، چەنـد رۆژێـك لـە رانیـە مامـەوە ئینجـا منیـان بـۆ كۆیـە رەوانەكـرد، ئەوبـوو 7ی حوزەیـران گەیشـتمە كۆیـە، هەوڵـی ئەوەیانـدا گوایـە كۆیـە داگیـر بكـەن، بێگومـان بـرادەران رۆیشـتن و ئێمـەش رۆیشـتین و هەمـوو كۆیـە چووینـە دەرەوەی شـار لـە ئەشـكەوتەكان و لـەدەرەوە مانـەوە، ئەوەبـوو كۆیـە داگیركـرا، دوایـی حكومـەت بەیانێكـی دەركـرد هـەر كـەس بگەڕێتـەوە ماڵـی خـۆی هیـچ شـتێك نییـە. بێگومـان مـن ناتوانـم بچمـەوە ئـەو ماڵـەی لێـی بـووم، ئەوانـەش تەفروتونـا بـوون، منیـش هـەروا مامـەوە، منیـان لـە ماڵـی مەلایـەك دانـا، گوتاربێـژی مزگـەوت بـوو، چەنـد رۆژێـك لـەوێ مامـەوە، شـەوان دەیانگـوت لەگـەڵ كچـەكان لـە مزگـەوت بخـەون باشـترە لـەو جێگایـەی نوێـژی لێدەكـەن، ئەوەبـوو لـەوێ مامـەوەو گوتیـان ژنـی برادەرێكـی خـۆم لێرەیـە، نامەیەكـم بـۆ نووسـی گوتـم شـتێكی وا هەیـە، هەمـان رۆژ هـات و منـی بـردە ماڵـی باوكـی، دوای دوو رۆژ منیـان بـردە ماڵێـك گوتیـان ئەمـە كەسـێكە هـەم لەگـەڵ حكومەتـە هـەم لەگـەڵ پێشـمەرگەیە و هیـچ زیانێكـی نییـە و لێـرە بمێنـەوە لێـرەوەش دەتوانـی دەربچیـت، خزمـی خۆشـیان بـوو، ئینجـا لـەوێ مامـەوە، ئەوەبـوو ئایشـەگوڵ هـات، ئـەو ژنـەی شـەهیدبوو. مێردەكـەی لـە دەرەوەی كۆیـە رەزی هەبـوو، گوتـی سـبەی زوو دەتبەمـە نـاو رەزەكـە، ئینجـا بـۆ سـەعات 10 دەتبەینـە دەرەوەی كۆیـە، گوتیـان خێزانێـك هەیـە لەگـەڵ ئـەوان بمێنـەوە، بـووە بەیانـی ئایشـەگوڵ هـات و منـی بـردە لای مێردەكـەی، لەبیـرم نەمـاوە نـاوی چبـوو، تاوەكـو كاژێـر 10 لـەوێ مانـەوە، لامواپـە ناوەڕاسـتی مانگـی تەممـوز بـوو، بەڕێكەوتیـن. كەشـەكە زۆر گـەم بـوو، سـەعات 6 گەیشـتینە گوندێـك، گوتیـان ئێـرە مەترسـی لەسـەر نەمـاوە، چونكـە حكومـەت تۆپبارانـی كـردووە، بـەس یـەك ژوور مـاوە و چەنـد كەسێكیش لـەوێ بـوون. سـەعات 3ی بەرەبەیـان بـوو برادەرێـك هـات، گوێدرێژێكـی پێبـوو، منـی بـردە جێگایـەك دوایـی گوتـی ئەمـە بنـاری سـەفینە، لـە رێـگا نزیكـەی سـەعات 8 گەیشـتینە خێزانێكـی كـورد، كـە بـە رۆژ نەیاندەتوانـی لـە گونـد بـن لەبـەر بۆردوومانـی فڕۆكـە، دەهاتنـە نێـو رەزو باخـەكان. ژنێـك دانیشـتبوو نانـی دەكـرد، ماسـت و چـای هێنـا خواردمـان، پێموابـێ سـەعات 12 بـوو گەیشـتمە جێگایـەك پێیـان دەگـوت كانـی هەرمـێ، خێزانـی كەریـم ئەحمـەد لەوێبـوون، خـۆی لەوێبـوو، هەروەهـا منداڵەكانـی خـۆی، ژنەكـەی و 6 منداڵـی.

هــەر لەژێــر دارەكان بوویــن شــەوانیش لەگــەڵ خەڵكــی گوندەكــە دەچووینــە ســەر تەپۆڵكــەكان دەخەوتیــن و ســەعات 4 دەهاتینــە خــوارەوە لەبــەر بۆردوومانــی فڕۆكــە، بــە رۆژیــش لەژێــر دارەكان بوویــن، لەگــەڵ هەتــاو جێــگای خۆمــان دەگــۆڕی، تاوەكــو كۆتایــی مانگــی 9 لــەوێ مامــەوە، هەواڵــم نــارد بــۆ عەزیــز، گوتــم بــا بێــت هەتــا كــەی لێــرە دەمێنینــەوە؟ چونكــە خێزانــی كاك كەریــم دایكــی بــە ئەســڵ خەڵكــی ئــەو گوندەیــە، بــۆ ئــەو جێــگا دەكەنــەوە، بــەڵام بۆمــن جێــگا ناكەنــەوە، ئەســتەمە. دوایــی مــن نەمدەزانــی منداڵــەكان چیــان لــێ بەســەرهاتووە. ئەوەبــوو هــات و رۆژێــك لەلامــان مایــەوە، وا رێككەوتیــن بگەڕێمــەوە كەركــووك، یەكێــك لــە خەڵكــی گوندەكــە ئامادەیــی دەربــڕی، گوتــی مــن هەتــا ئــەو گونــدە دەیانبــەم بــە شــەو، نــاوی گوندێكــی هێنــا لەبیــرم نەمــاوە، شــەو هەموومــان لــە رێگابوویــن، ســەعات 5ی بەرەبەیــان گەیشــتینە گوندێــك لــەوێ بــارەگای برادەرانــی خۆمانــی تێدایــە، كچێكــی دیكەشــمان لەگــەڵ بــوو عــەرەب بــوو، لــەوێ ماینــەوە، بــۆ رۆژی كۆتایــی شــۆفێرێك هــات و ئێمــەی بــرد، گوتــی ئەگــەر لــە بازگەكــە پرســیاریان كــرد بڵێــن لەپرســەیەكەوە گەڕاوینەتــەوە، چونكــە مــن لــە بازگاكــە گوتوومــە جەماعەتێكــم بــۆ پرســەیەك بــردووەو دەیانهێنمــەوە، لــە بازگــەی هەولێــر لــە ئێمەیــان پرســی گوتــم لەپرســەیەك دەگەڕێینــەوە، كــە هاتینــەوە ئێمەیــان دابەشــكرد هــەر كەســێك بــۆ ماڵێــك، مــن مــاوەی هەفتەیــەك لــە هەولێــر مامــەوە، پاشــی هەفتەكــە یەكێــك هــات لەگەڵــی چووینــە كەركــووك، ئەوەبــوو چوومــە ماڵــی خوشــكم بــۆلای منداڵەكانــم.

**سیروان رەحیم: ئیتر لەوێ لەگەڵ منداڵەكانتان یەكتان گرتەوە؟**

**كافیــە رەشــید:** بەڵــێ، بــەڵام یەكێــك لــە منداڵەكانــم زۆر نەخۆشــبوو، چونكــە تەمەنــی 4 مانگانــە، پارەیــان نەبــووە شــیری بــۆ بكــڕن، هــەر برنجیــان كوڵانــدووە ئاوەكەیــان پێــداوە، لەشــی وەك ئــەو منداڵانــەی لێهاتبــوو كــە لــە ســۆماڵ پیشــاندەدران، ناتوانــم ســەیری ئــەو منداڵانــە بكــەم، چونكــە شــیرینم بیردەكەوێتــەوە، دەموچــاوی، ئێســقانەكانی هەمــووی دیــارە، دەســت و پێــی هەمــووی ئاوســاوە، دوایــی شــەقی بــردووە، كچەكــەی دیكەشــم نامناســێت، دەچــم بــۆی هەڵیگــرم و ماچــی بكــەم نەدەهاتــە لام و دەچــوو لەپەنــای داپیــرەی دادەنیشــت یــان دەچــوو لەپەنــای مێــردی خوشــكم دادەنیشــت.

**سیروان رەحیم: لەو رۆژەوەی ئێوە بوونە هاوژینی مامۆستا عەزیز محەممەد، وەك كاری رێكخستنی حیزبی كارتان نەكردووە؟**

**كافیە رەشید:** من تاوەكو ساڵی 1962 كارم دەكرد، دوایی گوتیان ئەوانەی لە ماڵن، ئەو ئافرەتانەی وەك حیزبی ژیاون چالاكیان كەمبێتەوە، نابێ كاربكەن بۆ پارێزگاری خۆیان.

**سیروان رەحیم: بەسەر یەكەوە چەند ساڵ لەگەڵ مامۆستا عەزیز بوونە، بە تایبەت لەچیا؟**

**كافیە رەشید:** كچە گەورەكەم 38 رۆژ بوو لە ماڵ دەرچووین، من لە ساڵی 1963 گەڕامەوە لەگەڵ منداڵەكانم بووم تاوەكو حكومەتی حەرەس قەومی رووخا، باڵەكەی دیكە هاتن كەمێك هێمنتر بوو، دوایی دەستیانكرد بە دانوستاندن لەگەڵ كورد، ئینجا عەزیز هەواڵی نارد بۆ ئەوەی بچینە قەڵادزێ. ئێمە لە ئازاری 1963 دا، من و دایكی عەزیز و دوو منداڵەكەمان چووینە قەڵادزێ، لە مانگی 3 و 4 و 5 و تاوەكو سەرەتای مانگی 6 لەوێ ماینەوە، عەزیز گوتی بڕۆنەوە رەنگە منیش ئێرە بەجێبێڵم. ئەمجارە كە گەڕاینەوە لە قەڵادزێوە ئاسایی گەڕامەوە ماڵی باوكم، چونكە دۆخەكە هەندێك هێمن ببووەوە، بەس جوڵەم كەمبوو، واتە هاتووچۆم كەمبوو.

دوایی عەزیز چووە دەرەوە، من لەگەڵی بووم لە سلێمانییەوە تاوەكو بەسرە، لە بەسرە چوو بۆ كوێت، لەكوێتەوە چووە بەیروت و لەوێشەوە چووە دەرەوە.

**سیروان رەحیم: ئەو هەموو ساڵە پێكەوەژیانی هاوسەرێتی و خێزانی چۆن بوو؟**

**كافیە رەشید:** ژیانی ئێمە، بۆ نموونە تاوەكو ساڵی 1973 عەزیز وەكو میوان دەهاتە ماڵمان، یان وەكو میوان دەچووینە لای. یەكەمجار كە چووە دەرەوە نزیكەی ساڵێك و 8 مانگ لە دەرەوە بوو، گەڕایەوە ماڵی جیا بوو چونكە من كارم دەكرد، ئەگەرێكمان دانابوو، بەس ئەوەبوو كە من گەڕامەوە بۆ كار تەنانەت چوومە بەشی لێكۆڵینەوەی تاوانەكان گوتیان دەستگیرت دەكەن نەچی وازبێنە، گوتم نەخێر دەڕۆم، ئەوەبوو چووم ناوم نەگەیشتبووە ئەوە، بۆ كار گەڕام. بەگشتی تاوەكو ساڵی 1973 وەكو میوان وابووین. بێگومان ساڵی 1971 ئینتكاسەیەك بوو، ئەوسا من ناسرام، منیان بردە ئەمن و لێكۆڵینەوەیان لەگەڵ كردم، بەڵام بارودۆخمان

زۆر خـراپ بـوو، ماڵێـك لەپشـتمان بـوو پڕبـوو لـە موخابـەرات، تەنانـەت هاوسـێکانمان دەیانگـوت ئـەو گەڕەکـە بـۆچ وایلێهاتـووە، یەکێـك لەبـەر دەگا دادەنیشـت، یەکێکیـش منـی دەبـردە قوتابخانـە و لەوسـەر لەگەڵـم دەگەڕایـەوە، دەچوومـە بـازاڕ دەهـات، لـە بـازاڕدا دووبـارە لەگەڵـم دەگەڕایـەوە، ئەوەبـوو خـۆم گواسـتەوە سـلێمانی، مـاوەی نزیکـەی 20 مانـگ لـە سـلێمانی مامـەوە، بـە تەنیـا بوویـن، ئەوسـا عەزیـز نەخۆشـبوو بـۆ چارەسـەر چووبـووە دەرەوە، پێموابـێ تاوەکـو نیسـانی 1973 گەڕایـەوە، ئەوسـا دۆخەکـە هەندێـك باشـبوو، ئێمـەش لـە سـلێمانی دووبـارە خۆمـان گواسـتەوە بـۆ بەغـدا، لـە 1973وە تاوەکـو سـەرەتای 1978 پێکەوەبوویـن، بێگومـان هاتووچـۆی دەرەوەشـی دەکـرد، دوو مانـگ بـۆ سـێ مانـگ دەمایـەوە، بـەڵام لـە ماڵـی خـۆی بـوو.

لـە ئایـاری سـاڵی 1978 چـووە یۆنـان، کۆنگـرەی حیزبـی شـیوعی یۆنانـی هەبـوو، دۆخەکـە زۆر تێکچـوو، ئیـتر نەگەڕایـەوە.

**سیروان رەحیم: دواتر چیتان کرد؟**

**کافیـە رەشـید:** بێگومـان ئێمـە مایـنـەوە، دۆخەکەمـان زۆر خـراپ بـوو، منداڵـەکان گـەورە ببـوون، مەترسـی هەبـوون، کچـەکان یەکێکیـان 17 و ئـەوەی دیکەیـان 16 سـاڵبوو، کوڕەکـە دەچـووە دەرەوە دەترسـام بیبـەن شـتێکی لـێ بکـەن، لـە مانگـی 5ی 1978 تاوەکـو مانگـی 8ی 1978 منداڵەکانمـان رەوانـەی کوردسـتان کـرد، مـن و ئـاراس مایـنـەوە، رۆژێکیـان ئۆتۆمبێلێـك ویسـتی لـە ئـاراس بـدات، ئیـتر لەکـۆڵان بـووە هۆسـە و منیـش دەرچـووم بزانـم چـی بـووە، گوتیـان ئۆتۆمبێلێـك لـە جـۆری ڤۆلکـس ڤاگـن رەنـگ زەیتوونـی ویسـتی لـە ئـاراس بـدات. ئیـتر لەوسـاوە خـۆم ئامادەکـرد، لەگـەڵ ئـەوەش شـەوان دەهاتـن کاژێـر 10 بـۆ 10:30 دەهاتـن و دەیانگـوت چیتـان دەوێـت و چیتـان پێویسـتە، پـارە و دیاریـمان هێنـاوە بـۆ کوڕەکـەت، منیـش گوتـم ئـەو کـوڕە پێویسـتی بـە دیـاری نییـە و خـۆم کاردەکـەم و بارودۆخـمان باشـە.

رۆژی 23ی نۆڤەمبـەر لـە بەغـداوە دەرچوویـن بە شـەمەندەفەر و بەپاسـپۆرتێکی ئوردنی تاوەکـو گەیشـتینە حەلـەب، لـە سـووریا چووینـە هۆتێلێـك تاوەکـو بەیانـی، بەیانـی هاتـن ئێمەیـان بـردە ماڵێـك، دوای چـوار رۆژ هاتـن ئێمەیـان بـردە فڕۆکەخانـە، وەزیـری گواسـتنەوەی سووریاشـمان لەگـەڵ بوو، ئەوسـا شـیوعی بـوو، ئەفسـەرەکە پاسـپۆرتەکانی

وەرگـرت گوتـی ئـەو پاسـپۆرتەت لەکـوێ بـوو، گوتـم پاسـپۆرتی خۆمـە، گوتـی نـا، پاسـپۆرتی ئاراسیشـی وەرگـرت گوتـی ئـەوەش بەهەمـان شـێوە، بانگیکـردن گوتـی وەرن لـەو ژووره دانیشـن، محەممـەد سـباع وەزیـری گواسـتنەوەی سـووری چـوو هەواڵـی دایە بـرادەران، ئینجـا لـەوێ نـاوم نازانـن، دوایـی بـە پاسـپۆرتەکە زانیویانـە نـاوم چییـە و ناوی ئـاراس چییـە، بروسـکەیەك لـە ئەنجوومەنـی بـاڵای شۆڕشـی سـووریاوە بـۆ فڕۆکەخانـە هـات، گوتیـان دەبـێ ئەمانـە گەشـتەکەیان بکـەن و وازیـان لێبێنـن، لەوکاتەشـدا فڕۆکەکە فڕیبـوو، گوتیـان فڕۆکەکـە بێتـە خـوارەوە گوتـم نـا ئێمـە شـتەکانمان هێنـاوەو هەفتـەی داهاتـوو دەڕۆیـن، بـۆ هەفتـەی دواتـر بروسـکە چووبـوو بـۆ فڕۆکەخانـە کۆپییەکیـش لـە بروسـکەکەمان لابـوو، ئەوەبـوو چووینـە مۆسـکۆ، لـە فڕۆکەخانـەی مۆسـکۆ عەزیـز چاوەڕێـی ئێمـەی دەکـرد لەگـەڵ یەکێکـی سـۆڤیەتی، چووینـە مـاڵ و کچەکانـم هێشـتا نەگەیشـتبوون، دیاربـوو دەچوونـە ئێـران و کوردسـتانیش، ئەوکاتـە لـە نێـوان کوردەکانـی کوردسـتانی ئێـران و حکومەتـی خومەینـی شـەڕ هەبـوو.

پێموابـێ لـە شـوباتی 1980 بـوو، عەزیـز چـووە سـووریا، زۆر تەئکیـدم لەوەکـردەوە کـە دەبـێ منداڵـەکان بێنـەوە، چونکـە کـەس نازانـێ لـەوێ چـی دەبێـت و چـی نابێـت. دیـارە یەکێـك یارمەتـی دابـوون و 3 بـۆ 4 کـەس بـوون ناردبوویـان بـۆ سـووریا، لـە سـووریا لـە فڕۆکەخانـە دەستبەسـەرکراون، ئەمانیـش چەنـد ژمارەیەکیـان پێیـە، کچـەکان و کچـی دیکـەش خەڵکـی سـلێمانی گوتبوویـان دەمانەوێـت پەیوەنـدی بـەو ژمارانـەوە بکەیـن، ئەوانیـش ڕێگەیـان پێدابـوون، یوسـف فەیسـەڵ هاتبـوو، کـە نازانـم ئێسـتا وەزیـری چییـە؟ کوڕەکـەی ئـەو هاتبـوو لـە بڵندگـۆوە ناوەکانیـان بانگکردبـوو و دەڵێـت دەرچـن، بـە ڕێککەوتیـش عەزیـز لەگـەڵ یوسـف فەیسـەڵ چوونەتـە دەرەوەو نازانێـت فێنـك و شـیرین هاتـوون، دەرکـە کرایـەوە، سـەیرم کـرد فێنـك و شـیرین هەردووکیـان بابـە بابـە. نەمزانـی چـۆن گەیشـتوون.

ئەوەبـوو کچەکانیـش هاتنـە لام، ماوەیـەك لـەلام مانـەوە، پاشـان چوونـە ئەڵمانیـا، کچـە بچووکەکـەم هێشـتا قۆناخـی ئامادەیـی تـەواو نەکردبـوو، لـەوێ خوێندنـی ئامادەیـی تەواوکـرد، فێنکیـش ئامادەیـی تەواوکردبـوو چـووە کۆلێـژی ئەندازیـاری و لـەوێ خوێندنـی تەواوکـرد، شـیرینیش تەکنیکـی ددانـی تەواوکـرد، ئاراسـیش لای خـۆم بـوو، ئـەوکات تەمەنـی ئـاراس 9 سـاڵبوو.

**سیروان ڕەحیم: من لە مامۆستام بیست فێنك لە دەوروبەری تەمەنی 8 ساڵی نەیزانیوە ئەم باوکیەتی؟**
**کافیە ڕەشید:** بەڵێ، خۆیان نەیاندەزانی. ساڵی 1966 بوو باوکیان بینی، چونکە لە 1964 تاوەکو 1966 نەیانبینیبوو، ئینجا دەمگوت ئەوە مامەتانە تاوەکو چەند مانگێك عەزیز پێیگوت من باوکتم، گوتی نا تۆ باوکم مەبە مامەم بە با باوکیشم بێ، واتە هەروەك مامەم بمێنە و باوکیشم بێت، سەبر سەبر گەیشتن بەو بڕوایەی کە ئەمە باوکیانە. بەڵام کە دووەمین جار چووە دەرەوە و گەڕایەوە شیرین لەبیری چووبوو کە ئەمە باوکیەتی، دانیشت دەگریا دەمگوت بۆچبیدەگرییێت؟ دەیگوت با ئەو پیاوە نەیتە ماڵمان و نەچینە لای، ئاساییە بچینە لای، بەڵام با نەیەتە ئێرە، دەمگوت ئاخر ئەوە باوکتە، دەیگوت قەینا، بەڵام نامەوێت لێرە بێت، بەرە بەرە. جار جار عەزیز توڕە دەبوو، دەیگوت بۆچ وا دەڵێیت؟ دەمگوت ئێ حەقیەتی لەبیری چووەتەوە منداڵە، دوایی کە گەورەبوو ئەوەی نەما، ئێستاش دەڵێت من هەتا دەشچوومە قوتابخانە حەزم بەو پیاوە نەدەکرد و دەمگوت ئەمە کێیە؟ بۆ دێتە ماڵمان؟حەقی چییە بەسەرمانەوە؟

**سیروان ڕەحیم: ئێستا پەیوەندیان چۆنە؟**
**کافیە ڕەشید:** ئێستا پەیوەندیان باشە.
**سیروان ڕەحیم: بێگومان ئەو دۆخە شتێکی ناخۆشی بۆ ئێوە دروستکردووە؟**
**کافیە ڕەشید:** تاوەکو ماوەیەك ئاراس، بەتایبەت کە هاتینە دەرەوە زۆر بێتاقەت ببوو، دەیگوت ئەو پیاوە بەجێبێڵە با بۆخۆمان بڕۆین و بگەڕێینەوە بۆ عێراق، گاڵتە بە بەعسییەکان بکە و بڵێ من بەعسیم، ئەوان قەشمەرن. تۆش قەشمەرییان پێ بکە. ئەو هەموو شتە لەگەڵ ئەو پیاوە بەسەرماندا هاتووە، ئێمە حەقمان چییە، ئێمە بووینە غەریب و جێگای خۆمان بەجێهێشت، تەنانەت لە قوتابخانە مامۆستاکان سەریان سوڕمابوو، گوتوویەتی من حەقم چییە لە شیوعیەت و حیزبایەتی، لێرە لە وڵاتی خۆم و برادەری خۆم و کۆڵانی خۆمان و قوتابخانەی خۆمان بەجێبێڵم، من حەقم نییە بەسەر باوکمەوە، واتە ڕقی لە سیاسەت بوو، ڕقی لە شیوعیەت بوو، ڕقی لە باوکی بوو، دەیگوت خەتای ئەوە ئێمە وامان لێهاتووە، دوایی بەرە بەرە

کە هۆشی هاتە سەر و بینی قەزیەکە هەر شیوعییەکان نین، جەنگی عێراق ئێرانی بەسەرداهات، دواتر کۆچڕەوی بینی کە فەیلییەکان چۆن کۆچیان پێدەکرێت، پاشان بەرە بەرە باشبوو.

**سیروان رەحیم: لە ژیانی هاوسەریتان، وەك هاوسەرێك دوور لە سیاسەت، واتە وەك ژن و مێردێك، ئاسوودەبوون لەو کاتانەی لەگەڵ مامۆستا عەزیز محەممەد بەیەکەوەبوون؟**

**کافیە رەشید:** بەڵێ، ئاسوودە بووین، بێگومان هەموو کەسێك و لە هەموو ماڵێك کێشە هەر دەبێت، بەڵام هیچ کامان قسەیەکی نەکردووە تاوەکو کێشەکە تەواو دەبێت یان شتەکە تەواو دەبێت شەرمەزار بین.

**سیروان رەحیم: تێڕوانینی مامۆستا بۆ ژن چۆن بوو لە ماڵ؟**

**کافیە رەشید:** لە ماڵەوە باشە، کار دەکات، تەنانەت لە هەندێك کاتدا زەویەکەشی سڕیوەتەوە بەتایبەت لەو کاتانەی ئیشم زۆر بووە و دەوامم هەبووە، بۆ نموونە قاپیشی دەشووشت، هەندێك ئیش هەبوو دەمدایە دەستی دەمگوت تۆ بیکە، تەنانەت دوورمانیش، ئیشی وردە، ئێستاش دەیدەمە دەستی و دەڵێم من تاقەتی ئەو شتەم نییە، ئەو دادەنیشێت لەمن وردتر ئیشەکە دەکات و جوانتر دەیکات.

**سیروان رەحیم: مامۆستا مرۆڤێکی چۆنە لە ماڵ، توڕەیە یان لەسەرخۆیە؟**

**کافیە رەشید:** بارودۆخەکە دەزانێت، هەندێکجار توڕە دەبێت، کە شتێك ببینێ یان کە کێشەیەك هەیە، زۆر توڕەیە، لە دەرەوە کە دەهاتەوە توڕە دەبوو، بەڵام قسەیەکی خراپی نەدەکرد. بەڵام من گوێم پێنەدەدا.

**سیروان رەحیم: ئەی لە منداڵەکان توڕە دەبوو؟ وا بووە لێیان توڕەبێت.**

**کافیە رەشید:** لام وایە یەکجار، کوڕەکەم دەڵێ باوکم یەکجار لێیدام لە مۆسکۆ بووین، بەڵام خەتای من نەبوو خەتای فێنك بوو، فێنك بوتڵی پیپسییەکەی شکاند، باوکم زللەیەکی لە مندا. بەس قسەی خراپ لە دەمی دەرچێت یان ئەگەر کەمتەرخەم بووینایە بە تایبەت شیرین، کە کەمێك لە خوێندن باش نەبوو، چونکە کە لە دایکبوو نەخۆشبوو، پێکهاتەی دڵی ئاسایی نەبوو، تاوەکو 12 بۆ 13 ساڵی، دوایی ئاسایی بووەوە، من بەجێمهێشتبوو، گوتم رەنگە بمرێت و هەر نەمێنێت، زۆر

دەمبردە لای دکتۆر، بۆیە لە خوێندن باش نەبوو، کە ئەنجامی باشیشی نەهێنابا خوێندنی ئیهمال دەکرد لەسەر ئەوەش باوکی لێی دەتۆرا.

**سیروان ڕەحیم: لە ماڵ هەموو کاتەکانی وەك دەرەوە بۆ سیاسەت تەرخان دەکرد، یان کاتەکانی بۆ ژیانیش تەرخان دەکرد؟**

**کافیە ڕەشید:** نەخێر، کاتی دەدایە ژیان و منداڵ و چوونە دەرەوەو میوانداری ئاسایی.

**سیروان ڕەحیم: لەکاتەکانی دیکەدا چۆن کاتەکانی بەسەر دەبرد، دەیخوێندەوە و گوێی لە میوزیك دەگرت؟**

**کافیە ڕەشید:** بێگومان دەیخوێندەوە، گوێی لە میوزیك دەگرت و کاسێتی تایبەتی خۆی هەیە.

**سیروان ڕەحیم: خۆی گۆرانی گوتووە؟**

**کافیە ڕەشید:** نەخێر، مەگەر پارچەیەك گۆرانی بچووکی بەکوردی یان تورکی گوتبێتەوە.

**سیروان ڕەحیم: گۆرانی بۆ تۆ گوتووە؟**

**کافیە ڕەشید:** ناوەڵڵا، نەختێك حەیران، لاوك و لاسایی محەممەد عارف جزراوی و ئەوانەی دەکردەوە، بەڵام گۆرانی نەگوتووە.

**سیروان ڕەحیم: لە ڕۆژانی سەرەتای ژیانی هاوسەرێتی، حاڵەتێکی سۆزداری دروستبووە کە لەبیرت نەچێت یان شیعرێکی بۆ گوتبی، بێگومان شتی وا ڕوویداوە؟**

**کافیە ڕەشید:** شیعر ناڵێت، بەڵام قسەی خۆشی زۆر بووە، گرنگی زۆری پێدەدام، ڕێزی زۆری لێگرتووم لەبەرامبەر ئەو گرنگیەی بە ئەو و بە دایکی ئەو و ماڵی باوکی خۆشم داوە، چونکە کاتێك من شووم کرد برایەکەم کاری دەکرد، چوو بۆ ئەڵمانیا بۆ 3 ساڵ، هەر من مابوومەوە، باوکیشم چووبووە تەمەنەوە، ئەگەرچی خوشکێکم هەبوو بەرگدروو بوو لە ماڵەوە، بەڵام سەرچاوە سەرەکییەکە من بووم، دوای شووکردنیشم پارەم بۆ دەناردن.

**سیروان ڕەحیم: دوای ئەزموونێکی درێژ، دوای 40 ساڵ لەگەڵ پیاوێکدا کە هەموو ژیانی بۆ سیاسەت تەرخانکردووە، ساڵانێکی زۆر لە پێگەی سەرکردایەتی**

**و سکرتێری حیزبێکی گەورەی عێراقی بووە، پەیامی تۆ بۆ ئەو ژنانە چییە کە مێردەکانیان لە سیاسەت کاردەکەن؟**

**کافیە رەشید:** هەندێکیان هەیە دۆخی ئابووریان زۆر خراپە، ژن هەیە لە ماڵەوە دانیشتووە 7 منداڵی هەیە. بۆ نموونە، بۆ بانیخێڵانی و 7 منداڵ و ژنەکەی مانگانە 7 دینار و نیویان بۆ دەنارد، ئینجا ئەو ژنە شیوعیش نەبووە، کە شووی پێکردووە شیوعی نەبووە، هەندێکجار دەیگوت، ئەگەر دەمزانی شیوعیە شووم پێنەدەکرد، دەمگوت نا ئەو یەکێکبوو لە پیاوە هەرە باشەکان و تێگەیشتووەکان، رەنگە شووت بە پیاوێکی پیشەکار یان بازرگانێك کردبا، بەڵام ئەو رێزەت نەدەبوو وەکو لای بانیخێڵانی هەتە. 7 منداڵی هەیە و حیزب 7 دینار و نیوی پێدەدا، 2 دینار و نیو دەداتە کرێی ژوورێك، هەموو منداڵەکانیشی لە قوتابخانەن. هەندێکیان لەبەر نەبوونی منداڵەکانیان خوێندنیان جێهێشتبوو. یەکێکی دیکە بووایە دەیگوت ئەمە چ ژیانێکە چیمان کرد بە خۆمان، نەخێر من لە کەشێکی ژنانە ژیام، مامۆستای سەرەتاییم، هەموومان ژنین، ژن هەیە دێت باسی کێشەی خۆی لەگەڵ پیاوەکەی دەکات، من لە شوێنی خۆمەوە کڕنۆش دەبەم بۆ ئەو پیاوەی خۆم، سەرەڕای هەموو ئەو سەختییەی لە ژیان بینیومە.

بۆ نموونە دمگوت مێردەکەت رۆژێك لە رۆژان لێیداوی؟ دەیگوت نەخێر. باشە قسەیەکی خراپی پێگوتی؟ دەیگوت نەخێر، بەڵام دەیگوت ئەمە حاڵ نییە بە دووساڵ نەیبینم، باشە زۆر شت هەیە دەمانەوێ هەمانبێت نیمانە، دەمگوت نا ئەو ژنانەی کە دێن قسەی ماڵی خۆیان دەکەن، تۆ مەمنوون دەبی کە ئەو پیاوە مێردتە یان خۆت ئەوکاتە ئەو پیاوەت هەڵبژاردووە.

**سیروان رەحیم: کاریگەری مامۆستا عەزیز وەك کەسایەتییەکی سیاسی نا، وەك مێردێك لەسەر ئێوە هەیە؟**

**کافیە رەشید:** بەڵێ، هاندەرم بووە بۆ خوێندن، ماوەیەك کە منداڵم وردبوون، دایکی ئەو بوو، پاش ئەوەی دایکم مرد ناوە ناوە باوکیشم دەهێنا بۆلای خۆم، دەوامی قوتابخانە و ماوەیەکیش بوو خوێندنم تەرك کردبوو، بەڵام ئەو پێی ناخۆشبوو، دەمگوت دە وەرە کاتێکم بۆ بدۆزەوە. کاژێر 4ی بەیانی هەڵدەستام پلانی قوتابخانەم دەنووسییەوە، بەڵام دوایی دەستم دەکرد بە خوێندن و خوێندنەوە.

**سیروان ڕەحیم: مامۆستا لەگەڵ خواردندا چۆنە؟**

**کافیە:** هەرچی خواردنێکی بدەینێ ناڵێت نا.

**سیروان ڕەحیم: خواردنێکی دیاریکراو نییە کە زۆر حەزی لێبکات؟**

**کافیە:** ڕەنگە زۆر حەزی لە یاپراخ بێت، ماست، نانی تیری.

**سیروان ڕەحیم: خۆی خواردن دروست دەکات یان نازانێت؟**

**کافیـە:** خـۆی ئەگـەر بەتەنیـا بێـت خـواردن دروسـت دەکات، نیسـك بۆخـۆی دروسـت دەکات. ئـەو ڕۆژە دەڵێـت ئەمـڕۆ دەیکـەم دەیخەمـە نـاو سـەلاجە، ئەگـەر هـەر خـۆم لـە ماڵـەوە بـووم ئـاوی تێدەکـەم و بۆخـۆم گەرمـی دەکەمـەوە. یـان تەماتـە و پیـاز سـوور دەکاتـەوەو دوو هێلکـەی لەسـەر دادەنێـت.



عەزیز محەممەد، سوێد پاییزی 2000



عەزیز محەممەد و سیروان رەحیم، سوێد پاییزی 2000



کافیە ڕەشید، سیروان ڕەحیم و عەزیز محەممەد. سوێد پاییزی 2000



سیروان رەحیم، کافیه رەشید و عەزیز محەممەد. هەولێر پاییزی 2008



سیروان ڕەحیم و عەزیز محەممەد هەولێر پاییزی 2008



هاوژینی عەزیز محەممەد کافیە رەشید، عەزیز محەممەد و سیروان رەحیم. هەولێر پاییزی 2008